

# بەشێک لە دیمانە، لێدوان و وتارەکانی

## هاوڕێ بێهزاد قادری

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


١- کەماڵ کەریمی: کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە نارەزایەتی و ڕاپەڕیندا(دیمانە)............ ٣

٢- شاهۆ حوسێنی: مامۆستای کورد (مامۆستای قوتابخانەکان) و پرسی نەتەوەیی(وتووێژ).......................... ١٠

٣- ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە جیهان و لە ئێراندا................................................... ١٤

٤- ڕاپۆرتی RSF و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ڕۆژنامەنووسی لە ئێران................................... ١٩

٥- ڕۆژی جیهانیی ژینگە و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ژینگەی ئێران...................................... ٢٤

٦- کۆنترین گوندەکانی باشووری کوردستان.............................................................. ٢٨

٧- پەرەسەندنی گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی.............. ٣١

٨- ژینگەی کوردستان و زاگرۆس لە لێواری لەنێوچووندایە.......................................... ٣٤

٩- پەرەسەندنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان...................................... ٣٨

١٠- لە پێناو گەشەی وشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا................................................. ٤١

١١- نەورۆز و خەبات بۆ ناسنامە.................................................................... ٤٥

١٢- کورد و بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی کوردستان............................................. ٤٨

١٣- کەلکوەرگرتن لە "بلاگەر"ەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی داگیرکاری لە کوردستان.......................... ٥١

- شرۆڤەی دەروونناسیی کەسایەتیی د. قاسملوو..................................................... ٥٦

١٥- ژینگەپارێزی لە کوردستان، جۆرێکە لە بەرخۆدانی نەتەوەیی و دژەداگیرکاری................................ ٦٠

١٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و پرسی ژینگە.................................................. ٦٣

١٧- پێشمەرگە و ناسنامە.......................................................................... ٦٩

١٨- سەرنجێک لەسەر وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پارلمانی ئورووپادا............................ ٧٣

١٩- بڕینی ئینتەرنێت لە ئێران؛ قەیرانێکی فرەڕەهەند و پاشهاتە قووڵەکانی.................................. ٧٦

٢٠- قەیرانی "ناسنامەی نیشتمانی" لە دەورانی تازەلاوی و لاوێتیدا لەنێوان گەلانی داگیرکراودا....................... ٧٩

٢١- بەرەی نوێی پێشمەرگەکانی کوردستان............................................................. ٨٣


٢٢- کەلکوەرگرتن لە "بلاگەر"ەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی داگیرکاری لە کوردستان - قەندیل پرێس.................. ٨٥

٢٣- لە شەقامەوە بۆ ڕێکخستن........................................................................ ٩٠

٢٤- لە یادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا؛ ڕۆڵی نەوەی نوێ لە پێناسەکردنەوەی سیاسیی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا............ ٩٢

٢٥- پەیامی "بێهزاد قادری" سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان، بە بۆنەی ٨٣یەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراو...... ٩٥

# کەماڵ کەریمی: کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕیندا




**دیمانە: بێهزاد قادری**

**ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی تەواوەتیی ڕێژیم لە سێهەمین حەوتووی خۆیدایە. ئەم ڕاپەڕینە هەتا دێ پتر لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا پەل داوێ و هەنگاوەکانی بەرەوپێش دەبڕێ. خامنەیی پاش هەموو ئەو ڕۆژانە لە کۆبوونەوەیەک لەنێو هێزە سەربازییەکانیدا ئەو ڕووداوانەی بە کەمبایەخ دانا و بڕیاری خڕکردنەوە و سەرکوتکردنی دا. لە پێوەندی لەگەڵ دواگۆڕانکارییە سیاسییەکانی وڵاتدا و تاوتوێی دوورەدیمەنی ناڕەزایەتییەکان "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کەماڵ کەریمی، ئەندامی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە:**

**بێهزاد قادری: خامنەیی لە بارودۆخی ڕاپەڕین و هەستیاری ئێستادا لە زانکۆی ئەفسەری دەرکەوت و قسەی کرد. ئەم بابەتە چۆن لێک دەدەنەوە؟ بۆ چی لە زانکۆی ئەفسەری؟**

**کەماڵ کەریمی: ڕاستییەکەی نزیکەی سێ حەفتەیە کە ئەم خۆپیشاندانانە، بە بەردەوامی لە ئێران بەڕێوە دەچن، هەر ئەوەی کە لەو ماوەیەدا خامنەیی لە هیچ شوێنێک دەرنەکەوت بۆ خۆی زۆر جێگای پرسیار و گومان بوو، ئایا ترس و نیگەرانی بوو لەوەی کە دەرکەوێت، یا نەیدەزانێ چی بڵێ، یا بەرفراوانیی خۆپێشاندانەکان ئەوەندە زۆرە کە جێگەی**

قسەی بۆ خامنەیی نەهێشتبۆوە، یا شتی دیکە. بەڕاستی زۆر زۆر گرینگ بوو، ئەمەش کە دوێنێ دەرکەوت و ئەوەش دیسان زۆری گومان لەسەرە، لە ڕاستیدا هەست کرا کە تەواو دەرکەوتنێکی نمایشی بوو، چون ئەگەر گوێ لە قسەکانی خامنەیی دەگری، هیچ بابەتێکی تایبەتی نییە و جیا لە هەڕەشە و دەسخۆشی لە هێزە ئینتیزامییەکان و جیا لە پشتگیری لەو کوشتارانەی کە دەکرێ و بە قەولێک هاندانی هێزەکانی ئینتیزامی و سپا بۆ ئەوەی کە بەرەوڕووی خۆپێشاندەران ببنەوە، لە ڕاستیدا دەرکەوتنی لەو شوێنە ڕەنگە زۆرتر شتێکی نمادین بێ، بەڵام زۆرتر ئەوە دەردەخات کە خامنەیی بۆ خۆی لەو مەوقعیەتەدا نییە کە ئێستا لە شوێنێکی بەرفراوانتر یا شوێنێکی گەورەتر یا لە شوێنێکی ڕەسمیتر دەرکەوێت. ئایا خامنەیی ئێستا لە چ شەرایتێکدایە کە ناوێرێ بچێتە شوێنی وا زۆر پرسیاری لەسەرە، بەڵام دیسانیش هەر ئەم دەرکەوتنەی نیشانی دا کە خامنەیی لەڕاستیدا بەو توانایی و بەو گوڕوتینانەی کە پێشتر لە ساڵەکانی ڕابردوودا دەهات لەسەر خۆپێشاندانەکان قسەی دەکرد، دیسانیش ئەو تواناییەی لێ نەبینرا و ئەو گوڕوتینەی کە هەیبوو لە بەرخورد کردن و لە جۆری قسەکانی جۆرێک لە نیگەرانیی یەکجار زۆری پێوە دیار بوو و دەرکەوت کە ئێستا خامنەیی لە مەوقعییەتێکدا نییە کە جیا لە هاندان بۆ سەرکوت هیچ ڕێنماییەکی هەبێت بۆ هیچ لایەنێک.

**بێهزاد قادری**: خامنەیی ئەمجاریش ناڕازییانی ئێران و کوردستانی بە ئاژاوەچی و خائین و پیلانگێڕیی وڵاتانی دوژمن و دەستی دەرەکی ناو برد. بۆچی خامنەیی هەمیشە بەم شێوەیە خەڵکی ناڕازی پێناسە دەکا؟ کەی قەرارە دەنگی ئەوان ببیستێ؟ پێوەندیی ڕاپەڕینی خەڵک و دروشمەکانی ڕاپەڕین و ویستەکانی خەڵک لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل چییە کە خامنەیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەگەر تەواوی قسەکانی ساڵەکانی ڕابردووی خامنەیی لەگەڵ ئەوجارەی بە بەری یەک بگرین، دەبینین کە کۆمەڵێک سەردێڕن کە بەردەوام دووپاتەیان دەکاتەوە، واتە حەشیمەتی چەندین میلیۆنیی ئێران بەستراوە بە دەرەوەن، هەر خۆپێشاندانێک لە ئێران بە هاندانی ئامریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی بەڕواڵەت دوژمنی ئێرانن، ئەوەی کە خۆپێشاندان دەکا بەشێکی بەکرێگیراوی بێگانەن و لە دەرەوە هان دەدرێن و بەشێکیشی هەڵفریوان و نازانن، یانی هیچ گۆڕانێک لەم سەردێڕانەدا بەدی ناکەی، لە ساڵی ٩٦، لە ساڵی ٩٧، لە ساڵی ٩٨، لە ١٤٠٠ ، لە ساڵی ١٤٠١ ئەگەر سەرنج دەدەیتە سەر قسەکانی لە واقیعدا ئەمە مانشێتی قسەکانیەتی، هەموو یەک شتە کە ناگۆڕدرێ، هۆکارەکەشی دیارە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ناتوانن بەرخوردی فکری بە خۆیان بکەن کە هۆکارە ڕاستەقینەکەی ئەم خۆپێشاندانانە دەردەخا، کە سەرچاوەی ئەم خۆپێشاندانانە نە دنیای دەرەوە بەڵکوو خودی جمهووریی ئیسلامییە، خودی نیزامە کە بە دروستکردنی ئەو هەموو موشکیلاتە کە لە ئێراندا بەهۆی ئەوانەوە دێتە پێشەوە ئەو خەڵکە دێنە خیابانەوە، بۆ ئەوەی کە خۆی دوور بخاتەوە، هەمیشە لە هەندێ کێشە و گیر و گرفتەکانی خەڵکی ئێران بەگشتی، کە خودی ڕێژیم سەرچاوەی دروسکردنیەتی بە ناچار پەنا دەباتە بەر ئەم سەردێڕانە کە ئەوە دەزگای CIA ی ئامریکایە، ئەوە سەهیۆنیستەکانن،

تەنانەت دوێنیش باسی عەرەبستانی سعوودیی کرد. قەتیش نایە بەرخورد بەوە بکا کۆمەڵگەیەک کە بە دەیان میلیۆن جیرەخۆر و بەکرێگیراوی بێگانەی لێ بێ، دیارە کە کۆمەڵگەیەکە کە لەگەڵ ئەوان نەماوە، بەڵام بۆ خۆ دوورخستنەوە لە واقێعی مەسەلەکە و بۆ خۆ دوورخستنەوە لە باس لە سەر ئەسڵی کێشەکان هەمیشە هەوڵ دەدات کە پێی بێگانە بێنێتە نێو مەوزووعەکە، لە واقیعدا ئەمەش جۆرێک دنەدانی ئەو هێزە بونیادگرایانەیە بێ کە لە دەوری خۆیدا ماون، کە ئەویش ئێستا ئیتر زۆریش ئەو جۆر بیرکردنەوە لە دەوری نەماوە، زۆرتر بۆ تەحریکی ئەمانەیە بۆ ئەوەی کە سەرقاڵی مەسائیلی دەرەوەیان بکا، وا بکات کە ئیتر ئەمەیان لە بیر بەرێتەوە کە لە واقیعدا ئەمانیش بەشێکن لەو خەڵکە و موشکیلاتێکیان هەیە کە ئەوانیش خۆیان لەگەڵیان دەرگیرن.

**بێهزاد قادری**: کوردستان و بەلووچستان لە قسەکانی خامنەییدا بۆڵد بوو. لە کاتێکدا ڕاپەڕینەکان هەموو ئێران، تەنانەت قوم و مەشهەدیشی گرتۆتەوە، بۆچی خامنەیی بەتایبەت باسی ئەم دوو ناوچەیە دەکات؟

**کەماڵ کەریمی**: لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی کۆمەڵگەی ئیران لە تەوەهۆمێکدا ڕابگرێ ، ئەویش تەوەهۆمی جوداییخوازی و لە نەزەری ئەوانەوە تەجزیەی ئێرانە، کە ئەم دوو شوێنەش بە بەردەوامی و بەتایبەت کوردستان شوێنێک بووە کە بە بەردەوامی قسەیان لەسەر کردوە و بە بەردەوامی خەڵکی ئێرانیان پێ ترساندوە. لەم وەختەدا لەڕاستیدا دەیانەوێ بە زەقکردنەوەی ناوی ئەم دوو شوێنە دیسان ئەو سیاسەتە وەبیر خەڵک بێننەوە کە ئەوە مەترسییەکە لە جێگای خۆیدایە کە ئەوان ساڵانیکە باسی کوردستان و بەلووچستان دەکەن، بەتایبەت کوردستان کە دەڵێن دەیانهەوێ ئێران تەجزیە بکەن، دەیانەوی تەداعیی ئەو فکرە بکەنەوە بۆ خەڵک کە ئەوە دیسان لەم دوو شوێنەیە کە دیسان کێشەکە گەورەتر بووەتەوە، لەحاڵێکدا کە ئەو چەندین جار وڵامەکەی وەرگرتۆتەوە، ئەو میللەتە شەریفەی کە ئەو باسی دەکات، کە دەڵێ میللەتی کورد میللەتێکی شەریفن، هەر لەو دوو سێ حەفتەی ڕابردوودا دوو جار نیشانیان دا بە مانگرتنی گشتی کە ئیتر ئەم میللەتە شەریفە لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی نییە و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران نیشانی داوە کە ئەم میللەتە بیر لە جیابوونەوە و بیر لە دابەشبوونی ئێران ناکاتەوە، بەڵکوو هەماهەنگیی خەڵکی کوردستان و خەڵکی بەلووچستانیش لەگەڵ شارەکانی دیکە لە دروشمەکانیاندا دیارە کە زۆرتر باس لە ئازادی دەکەن. بیرە نەتەوەییەکە لە جێگای خۆی، بەڵام ئێستا هەموو خەڵک بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خامنەیی لە ڕاستیدا لەسەر ئەوە کۆکن کە لە قۆناغێکدان کە دەبێ بیر لە ئازادی بکەنەوە و دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

**کوردستان**: ئەگەر خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ قسەکانی خامنەیی بکەن، پێتان وایە ئەم دەرکەوتنە چی لە دۆخەکە دەگۆڕێ؟

**کەماڵ کەریمی**: بەدوای قسەکانی دوێنێی خامنەیی و بە دوای ئەو هەموو تەحریکە و بەدوای ئەو هەموو جۆرێک ڕوو لە



سەرچاوە
Serchawe

خەڵک کردنەکەی کە خەڵک ئەوە نەکەن، هەر ئەوڕۆ دەرکەوت کە خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەکان بە قسەکانی دوێنێی خامنەیی نەداوە، جیاواز لەوەی کە لە زانکۆکان خۆپێشاندان و مانگرتن بەردەوامە، هەر دوێنێ دوای قسەکانی خامنەیی بە دەیان مامۆستای زانکۆ بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و هێندێک داواکارییان کردووە، هەر ئەمرۆ دەبینین نەتەنیا لە زانکۆکان، لە زۆر ناوچەکانی ئێران و تەنانەت لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان مانگرتن و نەچوونە سەر کلاس کێشاویەتە نێو دەبیرستانەکان، هەر دوای قسەکانی خامنەیی خەبەر بڵاو بۆتەوە کە لە ئیسفەهان بەشێک لە بازاڕی ئیسفەهان داخراوە، لە ڕاستیدا دەردەکەوێ کە ئێستا ئیتر خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەک بەوە نادەن کە خامنەیی چی دەڵێ، بەڵکوو ڕێگایەکیان گرتۆتە پێش کە پێیان وایە دەبێ ئەو ڕێگەیە بپێون و بە ئەنجامی بگەیەنن ئەویش لەکۆڵکردنەوەی خامنەیی و نیزامەکەیەتی لە سەر کۆمەڵگەی ئێران.

**بێهزاد قادری**: ئەگەر بێینە سەر دۆخی ئێستای وڵات، هەمیشە باس لەوە دەکرا کە نەبوونی ئالترناتیڤ یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیمە. ئایا ئێستاش دەکرێ ئەو بۆچوونە بەهێز بێت؟ ئایا شەقام لە ئێستادا وێنایەک لەو ئاڵترناتیڤە نادا بەدەستەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەمە ڕەنگە وڵامێکی دوو لایەنەی هەبێت، بەڵێ ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی بەهێز هەبوایە لەم خۆپێشادانەدا و ڕاستەوخۆ بیتوانیایە ڕێبەریی ئەم خۆپێشاندانانە بکات، چونکە خۆپێشاندانێکی ئاوا بەربڵاو پێویستی بەوەیە کە بەرنامەڕێژیی بۆ بکەی و هیدایەتی بکەی و لانیکەم ڕوانگەکانی بەنیسبەت داهاتووەوە بۆ خەڵک ڕوون بێت، ئەمانە هەموو کێشەیەکن کە تا ئێستاش ڕەنگبێ هەبێ. هەرچەند ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵی خۆی هەبووە و لە زۆر ڕێگاوە توانیویە دەنگی خۆی بە خەڵک بگەینێ، بەڵام لە لایەکی تریشەوە دەبینین لە ئێران مودیرییەتێک هەیە بۆ خۆپێشاندانەکان، کاتێ ئەبینین لە زانکۆیەکی ئێراندا خۆپێشاندان دەست پێ دەکات، ئەو پەیامە دەگاتە زانکۆکانی دیکە و پشتیوانیی لێ دەکەن، لە واقیعدا حەرەکەتە سێنفییەکان لە ئێراندا ئەمرۆ لە ئاستی زانکۆکان، لە ئاستی مامۆستایان و فەرهەنگییاندا بەتایبەتی و ئەمە کە بەدڵنیاییەوە دەکێشرێتە ڕیزەکانی تر بۆ خۆی دەتوانێ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێ و مودیرییەتی ئەم حەرەکەتانە بکا لەم بەشانەدا، هەتا ئەوکاتەی کە دەکرێ یەکگرتوویەک لە نێوان خۆیاندا درووست بکەن و لە واقیعدا ببێتە حەرەکەتێکی هەمەلایەنە و هەماهەنگ لە نێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا. بەڵام هەر شۆڕشێک قۆناغگەلێک دەبڕێ، شۆڕش شەرت نییە ڕاستەوخۆ و لەلایەن ئۆپۆزسیۆنێکەوە بەرنامەی بۆ دابڕێژرێ و هیدایەت بکرێ، شۆڕش قۆناغەکانی خۆی دەبڕێ و لێرەدایە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی ئەساسیی خۆی بگێڕێ، بەڵام ئێستا و لەم قۆناغەی ئێستای ئێراندا یەکێک لە شتە پێویستەکان ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە ڕاستیدا لەگەڵ بەشە چالاکەکانی نێوخۆی وڵات بتوانن هەماهەنگی بکەن و ئەمە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی کە نەخشی ڕێبەری لەئەستۆ بگرن لە ئەم حەرەکەتانەی ئێراندا، کە بەدڵنیاییەوە من پێم وایە قۆناغی یەکەمی بڕیوە.

**قۆناغی یەکەم** زۆر گرینگە کە کۆمەڵگە بتوانێ لەم حەرەکەتە بەردەوام بێت و بەرەبەرە گەشەی پێ بدات ئەم قۆناغە بڕدراوە. ئێستا ئیتر کۆمەڵگەی ئێرانی گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە حەرەکەتەکانی خۆی، بە ڕای من ئەم خاڵە زۆر زۆر گرینگە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەرتری هەبێت، دەتوانێ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو بەشە چالاکەی نێوخۆ کە دەوری کاریگەرییان هەیە دەتوانێ هەماهەنگی بکەن و ڕێبەریی ئەم بزووتنەوەیە بکەن هەتا کۆتاییهێنان بە ئەرکەکەی کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە بباتە سەرەوە.

**بێهزاد قادری**: کەمایسییەکانی ئێستای ئەو ڕاپەڕینە لەچیدا دەبینن؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕەنگە نەکرێ لەو دۆخەی کە ئێران تێیدایە بەتایبەت لە هەندێ ناوچەکاندا کە هەوڵی داوە تەنانەت حکوومەتی نیزامی بسەپێنی بە سەر ناوچەکاندا، وەکوو کەمایەسی باسی بکرێ، چون نیگەرانییەکانی خەڵک هەست پێ دەکەین و دەزانین لە هەموو شوێنێ بەداخەوە دەزگای سەرکوت چالاکە و دەبینین لە شوێنی جۆراوجۆر لە ئێران کەس دەکوژێ، دەسبەسەرکرانەکان یەکجار زۆرە، بەتایبەت لە یەک حەفتەی ڕابردوودا، بینیمان کە خەڵکێکی زۆر ناسراو لەنێو هونەرمەندان، لەنێو نووسەران، لەنێو چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەسبەسەر کراون و لە کۆمەڵگە دووریان خستوونەتەوە، کە ئەوە بۆ خۆی کاریگەریی نێگەتیڤی خۆی دەبێت، بەڵام ئەگەر بڵێم یەکێک لە کەمایەسییەکان گەیاندنی پەیامێکی گشتییە بۆ کۆمەڵگە کە دەبێ هەموو بە یەکەوە حەرەکەت بکەن، ئێمە ئێستا لە هەموو زانکۆکاندا ئەم حەرەکەتانە دەبینین، کە هەماهەنگییەکی باش لەئارادایە، بەڵام لە نێوان شارەکاندا، لە ناڕەزایەتیی سەر شەقامەکاندا ئەم هەماهەنگییەی ئێستا بەتەواوی نییە، دەبینین لە هەندێ شاردا بە بەردەوامی ئەم حەرەکەتانە هەیە بەڵام لە شارەکانی تر بە شێوەی مەوزەعی یان کاتی ئەم حەرەکەتانە هەیە، ئەگەر ئەمە پڕ بکرێتەوە و هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی کە خەڵک ئەم پەیامە وەربگرن، هەماهەنگییەک دروس ببێ لە نێوان هەموو شارەکاندا، هاوکات پێویست ناکا بە توندوتیژی بێ، دیسان جەخت دەکەینەوە، حەرەکەتگەلێکی ئارام لە هەموو شارەکاندا بەیەکەوە درێژە بدرێت بێگومان تواناییەکانی سەرکوتیش دیسان کەم دەبێتەوە.

دوێنێ هەواڵمان پێ گەیشت لە هەندێ شوێنی کوردستان هێزە تایبەتەکانیان کێشاونەتەوە بۆ تاران، لە ڕاستیدا دوو هۆکاری هەیە، یەکیان ئەوەی کە وا دیارە لە تاران فشارێکی یەکجار زۆر لە سەر هێزە سەرکوتکەرەکان هەیە و بەشێکی ڕەنگبێ ئەوە بێ ئەو هێزەی لەوێ هەیە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو هەموو خۆپێشاندەرانە نییە، بەشێکیشی ئەوەیە کە ڕەنگبێ لەو شوێنانە ئەو فشارەی کە پێویستە لە سەر ئەوان نییە. ئەگەر یەکێک لە کەمایەسییەکان ئێستا ببینین لە ڕاستیدا ئەوەیە کە هەماهەنگییەکی باش لە نێوان هەموو شارەکاندا نییە، دیارە لە زۆر شاری ئێران ڕۆژانە ئەمە بەڕێوە دەچێ بەڵام سروشتییە ئەگەر ئەمە پەرە بگرێ و لە هەموو شارەکان بە بەردەوامی ئەم ڕێپێوان و خۆپێشاندانە ئارامانە بەڕێوە بچێت بێگومان ئەوانیش ماندووتر دەبن، و ئەوانیش توانانی سەرکوتیان دێتە خوارەوە و بەرەبەرە تووشی



سەرچاوە
Serchawe

هەڵوەرین دەبن، ئەگەر شتەکە گشتگیرتر بێ لەوەی کە ئێستا هەیە، دووەمیان ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ئێستا ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات دەبێ هەماهەنگیی خۆی نیشان بدات، ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات پێویستە هەماهەنگ بێت و پەیامێکی هاوشێوە و هاوبەش بدات بە خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بزانن پەیام لە کوێ وەردەگرن و بزانن مەسیری حەرەکەتیان بە کوێ دەگات.

**بێهزاد قادری**: دوورەدیمەنی ڕاپەڕینەکە چۆن دەبینن؟ ئەرک و بەرپرسایەتییەکان چین و لەئەستۆی کێن؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕەنگە زۆر شت پێشبینی نەکرێ بەڵام، ئەم حەرەکەتەی ئەمساڵ کە لە ڕاستیدا وەک ڕاپەڕینێکی گشتیی بەخۆیەوە گرتوە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی تردا هەڵدەسەنگێنین. لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا زۆر خۆپیشاندانی گەورەمان بینیوە لە ئێراندا، لە خۆپێشاندانی خوێندکاران لە ساڵی ٧٨دا دەستیان پێ کرد و بە بەردەوامی دواتر هەتا ساڵی ٨٨ و ٩٦، ٩٧ و ٩٨ و هەتا ئەمساڵیش، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ئەمانەدا چاوی لێ بکەین، ئینسان گەشبینتره بەنیسبەت داهاتووی ڕاپەڕینەکە، ئەگەر دەڵێین ئەمەیان ڕاپەڕینە و جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، بەو مانایەیە کە ئێستا ئەمەیان گشتگیرترە لە هەموو حەرەکەتەکانی تر، ئەگەر پێشتر خۆپێشاندان بوو لە ناوچەگەلێکی تایبەت، لە شارێکی تایبەت دەبینین کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕاپەڕینی گشتیی هەموو خەڵکی ئێرانە، لە بەلووچستانەوە هەتا ئازەربایجان، لە مەشهەدەوە هەتا خووزستان، لە باکووری ئێرانەوە هەتا بەندەرعەباس، ئیتر شوێنێک نەماوە کە ئەم حەرەکەتەی تێدا نەبینیت، ئەمە ڕەنگە بۆ خۆی ئومێدێکی زیاتر بدات بە هەموو ئەوانەی کە هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ ئەم ڕاپەڕینە، بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارن، ئەمن پێم وایە ئەمەی کە ئێمە ئێستا پێی دەڵێین ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەتوانێ هیوادار بێ داهاتووی خۆی، هەرچەند دەڵێم، زۆر شت پێشبینی ناکرێ بەڵام ئەوەی کە دەزانین نیزامی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی لاوازیدایە، دەزانین هێزە سەرکوتکەرەکانی توانای ئەوەیان نییە کە ڕووبەڕووی هەموو خەڵکی ئێران ببێتەوە و بەردەوام ڕیزش دەکات، تەنانەت چەندە ڕاست بێ یا نا، دەبینین ڕۆژانە پەیام لە فەرماندە نیزامییەکانەوە بڵاو دەبێتەوە کە واز لە سەرکوت دێنن. تەنانەت باس لە فەرماندەکانی هەرەبەرزی ئەرتش دەکرێ لە یەک لەوان بینیمان لە کۆبوونەوەکەی خامنەییشدا حزووری نەبوو. ئەوە ئەمە دەردەخات کە ئەگەری هەیە دەسبەسەر کرابێ یا بۆخۆی بەشداریی نەکردبێ، ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە؛ لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم کە ئەگەر ئینسان دەڕوانێتە داهاتووی ئەم ڕاپەڕینە، ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان ئەم ڕاپەڕینە و خۆپیشاندانەکان و ناڕەزایەتییەکانی ساڵەکانی پێشوو دەیبینین جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەمە بەربەرینە و بەرەو ئایندەیەکی ڕوون دەڕوا و تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ئەم هەماهەنگییەک لە نێوان خەڵکدا لە ئێران بپارێزرێ، لە ڕاستیدا ئەم حەرەکەتە بەم هەماهەنگییەوە درێژە بکێشی کە بەدڵنیاییەوە درێژە دەکێشی، ئەگەر ئەمە هاندەر بێ بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە نێوان خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن، ئەو بەشە چالاکەی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی لە نێو خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن و پەیامێکی ڕاستەوخۆ

بدەن بە خەڵک. من پێم وایە ئەم دوو شتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ڕاپەڕینە ئاکامێکی ئەرێنی بە دوای خۆیدا بێنێت و بگاتە ئەو ئاکامەی کە بتوانێ زیاترین فشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایە کە کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا تووشی ڕووخان بکات، ئەمە ڕەنگە وەکوو ئەوەی خامنەیی باسی دەکا هیچ پێویستی بە دەستێوەردان و پاڵپشتیی دنیای دەرەوە نەبێ، ئێمە بینیمان لە دنیای دەرەوە بە میلیۆنان کەسی ئێرانی و خەڵکی پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی گەلانی ئێران هاتنە مەیدان، لە زیاتر لە ٢٠٠ شار لە یەک ڕۆژدا لە مەیدانە گەورەکانی شارە گەورەکانی دنیادا خۆپێشاندانیان کرد، ئەمە بۆ خۆی دەتوانێ پشتیوانییەکی مەعنەوی بێت، ڕەنگە نارەزایەتییەکانی دەوڵەتە ئورووپاییەکان و ئامریکاییەکان کە خامنەیی بە دەستێوەردانی ناو دەبات کاریگەریی هەبێت تەنانەت کاریگەیی لەسەر سیاسەتی ئەوان و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی ئەوان لەگەڵ ئێران بکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە گرینگە پشتیوانیی خەڵکە لە هەموو دنیادا لەم ڕاپەڕینە.


دەبینین کە تا ئێستا هەشتەگی مەهسا ئەمینی نزیکەی ٢٢٠ میلیۆنی تێپەڕاندوە، ئەمە ئەم پشتیوانییەیە کە یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بتوانن درێژە بە حەرەکەتەکەیان بدەن و ئەم هاوپێوەندییە گشتییەیە، پشتیوانیی خەڵک لە دنیادا نە دەوڵەتەکان، بە ڕای من هۆکارێکی گرینگە کە خەڵک لە ئێراندا هان بدات کە درێژە بەو حەرەکەتەیان بدەن. بۆیە دەبێ بە هیواوە چاو لەم حەرەکەتە بکەین، هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی لە دوای هاتنەسەرکاریەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئاوا و بەرەوڕووی ڕاپەڕین نەبووەتەوە، ڕەنگە ڕووبەڕووی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و زۆر شت بووبێتەوە. لە ساڵی ٨٨ دا بینیمان ساڵ و نیوێک درێژەی کێشا بەڵام لە ڕاستیدا چون سنووردار بوو و شێوەیەک نارەزایەتیی بە یەک شتی تێدا بوو ئەویش ئەوەی کە "دەنگی من چی لێ هات"، لە ڕاستیدا نەیتوانیوە ببێتە دەنگی گشتیی خەڵکی ئێران بەڵام ئێستا مەسەلەی ئازادی بۆ ئێران و ئەم دروشمە جوانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، کە کەوتووەتە سەر زاری هەموو ئێرانییەکان و ئەو هاوپێوەندییە کە لە نێوان ئێرانییەکان درووس بووە، کە زەمانێک دەڵێن لە کوردستان تا تاران و ئێستا دەڵێن لە بەلووچستان تا تاران، لە تەورێز دروشمی هاوپێوەندی لەگەڵ کوردستان دەردەکەن، لە ڕاستیدا من پێم وایە، ئەمانەن کە دەتوانن زیاتر هیوادارمان بکا کە داهاتووی ئەم حەرەکەتە ڕوونە و بە ئاکام دەگات.

**بێهزاد قادری**: سپاس کە لەو بارودۆخەدا کاتت بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**کەماڵ کەریمی**: ئێوەش ماندوو نەبن کە لەو دۆخەدا نەتانهێشت دەنگ و ڕەنگی حیزبی دێموکرات لەکار بکەوێ و ئەو شوێندانەرییە گرینگەی هەبێت.

**١٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٢**

## شاهۆ حوسێنی: مامۆستای کورد (مامۆستای قوتابخانەکان) و پرسی نەتەوەیی - وتووێژ



مامۆستایان شوێندانەرترین چینی کۆمەڵگەن بەهۆی ئەوەیکە لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگە لە پێوەندیدان، هەروەها هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵگە هێندەی چینی مامۆستایان پێوەندیی بەربڵاو و قوڵیان لەگەڵ کۆمەڵگە نییە. لەلایەکی ترەوە چاوخشاندنێک بە مێژووی هاوچەرخی کوردی نیشانی داوە کە بەشێکی هەرەزۆری ڕێبەران و پێشەنگانی خەباتی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کورد مامۆستایان بوون و لەم ڕێیەدا مامۆستاگەلێک شەهید، ئەشکەنجە و زیندانی کراون؛ بەڵام لە ئێستادا مامۆستایانی کورد لە پرۆسەی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لەنێو قوتابییاندا چ ڕۆڵێکیان هەیە؟

لەم وتووێژەدا لەگەڵ کاک "شاهۆ حوسێنی"، مامۆستای پێشوو لە قوتابخانەکانی کوردستان، دەپەرژێینە سەر بابەتی "مامۆستای کورد و پرسی نەتەوەیی":

**بێهزاد قادری:** گرینگیی پرسە نەتەوەییەکان بۆ گەلی کورد چییە و لەو نێوانەدا مامۆستایانی کورد (مامۆستای قوتابخانەکان) چ ئەرکێکیان لەسەر شانە؟

**شاهۆ حوسێنی:** دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێ و دەسەڵاتە ڕەچەڵەکخوازەکانی دژە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو بەهۆی دەرکەوتنی ئایدۆلۆژییە پاوانخوازەکان کە بۆ پەرەی هێژمۆنی و دەوامی دەسەڵاتی خۆیان بە هەموو شێوەیەک هەوڵی

سڕینەوە و تواندنەوەی کوردیان دەدا، لە بەرامبەردا هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەخواز و ڕووناکبیرانی کورد بوو بەهۆی پەرەی نەتەوەخوازیی کوردی و پووچەڵکردنەوەی سیاسەتی بەرهەمهێنانی کوردێکی دەستەمۆ و ئۆبژە. ئەم خەبات و تێکۆشانە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە تا ئەمڕۆکە بەردەوامە و دەشێ بوترێت کە خەباتی نەتەوەیی بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و پاراستنی شوناس و بوونی تاکێتی کورد سەرەکیترین و گرینگترین دیاردەیە. ئەم گرینگایەتییە بە ڕادەیەکە کە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە بەوپەڕی هەستیارییەوە چاو دەبڕێتە پرسە نەتەوەییەکان و ئەمان وەک ڕایەڵی پاراستنی یەکگرتویی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی چاو لێ دەکات. گرینگیی دەور و نەخشی مامۆستایان لەم ناوەدا بێگومان گرینگترین دەورە، بەهۆی ئەوەیکە مامۆستایان لەلایەک هەڵگر و خاوەنی گەوهەر و زانستی ئاکادێمیک و بەڕۆژن، بەشی هەرەزۆری مامۆستایان لە ڕووناکبیران و چالاکانی بوارەکانی سیاسی و مەدەنیی کۆمەڵگەن و بە جۆرێک وەک هەڵکەوتە دەوری ڕێنوێن و پێشەنگ دەگێڕن، لەلایەکی ترەوە مامۆستایان لەگەڵ دوو چینی هەستیاری کۆمەڵگە لە پێوەندیی نزیک و بەردەوامدان، سەرەتا چینی منداڵ و مێرمنداڵ کە مامۆستایان دەتوانن بیانکەنە خاوەن ژێرخانێکی نەتەوەیی و بۆ دوارۆژ جیلێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بەرهەم بهێنن. لەلایەکی ترەوە لەگەڵ چینێکی لاو لە پێوەندیدان کە بە حوکمی لاوەتییان هەستێکی ڕادیکاڵ و خاوەن هەستن و دەتوانن دەور و نەخشێکی گرینگ لە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەدا بگێڕن.

**بێهزاد قادری**: چینی مامۆستایان لە پرۆسەی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لەنێو قوتابییاندا چ ڕۆڵێکیان هەیە و چەندە دەتوانن لەسەر منداڵانی کورد کاریگەر بن؟

**شاهۆ حوسێنی**: بە حوکمی ئەوەیکە مامۆستایان لە پێوەندییەکی بەردەوام و نزیکدان لەگەڵ قوتابییان، ئەم پێوەندییە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە پەروەردە و پێگەیاندنی قوتابییان، قوتابییان زیاتر بیسەریان لە مامۆستایان هەیە و مامۆستا لای قوتابییان کەسایەتییەکی کاریزماتیکی هەیە، لەم ڕووەوە توانایی هاندەری و بزوێنەریی قوتابییان لەلایەن مامۆستایانەوە زۆر زیاترە تاکوو بنەماڵە، ئەمەش بۆ تایبەتمەندی، شوناسی تایبەتی مامۆستایان و دەوری مامۆستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەگەڕێتەوە، لە ڕاستیدا چاوخشاندنێک بە مێژووی هاوچەرخی کوردی نیشانی داوە کە بەشێکی هەرەزۆری ڕێبەران و پێشەنگانی خەباتی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کورد مامۆستایان بوون و لەم ڕێیەدا مامۆستاگەلێک شەهید، ئەشکەنجە و زیندانی کراون. لە ڕاستیدا بەشێکی هەرەزۆری قورسایی خەباتی نەتەوەیی کورد هەر لە پێشەنگایەتی، ڕێبەرایەتی و پێگەیاندن، لەسەر شانی مامۆستایان بووە.

**بێهزاد قادری**: مامۆستایانی کورد بۆ گۆڕینی هەستی نەتەوەیی قوتابییان بۆ بیری نەتەوەیی دەبێ چی بکەن؟

**شاهۆ حوسێنی**: بێگومان هەستی نەتەوەیی بنەما و ژێرخانی بیری نەتەوەییە، واتە هەر هزر و ئەندێشەیەک سەرەتا

هەستێک و سۆزێک بووە، مامۆستایان هەڵگری هزر و ئایدیای نوێ، ئاکادێمیک و بەرۆژن، بەردەوام خەریکی بەرۆژکردنەوەی زانست، زانیاری و فامی خۆیانن بۆ پێگەیاندن و بەسوودبوون، بەو پێیە ئەوان دەتوانن لەڕێی پەرەی زانستی و مەعریفیی نەتەوەخوازی و شوناسخوازی لەنێو قوتابییان، هاندانی قوتابییان بۆ بەدواداچوونی بیرمەندانە بە شوێن پرسە نەتەوەییەکاندا بە مەبەستی دۆزینەوەی وڵامی زانستی و ئاکادێمیک بۆ پرسیارەکان و ڕێگاچارەی زانستی و مەعریفی بۆ کێشە و قەیرانەکان بەرهەمهێنەری ئەو گوزارە بن.

**بێهزاد قادری:** مامۆستایانی کورد بۆ وروژاندنی پرسە نەتەوەییەکانی کورد لەنێو قوتابییانی کوردستان دەبێ چی بکەن؟

**شاهۆ حوسێنی:** بێگومان مامۆستایان لەڕێی پەرەی زمانی نەتەوەیی لەنێو قوتابییان، ناساندنی جیهانی ئەدەبی و مەعریفیی کوردی بە قوتابییان دەتوانن بنەما و ژێرخانێکی قایمی نەتەوەیی لەنێو قوتابییاندا دابمەزرێنن. مێژووی هاوچەرخ و نوێی کورد پڕە لە حەسامەت، خۆڕاگری و تێکۆشان کە دەشێ وەک وانەی نەتەوەخوازی بە قوتابییان بوترێتەوە، ئەدەبی کوردی لێوانلێو لە تایبەتمەندیی حەماسییە، واتە ئەدەبی خۆڕاگری بەربڵاوترین و گرینگترین بەشی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییە کە دەشێ قوتابییان ئەم وانانە فێر ببن و بەم شێوەیە بە هەستیارکردنی قوتابییان، پەرەی ڕوانگە و دیاردەی زانستی نوێ، مرۆڤانە و پەرەی شوناسی نەتەوەیی دەتوانێت ببێتە ڕیشەی نەتەوەخوازییەکی خەست لە داوڕۆژدا.

**بێهزاد قادری:** مامۆستایانی کورد بۆ وروژاندنی پرسە نەتەوەییەکانی کورد لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان چەندە دەتوانن کاریگەر بن؟

**شاهۆ حوسێنی:** بێگومان مامۆستایان شوێندانەرترین چینی کۆمەڵگەن بەهۆی ئەوەیکە لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگە لە پێوەندیدان، دەشێ بوترێت کە هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵگە هێندەی چینی مامۆستایان پێوەندیی بەربڵاو و قوڵیان لەگەڵ کۆمەڵگە نییە. بە لانیکەمەوە مامۆستایان لەگەڵ دوو لەسەر سێی کۆمەڵگە لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدان، لە هەمان کاتدا بەهۆی بەربڵاویی سیستمی فێرکاری و بارهێنان، ڕێژەی مامۆستایان بە بەراورد لەگەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە ڕێژەیەکی زۆر و بەربڵاوە، ئەوان هەم دەتوانن لە زەرفییەتەکانی پێوەندی لەگەڵ بنەماڵەی قوتابییان و قوتابییان وەک لاوان و بەرەی داهاتووی کۆمەڵگە کەڵک وەربگرن، هەمیش دەتوانن لە یەکگرتوویی و بەربڵاویی ڕێژەی زۆری مامۆستایان بۆ کارتێکەری کەڵک وەربگرن.

**بێهزاد قادری:** مامۆستایانی کورد بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ بەلاڕێدابردنی پرسە نەتەوەییەکانی

**کورد و پرسی شوناسخوازیی کورد، دەبێ چۆن هەڵوێست بگرن؟**

زمان و شوناس دوانەی لێکدانەبڕاون، بە جۆرێک کە ئەم دوانە لێکنەبڕاوە دەورێکی حاشاهەڵنەگری هەیە لە قایمکردنی ژێرخانەکانی کۆمەڵایەتی و تاکێتی مرۆڤ. زمان تەنیا کەرەسەیەک بۆ پێوەندی نییە، بەڵکوو خوڵقێنەری هێماکان، سێمبۆلە کۆمەڵایەتییەکانە و مانا دەبەخشێتە دیاردەکانی جیهانی دەرەوەی مرۆڤەکان، واتە زمان تۆخمە خاوەکانی ژینگەی مرۆڤ مانادار دەکات و بەم شێوەیە لەڕێی ماناداركردنی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، زەینێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی بەرهەم دەهێنێت و بەم شێوەیە شوناسێک بۆ مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت. مرۆڤەکان لەڕێی ئەم شوناسەوە پێوەندیی زەینی، ڕواڵەتی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتر دەگرن و هێما و سێمبۆلە تاکییەکان دەگوازنەوە بۆ نێو بازنەیەکی گەورەتر بە ناوی کۆمەڵگە و نەتەوە و بەم شێوەیە هەم ڕایەڵێک لەنێوان خۆیاندا ساز دەکەن و هەمیش سنوورێک لەنێوان خۆیان و ئەوی تردا دەکێشن. نەتەوەی باڵادەستی حاکم لە ئێران لەڕێی تێگەیشتن لەم حەقیقەتە هەوڵی ئاسمیلەکردنی تاکی کورد دەدەن لەڕێی زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی، قوتابخانە و خوێندنی باڵا، ئەوان هەم پێش دەگرن بە دەرکەوتنی خودێکی کوردانە و هەمیش کورد دەتوێننەوە لەوی تری فارسدا. مامۆستایان گرینگترین کەرەستەی ئەم ڕەوتەن بە دەست ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر ئێراندا. مامۆستایان پێویستە کە ئەم هەوڵەی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە لەڕێی وانەوتنەوە بە زمانی دایکی، کەڵکوەرگرتن لە هێما و سێمبۆلە لۆکاڵییەکان، پەروەردە و پەرەی زەینی لۆکاڵی و نەتەوەیی لەنێو قوتابییاندا. بەم شێوەیە دەتوانن سیاسەتەکانی پاکتاوکردنی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە.

**٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٢**

# ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە جیهان و لە ئێراندا



## ئامانج لە ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە جیهاندا

ئامانج لە ناودێرکردنی ڕۆژ و حەوتووە تایبەتەکان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، بەرزڕاگرتنی بایەخەکان و پتەوکردنی پێوەندە ئایینی، نیشتمانی، فەرهەنگی، زانستی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیە، بە جۆرێک کە جۆرێک هاوکاری و هاوپێوەندی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا پێک بێنێت. بۆ نموونە لە وڵاتێکدا ڕۆژێک وەک ڕۆژی مامۆستا یان ڕۆژی خوێندکار دیاری دەکرێت و ئەمە دەکەنە بیانوویەک تاکوو لەو ڕۆژەدا بە شێوەیەکی تایبەتیتر ڕێز لە مامۆستایان یان خوێندکاران بگرن و وێڕای ڕێزگرتن، هاوپێوەندییەکیش لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە پێک بێنن، بە جۆرێک هەمووان ئەو ڕۆژە قەبووڵ بکەن و خۆیان بە بەشێک لەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بزانن.

شێوازی دیاریکردنی ئەو ڕۆژانەش لە هەر وڵاتێکدا لەگەڵ وڵاتێکی تر جیاوازە. بۆ نموونە لە هیندوستان، ڕۆژی ٥ سێپتامبر وەک ڕۆژی مامۆستا دیاری کراوە، ئەویش بەهۆی ئەوەیکە ئەو ڕۆژە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی "سارولی ڕاکریشنا"، سەرۆککۆماری دووەمی هیندە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئامانجی سیستەمی سیاسیی هیند بۆ دیاریکردنی ئەو ڕۆژە پتەوکردنی پێوەندە سیاسییەکانی وڵاتە. شایانی باسە کە لەو ڕۆژەدا لە هیندوستان قوتابییانی هەڵکەوتە لە قوتابخانەکان بەرپرسایەتیی

وانەوتنەوە بە پۆلەکانی ئاستی خوارتر لە ئەستۆ دەگرن و بەم شێوەیە ڕێز لە مامۆستایانی خۆیان دەگرن.

بۆیە لە هەر وڵاتێکدا، دەسەڵات کاتێک بۆ هەر ڕووداو یان بابەتێک ڕۆژێکی تایبەت دیاری دەکات، کۆمەڵێک فاکتی تایبەت و واتادار لەبەرچاو دەگرێت تاکوو پێوەندییەکی گونجاو لەنێوان ئەو ڕۆژە و ناوەکەیدا بوونی هەبێت، واتە پێوەندییەکی واتادار بوونی هەبێت. لەم بوارەوە زۆر جار ناودێرکردنی ڕۆژەکان مەبەستێکی سیاسیی تایبەتیان لە پشتە؛ بۆ نموونە لە وڵاتێکدا کە بەرژەوەندیی نیشتمانی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانە، ڕێکەوتی لەدایکبوونی کەسایەتییەکی گەورەی نیشتمانی کە مایەی شانازیی تەواوی کۆمەڵگەیە، وەک ڕۆژی مامۆستا دیاری دەکرێت؛ بەڵام لە وڵاتێک کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەڕێوەی دەبات، نەتەنیا ساڵرۆژی لەدایکبوونی کەسایەتییەکی نیشتمانی هیچ گرینگییەکی پێ نادرێت، ڕەنگە ساڵرۆژی لەدایکبوونی کەسایەتییەکی سیاسیی سەر بەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە کە لە کۆمەڵگەدا خاوەن هیچ پێگەیەکیش نییە، وەک ڕۆژی مامۆستا دیاری بکرێت.

## ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە ئێراندا

هەروا کە ئاماژەم پێ کرد، ناودێرکردنی ڕۆژەکان لە هەر وڵاتێکدا پێکەوە جیاوازە. ئەم بابەتە لە ئێرانیش بە هەمان شێوەیە و بگرە زۆر جیاوازترە، چونکە دەسەڵات لە ئێران بە دەستی تاقمێکەوەیە کە نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆر کەم لە خەڵک دەکات و ئەوەی بۆ ئەوان لە سەرووی هەموو بابەتێک و پرسێکەوەیە، مانەوەی سیستەمەکەیانە. بۆیە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، هەموو بابەت و پرسێکی پێوەندیدار بە دەسەڵاتەوە، لە ڕاستای مانەوە و خزمەت بە سیستەمەکە چاوی لێ دەکرێت و کاری بۆ دەکرێت، کە ناودێرکردنی ڕۆژەکانیش لەو جۆرە ڕوانگەگەلە پارێزراو نییە.

لە سەرەتای بابەتەکەدا ڕۆژی مامۆستام وەک نموونە هێنایەوە. بۆ ڕوونترکردنەوەی مەبەستم لەم بابەتە، ئاماژەیەک بە ڕۆژی مامۆستا لە ئێران دەکەم.

لە ڕۆژژمێری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ وەک ڕۆژی مامۆستا ناودێر کراوە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و دوای ئەوەی تاقمەکەی خومەینی دەستیان بەسەر شۆڕشدا گرت، ڕێکەوتی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٥٨، "مورتەزا موتەهەری" کە سەر بە تاقمەکەی خومەینی بوو، لەلایەن گرووپێکی دژبەری کۆماری ئیسلامییەوە کوژرا و ئەوە بوو کە ئەم ڕۆژە، واتە ڕۆژی کوژرانی موتەهەری، بە ئامانجێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە، وەک ڕۆژی مامۆستا لە ئێران دیاری کرا. ئاخوند مورتەزا موتەهەری، ئەندامی هەیئەتی موئتەلیفەی ئیسلامی و لە ئیدئۆلۆگەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو و دوای شۆڕشی ٥٧ بوو بە سەرۆکی شۆرای ئینقلاب.

ئەم نموونەیە زۆر بەباشی ڕوونی دەکاتەوە کە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ لە ئێران کە بە ڕۆژی مامۆستا ناودێر کراوە، چ مەبەستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی لە پشتە. وێڕای ئەوە، نموونەیەکی ترتان بۆ باس دەکەم، چ وەک گەیاندنی زانیاری بێت، چ وەک وەبیرهێنانەوەیەک:

کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی "عەلی"ی وەک ڕۆژی باوک و پیاو لە ئێران دیاری کردووە. هەروەها ڕۆژی لەدایکبوونی "فاتمەی زەهرا"ی وەک ڕۆژی دایک و ژن لە ئێران دیاری کردووە. لەم دوو نموونەیەدا دەردەکەوێت کە ناودێرکردنی ئەم ڕۆژانە مەبەستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئایینیی لە پشتە.

ئێران وڵاتێکی بەرین و فرەنەتەوە و فرەئایینە، بەڵام نە ڕێژیمی پێشووی ئێران و نە کۆماری ئیسلامی، قەت دانیان بەمەدا نەناوە و بۆ سەپاندنی ئەم ڕوانگە هەڵەیە کە ئێران وڵاتێکی یەک نەتەوەییە، بە درێژایی حکوومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، هەزاران کەسیان لە نەتەوە جیاوازەکان کوشتووە. ئەو سیاسەتە کە لە سەردەمی ڕەزای میرپەنجەوە دەستی پێ کردووە، ئێستاش لە فۆڕمگەلێکی تردا و بگرە بە شێوازی ڕادیکاڵتر، بەردەوامە.

ئەم ڕوانگە و ئەم جۆرە سیاسەتە، هەمیشە لە بەرژەوەندیی دەسەڵات و بە مەبەستی پاراستنی نیزام بووە و هەندێک جاریش لە بەرژەوەندیی نەتەوەی سەردەست (فارس) بووە. بۆ نموونە ڕۆژی ٢٥ی بانەمەڕ لە ئێران وەک ڕۆژی یادکردنەوەی "فیردەوسی"، شاعیری فارس، دیاری کراوە، بەڵام لە ئێران ڕۆژێک بۆ یادکردنەوەی مامۆستا "قانع"، شاعیری کورد نەتەنیا بوونی نییە، بەڵکوو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی هەمیشە پشتگوێخستنی شاعیران و نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد، کەسانێک وەک مامۆستا قانع، بووە. کەوایە نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران، تەنانەت لە بواری ناودێرکردنی ڕۆژەکانیش لە ئێران، پەراوێز خراون و ئەمە لە ڕاستای سیاسەتی هێرشی فەرهەنگیی دەسەڵات بۆ سەر نەتەوە غەیرەفارسەکان بووە.

### ئێمەی کوردستانی لەهەمبەر ئەم بابەتەدا

ئێستا کە دونیا، دونیای دیجیتاڵ و پێوەندییەکانە، زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوازی جۆراوجۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن و پێوەندیگرتن لە دونیای خوازەکیدا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێت. لەم نیوانەدا من باس لە قازانج و زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناکەم، بەڵکوو دەمەوێت قامک بخەمە سەر خاڵێکی زۆر گرینگ، ئەویش "بڵاوبوونەوەی خێرای داتا و زانیارییەکانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا". لەم پێوەندییەدا، دەسەڵاتەکان هەمیشە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بۆ پەرەدان بە ئایدیۆلۆژیی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکیان وەرگرتووە و ئەمە شتێکی سەیر نییە، بەڵکوو ئەوە سەیرە کە کەسانێک وا بزانن کە بەو جۆرە نییە! کۆماری ئیسلامیش بە هەمان شێوە، گرینگییەکی

زۆری بەم بابەتە داوە و بە هەزار سایبێریی ڕێژیم لەم بوارەدا چالاکن.

لەم بوارەش کە ئێستا من باسم لێوە کرد، کۆماری ئیسلامی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر کاری کردووە. سایبێرییەکانی ڕێژیم لە پشت پەیجگەلێکی سەیروسەمەرەوە (کە قەت بیریشی لێ ناکەنەوە سەر بە کۆماری ئیسلامی بن)، خەریکی کارکردن لەسەر ئەم بابەتەن. بۆ نموونە وەها ڕۆژی مامۆستا لە ئێران (کە باسمان کرد چ ڕۆژێکە و چ مەبەستێکی لە پشتە) زەق دەکەنەوە کە لەناکاو دەبینیت، تەواوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنیوە. "چاولێکەری"ش یەکێک لە ئامرازەکانی یارمەتیدان بەم هەوڵەی ڕێژیمە: منی کورد لە یەکێک لەو پەیجانەدا پیرۆزبایی ڕۆژی مامۆستا دەبینم و خێرا ئەو بابەتە بەرهەم دەهێنمەوە، بۆ نموونە ڕۆژی مامۆستا لە ئێرانە و ئەمە دەکەمە بیانوویەک تاکوو پیرۆزبایی لە مامۆستاکانم بکەم! بەڵام ڕۆژی مامۆستا لە ئێران ناتوانێت ڕۆژێک بێت بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستایەکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە ڕۆژێکی حکوومەتییە (حکوومەتێک کە لە کوردستان داگیرکەرە) و تەنیا نوێنەرایەتیی تاقمێک لە کۆمەڵگە دەکات. بەڵام کۆمەڵێک کورد، لەژێر کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەهۆی چاولێکەرییەوە، بێ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ بابەتەکە و سیاسەتی پشت بابەتەکە هەبێت، بێ ئەوەی ئاگادار بێت، دەبێت بە ئامرازێک بۆ پەرەسەندنی زیاتری ئەو ئایدیۆلۆژی و سیاسەتەی کە ڕێژیم دایڕشتووە.

دروستە ئێمە وەک کورد، خاوەن کیانی خۆمان نین، دەوڵەت یان حکوومەتێکی نیوەسەربەخۆشمان نییە، ئەم نموونەیەش کە باسمان لێوە کرد (ناودێرکردنی ڕۆژەکان) بە دەسەڵات دەکرێت تاکوو گشتگیر بێت، هەروەها پێویستیشمان بە وەها ڕۆژگەلێکە تاکوو بۆ نموونە ڕێز لە مامۆستاکانمان بگرین، بەڵام ئەگەر ڕۆژێکیشمان نەبێت، نابێ بکەوینە بازنەی ئەو سیاسەتەی کە داگیرکەر بۆمانی داڕشتووە. بۆچی دەبێ لە ڕۆژی لەدایکبوونی "مورتەزا موتەهەری" کە ئیدئۆلۆگێکی کۆماری ئیسلامی بوو (ڕێژیمێک کە داگیرکەری ئاو و خاکمانە) پیرۆزبایی لە مامۆستایەکی کورد بکەین کە شوناسی و جیهانبینییەکەی لەگەڵ "موتەهەری"، ئاسمان تا عەرز جیاوازە؟!

بەڵام لە بەرامبەردا حیزبە کوردستانییەکانیش لەم بوارەدا هەندێک کاریان کردووە (هەر چەند گشتگیر و فەرمی نین، بەڵام هەر باشن و دەتوانن بنەمایەک بن بۆ داهاتوو کە حکوومەتێک کوردی پێک بێت)، بۆ نموونە ١٢ی بانەمەڕ لەلایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانەوە وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد دیاری کراوە (کە بەرابەرە لەگەڵ ساڵڕۆژی شەهیدکرانی سمایل شەریفزادە. هەرچەند بە بۆچوونی من باشتر وابوو ڕۆژی لەدایکبوونی سمایل شەریفزادە وەک ڕۆژی خوێندکار دیاری بکرێت نەک ڕۆژی شەهیدبوونی) و ئەمە ڕێک دەتوانێت دانانی سنوور بێت لەنێوان ئێمە و "ئەویدی"دا، دەتوانێت ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی کە ئێمەیش بڵێین ئێمەیش هەین و ئەوەی ئێوە باسی لێوە دەکەن، تەنیا نوێنەرایەتیی خۆتان دەکات، بەڵام ئێمە خاوەن شوناسێکی جیاوازین. ئەمە بۆ خۆی ڕاوەستان لە بەرامبەر سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانی

کۆماری ئیسلامییە. نموونەیەکی تر: با لە ڕۆژی لەدایکبوونی "فەرزاد کەمانگەر"دا پیرۆزبایی ڕۆژی مامۆستا لە مامۆستایانی کورد بکەین (زۆر کەس ڕۆژی لەسێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر بە ڕۆژی مامۆستای کورد دەزانن، کە پێم وایە باشتر وایە ئەو ڕۆژە بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی بگۆڕدرێت کە لێرەدا مەجالی شیکردنەوەی ئەو بۆچوونەم نییە.)

## ئاکام

وەک تاکێکی کورد، دەبێ هەموو کات وریا بین، بۆ نموونە لە بابەتێکی وەک ئەمەی من باسم کرد کە ڕەنگە ئاسایی چاوی لێ بکەن، بەڵام ئاسایی نییە و زۆر گرینگە و دەبێ هەستیار بین، تا بابەتگەلی هاوشێوە. بە ڕای من هەموو بابەتێک بۆ ئێمەی کوردستانی لەم دۆخەدا سیاسییە و دەبێ زۆر وردبین بین. داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو بوارێکەوە بە پێی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیی خۆیان لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوت دەکەن و ئەگەر ئێمە لەو بوارانەوە زانیاری و خوێندنەوەمان نەبێت، ئۆتوماتیک دەبینە ئامرازێک بۆ پەرەدان بەو سیاسەتانەی کە بۆ تواندنەوە و دژایەتی لەگەڵ خۆمان و شوناسمان داڕێژراوە.

١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# ڕاپۆرتی RSF و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ڕۆژنامەنووسی لە ئێران




**بێهزاد قادری**

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور (RSF)، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بیستویەکەمین ڕاپۆرتی پلەبەندیی خۆی بڵاو کردەوە. ئەم ڕێکخراوەیە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لەوە کردووە کە ساڵی ڕابردوو دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، ئێران جێگەی خۆی وەکوو یەکێک لە سەرکوتکەرترین وڵاتانی جیهان لە بواری ئازادیی میدیاییەوە بەهێز کردووە.

لەم بابەتەدا ئاوڕێک لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور و دۆخی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لە جیهان بەگشتی و ئێران بەتایبەتی، دەدەینەوە.

## ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ڕێکخراوێکی ناحکوومیی نێونەتەوەییە کە بە مەبەستی داکۆکیکردن لە ئازادیی ڕاگەیاندن و پشتیوانی لە هەواڵنێران و ڕۆژنامەنووسان دامەزراوە. بنکەی ناوەندیی ئەم ڕێکخراوەیە لە فەڕانسەیە و ئەرکی ئەو بانگەشەکردن بۆ ڕۆژنامەوانیی ئازاد، سەربەخۆ و فرەچەشن و داکۆکیکردن لە پێرسۆنێلی میدیاکانە RSF لە ڕێکخراوی

نەتەوە یەکگرتووەکان، یوونیسکۆ و شورای ئورووپا خاوەن پێگەی ڕاوێژکارییە.

ئەم ڕێکخراوەیە لە بواری داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسانێک کە مەترسییان لەسەرە و هەروەها لە بەرزترین ئاستی ئەنجومەنە دەوڵەتی و نێونەتەوەییەکاندا بۆ داکۆکی لە مافی ئازادیی ڕادەربڕین و زانیاری، چالاکی دەکات. هەروەها بە شێوەی ڕۆژانە ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە هەڕەشەکانی سەر ئازادیی میدیاکان بە زمانەکانی "فەڕانسەوی، ئینگلیزی، سپانیایی، پورتوغاڵی، عەرەبی، فارسی و چینی" پێشکەش دەکات. هەروەها ساڵانەش تاوتوێی دۆخی ئازادیی بڵاوۆکەکان لەژێر ناوی "پێوەرەکانی ئازادیی جیهانیی بڵاڤۆکەکان"، بڵاو دەکاتەوە کە لەودا دۆخی میدیاکان لە ١٨٠ وڵاتی جیهاندا هەڵدەسەنگێندرێن و تاوتوێ دەکرێن.

## بیستویەکەمین ڕاپۆرتی پلەبەندیی RSF

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە ٢١ـەمین ڕاپۆرتی پلەبەندیی خۆیدا کە لەم ماوەیەدا بڵاوی کردەوە، باسی لەوە کردووە کە ساڵی ڕابردوو دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، ئێران جێگەی خۆی وەکوو یەکێک لە سەرکوتکەرترین وڵاتانی جیهان لە بواری ئازادیی میدیاییەوە بەهێز کردووە. هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا، ئێران جارێکی دیکەش بە یەکێک لە گەورەترین زیندانەکانی جیهان بۆ ڕۆژنامەنووسان ناو براوە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: ئەگەرچی سەرکوتی دەستپێڕاگەیشتن بە زانیارییەکان بە شێوەی زۆر بەهێز و بەربڵاو لە ئێران لە ئارادایە و ڕۆژنامەوانان بەردەوام لەگەڵ مەترسیی "دەسبەسەرکردن، لێپێچینەوە، زیندانیکردن، لەژێر چاوەدێریدابوون و ئازار و هەڕەشە" بەرەوڕوون، بەڵام ئەو دۆخە هاوکات لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ژینا، چڕتر و خراپتر بووەتەوە.

هەواڵنێرانی بێسنوور لەو ڕاپۆرتەدا باسی لەوە کردووە: دۆخێک هاتۆتە پێش کە بووەتە هۆی زیندانیکردنی زیاتر لە ٧٠ ڕۆژنامەنووس کە ژمارەیەکی زۆر لەوان ژنن، چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە ڕووماڵی خۆپیشاندانەکان، دەست بۆ هەر کردەوەیەک دەبەن.

هەواڵنێرانی بێسنوور لە درێژەدا ئاماژەی بە سەرکوت و هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتیشی کردووە و نووسیویەتی: تەنانەت ڕۆژنامەوانانی ئێرانیش کە لە وڵاتانی دەرەوە نیشتەجێن، لەژێر هەڕەشە و گوشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندان.



سەرچاوە
Serchawe

هەر بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرانی بێسنوور، لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران لە زیاتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیم لانیکەم هەزار ڕۆژنامەنووس و شارۆمەند- هەواڵنێری دەسبەسەر، زیندانی و بێسەروشوێن کردووە یان لەسێدارەیانی داوە.

## ئازادیی میدیا و ڕادەربڕین لە جیهاندا

ئازادبوونی مرۆڤ لە دەربڕینی ڕا، بۆچوون، ئەندێشە، بیر، فکر و باوەڕ، یەکێک لە مافە سەرەتایی و دانپێنراوەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە کە تەنانەت لە ساڵی ١٩٤٥ و بە دوای دەرچوونی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە خاڵی دووەمیدا بە ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ دراوە. مرۆڤ لە دەربڕینی بیر و بۆچوونی خۆی ئازادە و حکوومەتەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەند کراون کە لەو مافە پارێزگاری بکەن بۆ ئەوەی هەر تاکێک بەبێ ترس لە لێپرسینەوە و لێپێچینەوە و سزا، ڕای خۆی دەربڕێت.

لەو وڵاتانەی کە جیهان بە وڵاتانی دێموکراتیان دەناسێت، ڕادەربڕین بەشێکە لە ناسنامەی دێموکراتیکبوونیان و بە یاسا و بە کولتووریش لە کۆمەڵگەدا پێڕەو دەکرێت و کەس لەسەر دەربڕینی ڕا و سەرنج و بیر و ئەندێشەکەی سزا نادرێت.

بۆ نموونە؛ ئاڵمان وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیکە، ئازادیی ڕاگەیاندن، بڵاڤۆک و ڕای ئازاد و جیاواز، لە یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتەدا مسۆگەر و ڕەنگی داوەتەوە. گرینگایەتیی بیروڕای ئازاد و ئازادیی ڕادەبڕین لە بڕیاری "لوێت" لە ساڵی ١٩٥٨دا پێداگریی لەسەر کراوە، لەم بڕیارەدا هاتووە: مافی بنەڕەتیی ئازادیی باوەڕ و ڕوانگە وەک ڕاستەوخۆترین دەرکەوتنی کەسایەتیی مرۆیی لە کۆمەڵگەدا، بەشێک لە بنەڕەتیترین بەشەکانی مافی مرۆڤە کە بۆ نەزمی دەوڵەتێکی دێموکراتیک، کارتێکەر و گرینگە.

## دۆخی میدیا و ڕادەربڕین لە ئێران

مێژووی چل و چوار ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پڕن لەو نموونانەی کە هەر کەسێک ئەگەر ڕا و بیر و فکر و ئەندێشەی خۆی دەربڕیبێت و ئەوە بەپێچەوانەی بیر و باوەڕی دەسەڵات بووبێت، دواتر کەوتووەتە زیندان، ئەشکەنجە دراوە، لەسێدارە دراوە، دوور خراوەتەوە یان نانبڕاو کراوە.

هەروەها لە ڕەوتی ڕاپەڕینی "ژینا" لە ئێران و کوردستان، وێڕای سەرکوتکردنی گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران، کۆماری ئیسلامی بە توندترین شێوە ڕۆژنامەنووسانی لە نێوخۆ خستە ژێر گوشارەوە، زۆر کەسیان دەسبەسەر کرد و سزایان بەسەریاندا

سەپاند و هەندێک ڕۆژنامەوانیش ناچار بوون وڵات بەجێ بهێڵن و ڕوو لە دەرەوە بکەن.

لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینەدا، زیاتر لە ٧٠ ڕۆژنامەنووس کە ڕێژەیەکی زۆریان ژن بوون، دەسبەسەر کران. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دۆخی ڕۆژنامەوانان لە ئێران بەرەو خراپتربوون چووە و شتێک بە ناوی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئێراندا بوونی نییە.

کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بە گشتپرسیی نادیموکراتیکی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دەڵێت: کۆمەڵگەی ئێران دەنگیان داوە کە نیزامی دەسەڵاتدار لە ئێران دەبێ بەپێی شەریعەتی ئیسلامی بێت"، بەو بیانووەش نادیموکراتترین و دژە مرۆییترین یاساکان بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت و ئازادیی ڕادەربڕینیش لەو چوارچێوەیەدا پێناسە دەکات.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ساڵی ڕابردووش لە ڕاپۆرتی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە ڕێژیمی ئێران لەسەر ئاستی ١٨٠وڵاتی جیهاندا پلەی ١٧٨ـەمین وڵاتی بۆ پێشێلکارییەکان تۆمار کردووە. بەوەش کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو وڵاتە دیکتاتۆرانەیە کە بەردەوام جیا لە پێشێلکاریی مافی ئازادی و ڕای جیاوازی ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی ئەو بوارەی ئازار و ئەشکەنجە و دەسبەسەر کردووە، هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە ڕێژیمی ئێران لە سەرکوتکردن و و سانسۆڕکردنی ڕاگەیاندنەکان و چالاکانی میدیاییی، وەپێش "چین" و "کۆبا"ش کەوتووە.

ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور هەروەها ئاماژەی بە گۆڕینی قانوونی چاپەمەنییەکان، پەسندکراوی ١٣٦٤ کردبوو، وتبووی گۆڕینی ئەم قانوونە ئیزن بە دەسەڵاتدارانی وڵات دەدات کە بە بیانووی هەوڵدانی دژی کۆماری ئیسلامی، هاندانی خەڵک و گرووپەکان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی میللی، یان بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی، بێڕێزی بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و مەرجەعەکانی تەقلید؛ چالاکیی ڕۆژنامەنووسان کۆنترۆڵ بکەن. ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور وتبووی ئەم بڕیارە دژایەتیی تەواوی لەگەڵ بەندی ١٩ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و مادەی ١٩ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان هەیە کە ئێران بۆ خۆی ئیمزای کردووە.

### هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات

هەروا کە لە سەرەتای بابەتەکەدا هاتبوو، ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور باسی لەوە کردبوو کە "تەنانەت ڕۆژنامەوانانی ئێرانیش کە لە وڵاتانی دەرەوە نیشتەجێن، لەژێر هەڕەشە و گوشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندان." ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە هەتا ئێستا، هەمیشە لە سەرکوت و سڕینەوەی فیزیکی (تێرۆر) بە دژی نەیارەکانی

خـۆی کەڵکـی وەرگرتـووە و لەمبـارەوە تەنیـا چالاکـانی سیاسـیی دژبەری ڕێژیمـی ئێـران نەبـوونەتە قوربـانی، بەڵکوو ڕۆژنامەوانانی دژبەری کۆماری ئیسلامیش بەشێک لە قوربانییانی دەزگای سەرکوت و تیرۆری کۆماری ئیسلامی بوون.

لە وڵاتـانی دێموکراتیـک، لە بـواری ئەمنیـیەوە ڕۆژنامەوانـان لەلایەن هێـزی پۆلیسـەوە دەپـارێزرێن و لە ئەگەری هەر هەڕەشـەیەکدا، پـۆلیس چـاودێریی تـایبەتی دەکـات و دەیانپارێزێـت. هەڵـبەت ئەوەش مانـای ئەوە نیـیە کە ڕێژیمێکـی دیکتاتۆری وەک ڕێژیمی ئێستای ئێران نەتوانێت هەڕەشەی گیانی ساز بکات! بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا پۆلیسی بریتانیا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە هەڕەشە لەسەر ١٥ ڕۆژنـامەوانی دانیشتووی بریتانیا هەبووە کە پۆلیسی نهێنی پووچەڵی کردبوونەوە.

## کۆتایی

هەر لە سـەرەتای دامەزرانـدنی کۆمـاری ئیسـلامییەوە، کـاری میـدیایی و ڕاگەیانـدن لە ئێـران وەک کـاری ئەمنییەتیـی لـێ هاتووە. هەڵبەت لە سەردەمی ڕێژیمی پێشووشدا هەر بەم شێوەیە بوو. دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیش بۆ خۆی یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بڕیار لە نووسینگەی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمەوە وەردەگرن. بۆیە لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی، دەربڕینی ڕا و بۆچوون، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە یەک وەڵامی پێ دەدرێتەوە: "بێدەنگ بە، دەنا خۆمان بێدەنگت دەکەین".

٣١ی بانەمەڕ ٢٧٢٣

## ڕۆژی جیهانیی ژینگە و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ژینگەی ئێران




سروشت میراتێکی بەنرخە کە پاش تێپەڕینی چەندین ملیۆن ساڵ بە ئێمە گەیشتووە. ڕەنگە دەیان و سەدان جار بیستبێتمان کە پاراستنی ژینگە، ئەرکی هەموومانە و ڕەنگە بۆخشمان هەوڵمان دابێت کە خەسار بە ژینگەکەمان نەگەیەنین، یان لە پێناو پاراستنیدا هەندێک کار و چالاکیمان کردبێت. بەڵام بۆ پاراستنی ژینگە، دەبێ زۆرتر لەگەڵ ئەودا ئاشنا بین و بیناسین. جیاوازیی نییە کە گیانلەبەران لە کوێ دەژین، لە شار، گوند یان قووڵایی ئاوەکاندا، هەر شوێنێک کە ژیانی تێدا بێت، ژینگەیە.

لە هەنووکەدا پرسی ژینگە بووە بە یەکێک لە گرینگترین کەڵکەڵەکانی وڵاتانی جیهان. کەڵکوەرگرتنی لەڕادەبەدەر لە دارستانەکان، کەمبوونەوەی سەرچاوە ئاوییەکان، لەنێوچوونی ئاژەڵان بەهۆی تێکچوونی ژینگەیان و هەروەها ڕاوی بێسەرەوبەرە و پیسیی هەوا و دەریاکان، لە سەرەکیترین چالێنجەکانی ژینگەن لە سەرتاسەری جیهاندا و چالاکانی ئەم بوارە، بۆ کۆنترۆڵکردن و چاککردنەوەی، هەوڵ دەدەن.

### ٥ی ژووەن، ڕۆژی جیهانیی ژینگە

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٢ی زایینیدا، ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا کە بە ئامانجی وشیارکردنەوەی


سەرچاوە
Serchawe

خەڵـک لە بـواری پاراسـتنی ژینـگە، ڕۆژێـک وەکـوو ڕۆژی جیهـانیی ژینـگە دیـاری بکـات. لەو سـاڵەدا ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان لە شـاری سـتۆکهۆڵمی سوید، کۆنفرانسـێکی لەژێـر نـاوی "مـرۆڤ و ژینـگە" بەڕێـوە بـرد. لە کۆتـایی ئەم کۆنفرانسـەدا و پەسـەندکردنی بڕیارنـامەیەک لەنێـوان وڵاتـانی بەشـداربوو، UNEP، بەرنـامەی ژینـگەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێک هات و ٥ی ژووەن وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژینگە دیاری کرا.

لەو ڕۆژە بەدواوە، هەمـوو سـاڵێک UNEP بەرنـامەگەلی تـایبەت وەکـوو: "ڕێپێـوان، پاسکیل لێخـوڕین، نیگارکێشـی، نەمامچاندن و گوتارنووسی" بە ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ لای ژینگە و هاندانی بەرپرسان بـۆ هەوڵـدانی زۆرتـر لە بواری پاراستنی ژینگە لە سەرتاسەری جیهاندا، بەڕێوە دەبات.

دروشمی ڕۆژی جیهـانیی ژینگە، هەمـوو سـاڵێک جیـاوازە و بەرنامەکـانی UNEP ، بەپێـی دروشمی هەمـان سـاڵ بەرەوپێش دەچێـت. بـۆ نمـوونە "مـن لەگەڵ سروشـتدام" دروشـمی سـاڵی ٢٠١٧، "سـڕینەوەی پیسـیی پلاسـتیک" دروشـمی سـاڵی ٢٠١٨، "شکسـتدانی پیسیی هەوا" دروشـمی سـاڵی ٢٠١٩، "جۆراوجـۆریی ژینگەیـی، بـانگەوازی هەوڵـدان بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ لەنێوچوونی گیانلەبەران و سروشت" دروشمی ساڵی ٢٠٢٠، "ئافراندنەوە و نۆژەنکردنەوە" دروشمی سـاڵی ٢٠٢١ و "تەنیـا یەک زەوی" دروشمی ساڵی ٢٠٢٢ بوو.

یەکێکـی تـر لە ڕووداوە سەرنجڕاکێشـەکان لە ڕۆژی جیهـانیی ژینـگەدا، میوانـداریی کۆنفرانسـی ساڵانەیە کە هەر سـاڵە لە یەکێک لە ١٠٠ وڵاتێک کە لە چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە ژینگەوە بەشداری دەکات، بەڕێوە دەچێت.

ڕێکەوتـی ١٥ی جـۆزەردانی ئەمسـاڵ کە بەرابەرە لەگەڵ ٥ی ژووەن، کۆنفرانسـی ڕۆژی جیهـانیی ژینـگە بە میوانـداریی وڵاتـی "ساحلی عاج" و بە پاڵپشتیی وڵاتی هۆلەند بەڕێوە دەچێت کە دروشمەکەی ئەمەیە: "ڕێگاچارەکان بۆ پیسیی پلاستیک."
خەڵکیش ڕۆڵێکـی کاریگەریـان لە ڕۆژی جیهـانیی ژینـگەدا هەیە، چـونکە ئەم ڕۆژە زۆرتـر بـۆ ڕاکێشـانی بەشداریی خەڵکـی لە پێناو پاراستن، گەشە، ئاوەدانی و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتیی ژینگەی دەوروبەری ئەوانە. بۆیە هەر تاکێک لەهەمبەر ژینگەدا بەرپرسیارە و ئەرکیەتی بۆ پاراستنی ژینگە، هەوڵی ئەرێنی بدات.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندییەکی دوولایەنە و بەربڵاو لەنێوان گەشەی ئـابووری و ژینگەدا بـوونی هەیە. هەر بـۆیە هەر جۆرە گەشەیەکی ئابووری پێویستی بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەگەلی وەک هەوا، ئـاو، زەوی، وزە و هێـزی مرۆییە. تەنیـا بەکارهێنـانی گونجـاو و زانسـتییانەی ئەم سـەرچاوانەیە کە بەسـتێنی گەشـەی بەردەوام کە لەگەڵ ژینـگە بسـاچێت، دابـین دەکات.

## دۆخی گشتیی ژینگەی ئێران

حاشاهەڵنەگرە کە ئێران لەگەڵ قەیرانی ژینگە بەرەوڕوویە و هۆکاری سەرەکیی ئەم بابەتەش سیاسەتە دژەژینگەییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. یەکێک لە هۆکارەکانی لەنێوبردنی ژینگە لە قەبارەیەکی گەورەدا، یاسای بێ گەرەنتیی جێبەجێکارییە لە ئێراندا. قەیرانی ژینگەیی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: خراپتربوونی دۆخ و لەنێوبردنی بەربڵاوی ژینگەیی بە شێوەگەلی دراماتیک، نەخوازراو و قەرەبوونەکراو کە دەبێتە هۆی دابەزینی واتاداری ئاسایش و خۆشبژێوی. لەلایەکی ترەوە دەستێوەردان و لەنێوبردنی ئێکۆسیستەمەکان لە ئێران وەکوو: "لەنێوبردنی دارستانەکان، لەوەڕگەکان، تالاوەکان، ڕووبارەکان و ناوچە پارێزراوەکان"، بە شێوەیەکی بەربڵاو و خێرا لە حاڵی جێبەجێکردنە.

بە پێی پێوەری کاردانەوەی ژینگە کە هەر دوو ساڵ جارێک لە کۆبوونەوەی جیهانیی ئابووری لە "داووس"ی سویس و لەلایەن زانکۆی "ییل و کۆلۆمبیا"وە بڵاو دەکرێتەوە، دۆخی ژینگەی ئێران خراپتر بووە و بەرەو گەورەقەیران هەنگاو هەڵدەگرێت. هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، پێداگریکردن لەسەر خۆبەڕێوەبەری لە بەرهەمهێنانی "گەنم" کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی و ڕۆچوونی دەشتەکان، هەروەها بەنداوسازی، لە هۆکارەکانی دابەزینی ئەم پێگەیە بووە.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی کراوە، ڕێژەی زیانی ئابووریی کاولکردنی ژینگە لە ئێران، ٤٣٠,٨ میلیۆن دۆلار بەراورد کراوە. هەروەها زیانێکی ژینگەیی کە ئێران لە جیهانی داوە، بە ٥٤٠,١ ملیۆن دۆلار مەزەندە کراوە. لە ئێستادا و دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٢٠ ساڵ، لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەم بوارەدا نەکراوە.

بە وتەی ناوەندی نەتەوەیی کۆنوانسیۆنی جۆراوجۆریی گیانلەبەری، زۆرترین کاولکردنی ژینگەی ئێران بەرهەمی ٢٥ ساڵی ڕابردووە. ملیۆنک و ٦٤٥ هەزار هێکتار لە دارستانە نیوەچڕەکانی ئێران لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوو لەنێو براوە. هەروەها بەشێکی بەرفراوان لە دارستانە چڕەکانی ئێرانیش مەترسیی زیان و لەنێوچوونی لەسەرە.

شایانی باسە کە لە ئێران دەیان قەیرانی گەورە و بچووکی ژینگەیی هاتوونەتە ئاراوە کە چەند نموونەیان بریتین لە: "زایەندەڕوودی بێ ئاو، مەرگی گۆلی ورمێ، کەمبوونی بێوێنەی ئاوی ڕووباری کاروون، وشکیی تالاوی هورولعەزیم و بەرزبوونەوەی ٦٠ بەرابەریی گردیلەکانی نێو هەوا و."...

## بەڵام لە ئێستادا ئەرکی ئێمە چییە؟

ئێمە وەکوو خەڵک، چالاکانی مەدەنی و ژینگەیی، نابێ قەت مەترسی و هەڕەشەکانی سەر ژینگەکەمان پشتگوێ بخەین. لەنێوچوونی ژینگەکەمان بە واتای لەنێوچوونی نیشتمانەکەمانە. ڕەنگە هەندێک لەم خاڵانەش کە ئێستا باسی دەکەین، ئاسایی بێنە بەرچاو، بەڵام هەنگاوە گەورەکان لە هەنگاوە بچووکەکانەوە دەست پێ دەکەن و نابێ لەبیرمان بچێت کە بچووکترین و ئاساییترین کارەکانیش، هەر کاریگەریی خۆیان هەیە.

١- ئێستا کە وەرزی گەرمایە و ئاگردانی دارستانەکان لەلایەن ڕێژیمی ئێران و دەستوپەیوەندییەکانیانەوە بەرەبەرە دەست پێ دەکاتەوە، بە هانای سروشتی وڵاتەکەمانەوە بچین.
٢- بەشداریمان لە ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکان زۆرتر بکەینەوە یان یارمەتیدەریان بین.
٣- کەڵکوەرگرتن لە قاپ و کەوچکی پلاستیکی بهێنینە کەمترین ئاستی خۆی.
٤- لە کاتی کڕین لە بازاڕدا، لە نایلۆن کەڵک وەرنەگرین و کیسەیەکی پارچەییمان با لەگەڵ بێت.
٥- هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ سروشت و ئاژەڵان فێری منداڵانمان بکەین.
٦- ئەو زبڵانەی کە دەکرێت وەبەرهێنانەوەیان بۆ بکرێت، لە زبڵەکانی دیکە جیا بکەینەوە.
٧- لە کاتی گەڕانمان لە سروشتدا، زبڵ لە دوای خۆماندا بەجێ نەهێڵین یان کارێک نەکەین کە خەسار بە ژینگە بگەیەنێت.
٨- بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆمان، دار نەبڕین و لە بەرامبەردا، لە کاتی خۆیدا نەمام بچێنین.
٩- هەموو کات دژی سیاسەتە دژە ژینگەییەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستمان هەبێت و بێدەنگ نەبین.

## کۆتایی

بەگشتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەموو ئێران و کوردستانی لەگەڵ گەورەقەیرانێکی کارەساتبار بەرەوڕوو کردووەتەوە و تەنیا ڕێگای دەربازبوون لەم قەیرانە و قەیرانەکانی دیکەش، دەربازبوون لە کۆماری ئیسلامییە کە هەمیشە سیاسەتێکی دژەژینگەی پێڕەو کردووە.

١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

## کۆنترین گوندەکانی باشووری کوردستان



میزۆپۆتامیا بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، یەکێک لە شوێنە کۆن و مێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانن کە لە تۆمارکردنی مێژوویەکی چەندین هەزار ساڵە و هەبوونی ناوچەی شوێنەواری، زۆر دەوڵەمەند و پڕبایەخن.

لەم بابەتەدا بە کورتی باس لە سێ گوندی کشتوکاڵیی زۆر کۆنی باشووری کوردستان دەکەین. ئەم گوندانە دوای ئەشکەوتەکان دووەمین مەڵبەندی نیشتەجێبوونی مرۆڤ بوون لە کوردستانی کۆندا.

دۆزینەوەی گوندەکانی "زاوێ چەمێ، بێستانسوور و چەرمۆ"، بەڵگەیەکی تری ژیانی ئاسایی پێشکەوتووی مرۆڤی کۆنە لە کوردستاندا کە زۆربەی شێوازەکانی ژیانیان پەیڕەو کردووە.

### گوندی زاوێ چەمێ

ئەم گوندە دەکەوێتە باشووری ئەشکەوتی شانەدەر لە داوێنی چیای برادۆست لە پارێزگای هەولێر و مێژووەکەشی بۆ دوازدە هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. گوندەکەش گوندێکی کشتوکاڵی بووە و تێیدا دانیشتووانەکەی "گەنم و نیسک"یان چاندووە و "مەڕ و بزن"یان بەخێو کردووە. ئەم گوندە لە دە ماڵ پێک هاتووە کە پێدەچێت ٣٠ کەسی تێدا ژیابێت.

بەداخەوە سەبارەت بەم گوندە کۆنە زانیارییەکی ئەوتۆ بڵاو نەکراوەتەوە.

## گوندی بێستانسوور

ئەم گوندە لە ٢٧ کیلۆمەتریی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی هەڵکەوتووە و یەکێکە لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵییەکانی کوردستان کە تا ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواریی عێراقی وەک گردێکی شوێنەواری ناسێنرابوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢وە بەهۆی لێکۆڵینەوەی تیمێکی شوێنەوارناسیی ئەورووپی کە پێکهاتبوون لە "ڕۆجەر ماتیۆس و وێندی ماتیۆس"، دەرکەوت کە گوندی بێستانسوور گوندێکی کشتوکاڵییە و مێژووەکەی بۆ هەشت هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

بە پێی لێکۆڵینەوە و پشکنینەکان کە لە چەند ساڵی ڕابردوو و تا ئێستا بۆ گوندی بێستانسوور کراوە، دەرکەوتووە کە نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەم گوندەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "هۆلۆسین". هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا پلەکانی گەرما ڕوویان لە بەرزبوونەوە کردووە و سەرچاوەی زۆری ئاو دەرکەوتوون، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان دەربکەوێت و هەوڵ بۆ نیشتەجێبوونی هەمیشەیی و کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بدات.

وەک دەرکەوتووە خەڵکی ئەم گوندە کشتوکاڵیان کردووە و "گەنم، جۆ، نیسک و نۆک"یان چاندووە و "مەڕ، بزن و بەراز"یان بەخێو کردووە و خانووەکانیان لە قوڕ و بەرد دروست کردووە.

یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دروستبوونی شارستانییەت لەم ناوچەیە بۆ هەبوونی سەرچاوەی ئاو دەگەڕێتەوە و ئەم هۆکارە هەتا ئێستاش سەرچاوەیەکی گرینگی ئاودێریی ناوچەکەیە. بۆیە لە کۆنەوە مرۆڤ لەوێ کۆ بووەتەوە و شارستانییەت و قۆناغێکی نوێی مێژوویی لەوێ دروست بووە. بەڵگەی زیاتر بۆ ئەم هۆکارە سەرەکییە، هەبوونی سێ گردی شوێنەواریی تر لە نزیک گوندی بێستانسوورە کە بەڵگەن لەسەر گرینگیی ناوچەکە بۆ کشتوکاڵ و ئاوەدانی.

شایانی باسە کە "ڕۆجەر ماتیۆس"، پرۆفیسۆری شوێنەوارناسی لە زانکۆی ڕیدینگ سەبارەت بە گوندە بێستانسوور ڕایگەیانبوو: "ئێرە لە گوندی چەرمۆ کۆنترە. هەندێک شوێنەوارمان دۆزیوەتەوە قۆناخی گواستنەوەمان پیشان دەدات لە ڕاوکردنەوە بۆ کشتوکاڵکردن. سەرەتای ژیانی جووتیاریی مرۆڤایەتی لێرە بووە. ئێرە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردین لە کۆتاییەکانی چاخی سەهۆڵبەندان".

## گوندی چەرمۆ

ئەم گوندە لە نزیک گوندی "کانی سارد" هەڵکەوتووە کە دەکەوێتە ١١ کیلۆمەتریی ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی و ژیان تێیدا بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەم گوندە ٣٠ ماڵ و دانیشتووانی ١٥٠ کەس بوون. ڕووبەرەکەی ١٢٠٠ بۆ ١٦٠٠ مەتری چوارگۆشەیە و ٨٠٠ مەتر بەرزتر لە ئاستی دەریایە.

خەڵکی ئەم گوندە دانەوێڵەیان وەک "گەنم، جۆ و نیسک" چاندووە و بایەخیان بە درەختی "بەڕوو و فستق" داوە و "مەڕ، بزن و بەرازیان" بەخێو کردووە. لە دۆزراوەکانی ئەم گوندەدا دەرکەوتووە کە دانیشتووانەکەی ڕستن و چنینیان زانیوە.

لە سەرانسەری پێگەکەدا شوێنەواری ١٢ خولی شارستانییەت دۆزراوەتەوە. زۆربەی شوێنەوارەکانی گوندی چەرمۆ هی دوو خولی کۆنتری ئەو پێگەیەن کە هاوکات بووە لەگەڵ شارستانییەتی شانەدەر.

هەروەها خەڵکی ئەم گوندە چەند ئامرازێکیان بەکارهێناوە کە لە جۆرە بەردێک دروست کراون کە لە لای دەریاچەی وان دەست دەکەوێت. هەندێک شتیش دۆزراوەتەوە کە لە کەنداو هاتوون و ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە گوندی چەرمۆ بازرگانی و مامەڵەیان لەگەڵ ناوچەکانی تردا هەبووە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە ٦٠٠ ناوچەی شوێنەواری هەیە و لە پارێزگای هەڵەبجە و ناوچەی شارەزووریش زیاتر لە ١٠٠ ناوچەی شوێنەواری هەیە و هەموو ئەمانە سەلمێنەری مێژوویبوونی کوردستانە.

١٢ی بەفرانباری ٢٧٢٣

## پەرەسەندنی گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی



گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسیی کوردستانی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی بنەماڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان، بابەتێکی نوێ نییە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا و لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەم گوشارانە پەرەی سەندووە و لە ئێستاشدا بەردەوامە.

لەم کورتە نووسینەدا نامەوێت باسی دەیەکانی ڕابردوو بکەم، چونکە ئەزموونم نەکردوە، هەر ئەوەندە بیستوومە کە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی، زۆرێک لە ئەندامانی بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی و پێشمەرگەکانی کوردستان، تەنانەت لەژێر ئەشکەنجەی ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێراندا ئەندامانی لەشیان لەدەست داوە و تەنانەت هەبوونە کە گیانیشیان بەخت کردووە.

بۆ دوو دەیە خەباتی چەکداریی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگیرا، تا ئەوەیکە نەورۆزی ٩٥ی هەتاوی، حدکا (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) قۆناغێکی نوێ لە خەباتی بە ناوی "ڕاسان" ڕاگەیاند کە یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم خەباتە، خەباتی چەکداری بوو. دوای ڕاگەیاندنی ڕاسان چەندین شەڕ و تێکهەڵچوون لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان

و هێزە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران هاتە ئاراوە. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕاسان، زۆرێک لە پارتەکانی ڕۆژهەڵات پێشمەرگەکانیان لەسەر سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان جێگیر کرد. دوای دەستپێکی ئەم قۆناغە، گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسیی کوردستانی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی بنەماڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان، زۆر زیادی کرد.

لەم قۆناغەدا بەردەوام ئەندامانی بنەماڵەی ئەو کەسانە، بانگی ناوەندە ئیتلاعاتییەکان دەکران، هەفتانە لێپرسینەوەیان لێ دەکرا، هەڕەشەی کوشتن و گرتنیان لێ دەکرا. تەنانەت هەبووە کە سزای بەندکرانیشی بەسەردا سەپێندراوە. ئەوان ناچار دەکران بێنە باشووری کوردستان و سەردانی ڕۆڵەکانیان بکەن و پەیامی هەڕەشەئامێزی ئیتلاعات و سپایان پێ بگەیەنن (یان دەست لە کوردایەتی و حیزبایەتی هەڵدەگرن، یان تیرۆریان دەکەین). لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا بە بنەماڵەکانیان دەوت: "ئەوە منداڵەکانتان خەریکن لە برسان دەمرن؛ سەرمایانە؛ گەرمایانە و...". و بە شێوازی جۆراوجۆر شەڕی دەروونییان لەگەڵ دەکردن (بە درۆکردن و دروستکردنی دەنگۆ و هەڵبەستنی بوختان).

ئەم گوشارانە دیسان و لە قۆناغێکی دیکەدا (لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا) پەرەی سەند و ئێستاش بەردەوامە. لەم قۆناغەدا سەپاندنی سزای بەندکردن بەسەر ئەندامانی بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی و پێشمەرگەکان زیاتر بووەوە. ئەوان زیاتر لە پێش بانگی ناوەندە ئیتلاعاتییەکان کران. دەست بەسەر پاسپۆرتی زۆر کەسیاندا گیرا. لەم پەیوەندییەدا بۆ خۆم (وەک چالاکێکی میدیایی) ساڵی ڕابردوو لە پۆستێکی فەیسبووکیدا ڕامگەیاند کە تەنانەت هاوڕێ نزیکە پێشووەکانم بانگ کراون و ئەزیەت کراون و ئیتلاعاتییەکان ویستوویانە لە ڕێگای ئەوانەوە پەیوەندیم پێوە بگرن. تەنانەت لە ڕێگای ئەوانەوە پەیامی هەڕەشەئامێزی خۆیان پێ گەیاندم. هەر ئەم بابەتە بۆ دەیان کەسی دیکەی وەک من ڕووی داوە.

گوشارەکان هەر بەو ئاستە لە بەرزی لە ئێستاشدا بەردەوامە. لەناکاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیامی نەناسراوت بۆ دێت، کە لێی دەکۆڵێتەوە دەزانیت هی ناوەندە ئیتلاعاتییەکانە. یان ڕۆژانە لە هەواڵەکاندا و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینیت کە ئەندامانی بنەماڵەی خەباتکارانی سیاسی بانگ کراون و لێپێچینەوەیان لەگەڵ کراوە و هەڕەشەیشیان لێ کراوە. بەڵام هەمیشە بە خۆڕاگری و وڵامدانەوەی ئەو بنەماڵانەش کە لەژێر نامرۆڤانەترین گوشارەکاندان، سەرسام بووم. ئەوان نە قەت ملکەچی داگیرکەر دەبن و نە قەت وەڕەیان دادەبەزێت و هەمیشە هیوایان ئەوەیە کە لە کوردستانێکی ڕزگارکراو و ئازاددا بە دیداری ڕۆڵەکانیان شاد ببنەوە.

هەموو ئەم گوشارانە، بۆ ترسی ڕێژیمی ئێران لە خەباتی ئەم خەباتکارانە و خەڵکی ڕاپەڕیوی نێوخۆ دەگەڕێتەوە. ئێستاش ئەم گوشارانە پەرەی سەندووە، چونکە پایەکانی ئەم دەسەڵاتە وەلەرزە کەوتووە و دیەوێت بە هەموو شێوەیەک

ئێمەی کوردستانیش لاواز بکات کە لە ئەگەری هاتنەئارای هەر ئاڵوگۆڕێک، توانای هەستانەوەمان نەبێت.

لە کۆتاییشدا ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە بەردەوام باسی زانیاری دەکەین، بەڵام چەندە باس لە دژەزانیاری دەکەین؟ (ئیتر کارکردن پێی با ڕاوەستێت). باسی شەڕی دەروونیی داگیرکەر دژی خۆمان دەکەین، هەرچەند دەزانین شەڕی دەروونیشە، بەڵام هەر قوربانییەکەی خۆمانین! چونکە نازانین و فێر نەکراوین خۆیشمان کاری پێ بکەین. سەردەم سەردەمی جەنگی زانیارییە، بەڵام ئێمە هەر مێتۆدە کۆنەکان پێڕەو دەکەین و کێشەمان لەگەڵ ئاپدەیت و بەڕۆژبوونەوە هەیە. پێویستە لەمبارەوە خۆمان تەیار بکەین. بۆیە فریای خۆمان نەکەوین، فریامان بڕاوە.

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## ژینگەی کوردستان و زاگرۆس لە لێواری لەنێوچوووندایە



ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، بەهار و هاوینێکی کارەساتباری بۆ ژینگە و دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. بە هەزاران هێکتار لە دارستان، لێڕەوار، لەوەڕگە و مەزرای خەڵک، لە ئاگردا سووتێنران، هەڵبەت لە ئاگربەردانی بەئەنقەستی دوژمنانی ژینگە و خاکی کوردستان. ڕێژەی ئاگربەردانەکان هێندە زۆر بوون کە ئامارێکی ورد لە ڕێژە و خەسارەکانی لەبەر دەستدا نین و هەتا ئێستاش ئەنجومەنە ژینگەییەکان و خەباتکارانی ژینگەیی سەرقاڵی بەهاناوەچوونی ژینگەی کوردستانن و دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە ئاماری خەسارەکانی ئەمساڵ بۆ ڕای گشتی بڵاو بکەنەوە. هەڵبەت لێرەدا ئاماژە بە چەند ئامارێک دەکەین.

لە ئەمساڵدا لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاهیدی ئاگربەردان لە ژینگە و سروشت بووین. بەردەوام هەواڵی ئاگربەردان لە ژینگە و سروشتی "سەلاسی باوەجانی، کرماشان، مەریوان، سەوڵاوا، سنە، بانە، پیرانشار، پاوە و ئیلام و..." بڵاو کراوەتەوە و زۆرترین حاڵەتی ئاگربەدانەکانیش لە سەلاسی باوەجانی و مەریوان تۆمار کراون.

### چەند ئامارێک لە ڕێژەی ئاگرەکانی زاگرۆس

لەمبارەوە ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان ڕێکەوتی ١٠ی گەلاوێژ خشتەیەکی لە ئاگری دارستانەکانی شارستانەکانی

مەریـوان و سـەوڵاوا بـڵاو کـردەوە. بەپێـی ئەو خشـتەیە لە ئەمسـاڵدا (١٤ی ١ی ١٤٠٣ هەتـا ٨ی ٥ی ١٤٠٣)، ١١٢ حـاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە دارستان، لێڕەوار و ژینگەی شارستانەکانی مەریوان و سەوڵاوا تۆمار کراوە. بەڵام هەتـا ئێستا ئامارێکی ورد لە ڕێژەی ئەو زیانانەی کە وەبەر ژینگەی مەریوان و سەوڵاوا کەوتوون، لەبەر دەستدا نییە، چونکە هەتـا ئێستاش ئەو ئاگربەردانانە لە لێڕەوارەکانی ئەو ناوچەیە بەردەوامە کە لە تازەترین حاڵەتدا دەیان هێکتـار لە دارستانەکانی باشماخی مەریوان سووتێنراون.

لەلایەکـی دیکەوە بەپێـی وێـنەی ئاسمانیی سەتەلایتی "کوپێرنیک"، زیـاتر لە ١٥٠٠ هێکتـار لە دارستان و لەوەڕگەکـانی سەلاسـی باوەجـانی لە ئـاگربەردانە بەئەنقەسـتەکانی ئەم دواییـیـانەدا لەنێـو چـوون. لەم پەیوەنـدییەدا ژینگەپـارێزان ڕایانگەیانـدووە کە بەهـۆی نەبـوونی خزمەتگوزاری و کەمتەرخەمیـی ناوەنـدە پەیوەندیدارەکانی ڕێـژیم لە نـاوچەکە، وێـڕای گیانفیدایی ژینگەپارێزان و خەڵکی خۆبەخش، ئەم ڕێژە زۆرە لە دارستانەکانی ئەم ناوچەیە، سووتـاون.

لەمبارەوە "ئەسغەر ئاغاز"، فەرماندەی یەکەی پاراستنی ژینگەی کرماشان، وێڕای ئاماژەدان بە زیادبوونی ئاگربەدانەکـان لە کرماشـان، لە وتـووێژ لەگەڵ ماڵپەڕەکـانی سـەر بە ڕێـژیم لە نێوخـۆ، وتبـووی: "لە سـەرەتـای سـاڵی ١٤٠٣ تـا ئێسـتا، ٢٠ ئـاگرکەوتنەوە بە ڕووبەری هەزار و ٩٠٠ هێکتـار ڕووی داوە." هەرچەنـد ئـامارەکە لەوە زیـاترە، بەڵام ئەگەر بەپێـی هەمـان ئامـار بێـت، لە ئەمسـاڵدا ڕێـژەی ئاگربەردانەکـان لە کرماشـان ٢٠ هێنـدە زیـادی کـردووە. شـایانی باسـە زۆربەی ئەو ئاگربەردانانە کە لە کرماشان ڕوویان داوە لە ناوچەی "بۆزین و مەرەخێڵ، بێستوون، قەڵاجە، برنجان و قەراوێز" بووە.
لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئامارەکانی ناوەندە پەیوەندیدارەکانی ڕێژیمی ئێران لە پارێزگای لوڕستان، لە ئەمسـاڵدا زیـاتر لە ٣١٠٠ هێکتـار لە دارسـتان و لەوەڕگە و ژیـنگەی ئەو پارێزگـایە سووتێنراون. بـۆیە دەردەکەوێت کە ژیـنگەی زاگـرۆس بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەرەو لەنێوچوون دەبرێت.

هەروا کە لە سەرەتای بابەتەکەدا ئاماژەم پێ دا، وێڕای ئەو ناوچانەی ناومان هێنان، لە ئەمساڵدا دەیـان ئـاگربەردان لە ناوچەکـانی "بـانە، سنە، ئیلام، پـاوە و پیرانشـار" ڕوویانـداوە، بەڵام هەتـا ئێسـتا ئامارێکی ورد لەم پەیوەنـدییەدا بـڵاو نەکراوەتەوە. هەر بۆ نموونە لە ئەمساڵدا چەندین جار ئاگر بەردراوەتە کێوی گەشتیاریی "ئاویەر"ی سنە و چەندین هێکتار لە ژینگەی ئەم شوێنە گەشتیارییەی لەنێو بردووە.

## گوشار بۆ سەر خەباتکارانی ژینگەیی

ئەوەی دەبێ سەرنجمان لەسەری بێت ئەوەیە کە ژینگەپارێزانی کوردستانی و خەڵکی خۆبەخشی کوردستان، لە کۆنترۆڵکردن



سەرچاوە
Serchawe

و کوژاندنەوەی ئاگری ژینگە و دارستانەکانی کوردستان، زۆرترین ڕۆڵیان گێڕاوە. ئەوان بەوپەڕی گیانفیداییەوە و بە کەمترین خزمەتگوزارییەکان، بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک، بە هانای ژینگەی نیشتمانەوە چوون. وێڕای هەموو ئەم زەحمەتانە، تەنانەت لەلایەن ناوەندە سەرکوتکارەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە خراونەتە ژێر گوشاریشەوە و هەر لە ئەمساڵدا چەندین ژینگەپارێز لەلایەن ناوەندەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون. بۆ نموونە لە ماوەکانی ڕابردوودا "خەلیل پەرەندەک خەڵکی ڕوانسەر و لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزەرانی ژینگەی چرۆ، یاسر نووری لە چالاکانی ژینگەپارێزی خەڵکی جوانڕۆ، فەریدە وەیسی و حەمید سەبزە لە چالاکانی ژینگەپارێزی ژیوای و هەردووکیان خەڵکی شاری پاوە، فەرزین موەفەقی، ئەمیر نەدیمی، حیسام مەهدی لە مامۆستایانی فەرمانگەی پەروەردە و بارهێنان و ئامانج قوربانی هەر چواریان خەڵکی شاری کامیاران و..."، دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئیسماعیل کەریمی، چالاکی ژینگەپارێزی خەڵکی کامیاران، لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای تیرۆریستی پاسداران و بە بەکارهێنانی توندوتیژییەوە دەستبەسەر کرابوون. شایانی باسە کە ڕێکەوتی ٣ی گەلاوێژ، "ئیسماعیل کەریمی"، چالاکی ژینگەیی و فەرمانبەری فەرمانگەی سەرچاوە سروشتییەکانی شاری کامیاران کە ڕێکەوتی ١ی گەلاوێژ لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگر جەستەی سووتابوو، گیانی لەدەست دا. هەر لەم پەیوەندییەدا ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان ڕایگەیاندبوو: "لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگای داد دەبێ ئەو کەسانەی وا بوون بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر و شەهیدکردنی ئەم ئازیزە، بە زووترین کات بۆ ژینگەپارێزان و ڕای گشتی دیاری بکات و سزای بدات و بەپەلە ڕێگایەکی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاڵانچییەکان و چەتەکانی ژینگە بدۆزێتەوە." بەڵام هەتا ئێستا هیچ کارێک لەلایەن ڕێژیمەوە نەکراوە، چونکە تاوانباری سەرەکی بۆ خۆیەتی.

## بەڵام هۆکارەکانی سووتانی دارستان و ژینگەی کوردستان و زاگرۆس کامانەن؟

سووتانی ژینگە و دارستانەکانی کوردستان چەند هۆکاری سەرەکیی هەیە، بەڵام سەرەکیترین هۆکار، ڕێژیمی ئێرانە. ڕێژیمی ئێران لەمێژە سیاسەتی تاڵانکردن و لەنێوبردنی ژینگەی زاگرۆس و کوردستانی گرتووەتەبەر. بنکە سەربازییەکانی ڕێژیم لەسەر سنووورە دەستکردەکانی کوردستان ئاگر بەردەدەنە دارستان و ژینگەی دەوروبەری بنکەکانیان.

بۆ نموونە هەر لە ئەمساڵدا، بەپێی هەواڵێک کە ئەنجومەنی پاژینی بانە بڵاوی کردەوە، "هەنگی مەرزی"ی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران لە سنووری دەستکردی هەنگەژاڵ و برویشکانی بۆ چەندەمین جار، دارێکی زۆری بەڕوویان بڕیوەتەوە و خەسارێکی زۆریان بە ژینگەی ئەو ناوچەیە گەیاندووە.

هەروەها یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ڕێژیم لە ئاگربەردان لە ژینگەی کوردستان، سەرقاڵکردنی ژینگەپارێزان و کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانە بەم ئاگرانە، تاکوو دەرفەتی هیچ جۆرە چالاکییەکی دیکەیان نەبێت.

لەلایەکی دیکەوە، دەستوپەیوەنییەکانی ڕێژیم و کەسانی هەلپەرستی سەر بە ڕێژیم، لە کاولکردنی دارستانەکانی کوردستان ڕۆڵیان هەیە. بۆ نموونە کەسانێک هەن بۆ گەورەکردنی باخەکانیان، دارستانەکانی دەوروبەری باخەکانیان لەنێو دەبەن. کەسانی دیکەش هەن خەریکی دروستکردنی "خەڵووز"ن و کەسانی دیکەش هەن بە لەنێوبردنی دارستانەکان دەست بەسەر زەویی نیشتماندا دەگرن. ئەو کەسانە بە شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ دەسەڵات لە پەیوەندیدان، بۆیە بەبێ ترس خەریکی کاولکارین.

## کۆتایی

کاولکردنی ژینگە و دارستانەکانی کوردستان وێڕای کاریگەریدانان لەسەر ژینگە و ئێکۆسیستەمی کوردستان و گۆڕانی کەشوهەوای ناوچەکە، کاریگەریی لەسەر دۆخی دەروونیی خەڵکیش داناوە. لەلایەکی دیکەوە کاریگەریی لەسەر ئێکۆتوریزم و ئابووریی خەڵکیش داناوە، کە هەموویان خواست و ئامانجی ڕێژیمی ئێرانە.

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## پەرەسەندنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان




لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە لە تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمە بەسەر ئێران و داگیرکاریی ئەم ڕێژیمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەردەوام و بە شێوازی جۆراوجۆر، مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە پێشێل کراوە. هەرچەند باس لەوە دەکرێت کە دەسەڵات دوو باڵە (بناژۆخواز و ڕیفۆرمخواز)، بەڵام بەگشتی جەوهەرییەتی ئەم دەسەڵاتە هەر یەک شتە و ئەوەی باوەڕی وایە لەنێوان ئەم دوو باڵەدا جیاوازییەک هەیە، بەتەواوەتی لە هەڵەدایە.

بۆ نموونە لە ئێستادا "مەسعوود پزیشکیان" وەک سەرۆککۆماری ئەم ڕێژیمە دانراوە (بۆیە دەڵێم دانراوە، چونکە شتێک بە ناو هەڵبژاردن لە ئێران بوونی نییە و هەمووی شانۆی دەسەڵاتە) و ڕیفۆرمخوازەکان پشتیوانییان لێ کرد و پزیشکیان بۆ خۆیشی هەوڵی دا کە خۆی وەک ڕیفۆرمخواز پیشان بدات، بەڵام بەپێچەوانەی بانگەشەکانیان، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران نەتەنیا کەمی نەکردووە، بگرە زۆرتریش بووە کە لە درێژەی بابەتەکەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین.

زیاتر لە مانگێکە مەسعوود پزیشکیان کراوە بە سەرۆککۆماری ڕێژیم و بۆ خۆیشی هەر لە سەرەتاوە وتی کە: "هەندێک کەس پێیان وایە من دەبێ کارێک بکەم، من ناتوانم کارێک بکەم... من بەڵێنییەکی تایبەتم نەداوە..."، ئەمە بۆ خۆی سەلمێنەری ئەوەیە کە سەرۆککۆمار لە ڕاستیدا بێ دەسەڵاتە و ناوەندی سەرەکیی بڕیاردان لە ئێران "بەیتی ڕەهبەری"یە.

هەروەها سەلمێنەری ئەوەیە کە بە چوون و هاتنی سەرۆککۆمارەکان (چ بناژۆخواز و چ ڕیفۆرمخواز)، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕدرێت.

## لەسێدارەدانی لانیکەم ٩٤ بەندکراو لە ئێران لە ماوەی یەک مانگدا

بە پێی ڕاپۆرتێک کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی "هەنگاو" بڵاوی کردووەتەوە، لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینیدا (ئاگۆست)، لانیکەم سزای سێدارەی ٩٤ بەندکراو لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران جێبەجێ کراوە. هەروەها ئەو ئامارە بە بەراورد لەگەڵ مانگی "جولای" کە ٥٥ بەندکراو لەسێدارە درابوون، ٣٩ حاڵەت، واتە ٧١ لەسەد زیادی کردووە (واتە بە پێچوانەی بانگەشەی ڕیفۆرمخوازەکان، لەسێدارەدان زیادی کردووە). هەروەها ٢١ لەسەدی بەندکراوانی لەسێدارەدراو لەو مانگەدا هاووڵاتییانی کورد بوون.

لە ماوەی مانگی ئاگۆستدا، لانیکەم ٢٨ هاووڵاتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ٨ کەسیان لوڕن، لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە بەندیخانەکانی ئێران لەسێدارە دراون کە یەکێکیان "ڕەزا ڕەسایی"، بەندکراوی سیاسیی کوردی یارسان بوو کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا دەستبەسەر کرابوو و ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژ لە بەندیخانەی دیزڵاوای ڕێژیم لە کرماشان لەسێدارە درا.

## کوژران و برینداربوونی ١٥ کۆڵبەر لە ماوەی یەک مانگدا

هەر بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی "هەنگاو"، لە ماوەی مانگی ئاگۆستی ٢٠٢٤دا، لانیکەم ١٥ کۆڵبەر لە سنوورە دەستکردەکانی کوردستان کوژراون یان بریندار کراون کە ٨٦،٥ لەسەدی سەرجەم ئەو حاڵەتانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بوونەتە قوربانی.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، ٤ کۆڵبەر کوژراون و ١١ کۆڵبەریش بریندار کراون. "ئەسعەد ئەفرەنجە" خەڵکی مەریوان، "ناسر عوسمانی" خەڵکی ڕەبەت، "عەلی ڕەسووڵی" خەڵکی مەهاباد و "ئەسعەد ئەسپەندار" خەڵکی سەردەشت ئەو چوار کۆڵبەرەن کە لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینیدا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران یان بەربوونەوە لە چیاکان گیانیان لەدەست داوە. هەروەها زیاترین ژمارەی کۆڵبەرانی قوربانی بە ١٣ حاڵەتەوە لە سنوورەکانی پارێزگای سنە تۆمار کراون. پێویستە ئاماژەش بەوە بکەم کە کۆڵبەری نە کارێکی ئاساییە و نە لە بنەڕەتدا کاری مرۆڤە، بەڵکوو بەرهەمی داگیرکاریی دەسەڵاتی تارانە لە کوردستان.

## گوشار بۆ سەر مامۆستایانی ئایینیی کورد

ئێمە هەمیشە شاهیدی گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتی و نیزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خەڵکی کوردستان، خەباتکارانی مەدەنی و ژینگەیی و هەروەها مامۆستایانی ئایینیی نیشتمانپەروەر بووین. بۆ نموونە لەم دواییانەدا مامۆستا "سابیر خودامورادی"، پێشنوێژی گەڕەکی قەوەخی شاری سەقز، لەلایەن دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئایینیی هەمەدان، ١٥ مانگ بەندکرانی بەسەردا سەپێندراوە.

هەروەها ڕۆژی یەکشەممە ٤ی خەرمانان، مامۆستا "عەلی بەهرامی"، بەرنوێژی گوندی "نێ" سەر بە شاری مەریوان لە سنووری باشماخی شاری مەریوان لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا و دوای نزیکەی ٧ کاتژمێر لێپرسینەوە ئازاد کرا، بەڵام مۆبایلەکەی ناوبراویان لێ زەوت کرد.

## گوشار بۆ سەر خەباتکارانی مەدەنی و ژینگەییی کورد

هەروا کە ئاماژەم پێ دا گوشارەکان بۆ سەر خەڵک و بەتایبەتی خەباتکارانی مەدەنی و ژینگەیی نەتەنیا کەم نەبووەتەوە، بگرە زۆرتریش بووە. بۆ نموونە هەر لە ئێستادا چارەنووسی هەشت خەباتکاری ژینگەییی خەڵکی "گیەڵان" ناڕوونە و سپای تیرۆریستی پاسداران دەیەوێت دۆسیەی ساختەیان بۆ دروست بکات.

ئەو هەشت کەسە بە ناوەکانی "ماریا خانی، موحسین ئیسفەندیاری، ئارەش ئولفەتی، جەهانگیر ئازادی، لوتفوڵڵا پەرویز، حەمیدڕەزا ڕەحیمیان، سەلمان پەرهان و محەممەد پەرویز" لە خەباتکارانی مەدەنی و ژینگەپارێزیی خەڵکی گیەڵانن کە کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژ لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای تیرۆریستی پاسدارانەوە دەستبەسەر کران.

## کۆتایی

پێشێلکراییە مافی مرۆییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان لەم یەک مانگەدا، تەنیا لەم چەند خاڵەدا بەرتەسک ناکرێتەوە. بۆ نموونە هەر لە ماوەی ئەم یەک مانگەدا بە دەیان هاووڵاتیی کورد دەستبەسەر کراون، سزای بەندکران و قامچییان بەسەردا سەپێندراوە و بۆ دەیان هاووڵاتیی دیکەش دۆسیەی ساختە دروست کراوە. هەروەها بە دەیان هاووڵاتیی کوردیش ئێستا لە بەندیخانەکانی ڕێژیم بۆ دانپێدانانی زۆرەملێ لەژێر ئەشکەنجەدان. دەبێ باشیش بزانین کە ئەم ڕێژیمە هەتا لە دەسەڵاتدا بێت، ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## لەپێناو گەشەی وشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا



بۆ گەشە و بەهێزکردنی وشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کورد کە خاکی داگیر و هەموو مافە سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پێشێل کراوە، ڕێکارگەلێکی زۆر هەن کە دەتوانرێت کەلکیان لێ وەربگیرێت و ئەنجامی کاریگەریان هەبێت. لێرەدا بە جەختکردنەوە لەسەر "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، بەکورتی دەپەرژێمە سەر چەند خاڵێکی گرنگ و بەرچاو و کاریگەر.

### فێرکاری، پەروەردە و ئاگادارکردنەوە

- لەبەر ئەوەیکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگیر کراوە، دەرەتانی فێرکاری و باسکردن لە مێژووی کوردستان وەک وانەیەکی خوێندن لە قوتابخانەکان و زانکۆکان نییە، کەوایە دەبێ لە ڕێگای میدیا و سۆشیال میدیایەوە باس لە مێژووی ڕاستەقینەی کوردستان، خەباتی گەلی کورد و ئەو ستەمانەی لە کوردستان و کورد کراوە بکرێت؛ تاکوو نەوەی نوێ لە نامۆیی نەتەوەیی و مێژوویی بپارێزرێن.

- دەبێ جوگرافیا، سنوور، نیشتمان و سەرچاوە سەرزەوی و بنزەوییەکانی کوردستان بە خەڵک، بەتایبەتی نەوەی نوێ بناسێنرێن و باس لە گرنگایەتیی ئەم بابەتە و تاڵانکردنی نیشتمانمان لەلایەن داگیرکەرانەوە بکرێت.

- گەشە و بـرەودان بە فەرهەنگی کـوردی، لەوانە "زمـان، ئەدەبیـات، مۆسیقا، هەڵپەڕکـێ، جێژنـی نەتەوەیـی (نەورۆز)، جلوبەرگ و داب و نەریتـی کـوردی" و باسکردن لە گرنگایەتییـان بـۆ ناسـنامە و شوناسـمان، پێویسـتە و دەبـێ بەردەوام جەختیان لەسەر بکرێتەوە. ئەمە بۆ خۆی پەرچەکردارێکیشە لەهەمبەر سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی داگیرکەر دژی گەلەکەمان کە دەیانەوێت ئێمە لەنێو خۆیاندا بتوێننەوە.

- دامەزراندن و پشتیوانی لە سۆشیال میدیا و میدیا کوردییەکان (تیڤی، ڕادیـۆ، ماڵپەڕ و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) کە بە زمـانی کـوردی و زمانەکـانی دیکە دەپەرژێنە سـەر پرسە پەیوەندیـدارەکان بە کوردسـتان و کـوردەوە، بەتـایبەتی پرسە نیشتمانی و نەتەوەیییەکان؛ ئەرکێکی گرینگ و هەستیارە.

- چـاپ و بڵاوکـردنەوەی کتێـب، گۆڤـار، ڕۆژنـامە و... بە زمـانی کـوردی و زمانەکـانی دیکە لەبـارەی مێـژوو، جوغرافیـا، فەرهەنگ، سیاسەت و پرسە پەیوەندیدارەکان بە کوردستان و کورد کە دەبێ گرینگیی پێ بدرێت.

- پێویستیی دامەزراندن و پشتیوانی لە ڕێکخراوە خەڵکییەکان کە لە بواری "مافی مرۆڤ، فەرهەنگ، پەروەردە، ئەدەبیـات و ژینگەی کوردستان و..." چالاکی دەکەن.

## چالاکیی فەرهەنگی و هونەری

- بەڕێـوەبردنی جێـژن و ڕێوڕەسمە فەرهەنگـی و نەتەوەییـە کوردییەکـان، وەک نەورۆز، بە شـێوەی بەشکۆ و بە بەشـداریی بەرچاوی خەڵک و کەڵکوەرگرتن لە هێما نەتەوەیییەکان و ڕێگەنەدان بە هێماکانی داگیرکەر لەم جێژن و ڕێوڕەسمانەدا.

- بەرهەمهێنـان و بڵاوکـردنەوەی فیلم و شـانۆگەلێک کە دەپەرژێـنە سـەر پرسـە پەیوەندیـدارەکان بە کـورد و کوردسـتانەوە و باس لە مێژوو و فەرهەنـگ و ناسـنامەی کوردستان دەکەن. (لەمبـارەوە باشووری کوردستان خـاوەن پۆتـانسییەلێکی بـاشە و دەتوانێت یاریدەری پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بێت).

- پشـتیوانی لە هونەرمەنـدانی کوردسـتانی و دەرووەسـت و بەڕێـوەبردنی کۆنسـێرت بـۆ هونەرمەنـدان و مۆسـیقاژەنان و گرووپەکـانی هەڵپەڕکـێ. هەروەهـا ئاگـادارکردنەوەی ئەم گـرووپە هونەرییـانە کە بە هـیچ شـێوەیەک لە ڕێوڕەسـمە حکوومەتییەکاندا بەشداری نەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

- بەڕێوەبردنی پێشانگەی هونەری و فەرهەنگیی کوردیی جۆراوجۆر لە کوردستان و وڵاتانی دیکەی جیهان (ژمارەیەکی زۆری کورد بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی دەژین).

## چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی

- هاتنەڕیز و پشتیوانی لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردی و کوردستانییەکان کە بۆ سەروەریی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد خەبات دەکەن.

- پشتیوانی و بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکان و کۆبوونەوە خەڵکییەکان بۆ دەربڕینی خواست و ویستەکان و نارەزایەتیدەربڕین لەمەڕ ستەم و هەڵاواردنەکان.

- پەیوەندیگرتن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی تر بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەمەڕ دۆخی کوردەکان و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانییەکانیان، هەروەها ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەم هەوڵ و چالاکییانە.

- پێکهێنان و گەشە و بەهێزکردنی هاوپەیوەندی و یەکانگیریی نێوان کوردستانییان لە هەموو کوردستان و دیاسپۆرا. (لەمبارەوە حیزب و ڕێکخراو و ئەنجومەنە کوردستانییەکان دەتوانن بە باشترین شێوە چالاکی بکەن).

## گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی

- هەوڵدان بۆ گەشەی ئابووریی کوردستان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ لاوانی کورد لە ڕێگەی سەرمایەدارە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانەوە.

- گەشەی ژێرخانەکان؛ نۆژەنکردنەوەی ژێرخانەکانی کوردستان، بەتایبەتی قوتابخانە، نەخۆشخانە و ناوەندە فەرهەنگییەکان لەلایەن سەرمایەدارە نیشتمانپەروەرە کوردەکانەوە.

- پشتیوانی لە جووتیاری لە کوردستان و پێکهێنانی بەستێنی پێویست بۆ گەشەی جووتیاری.

**تێبینی:** ئابووریی بەهێز بۆ ئەو چالاکییانەی کە مەبەستیان گەشە و بەهێزکردن هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانییە، زۆر

زۆر پێویستە.

### پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژوویی و فەرهەنگییەکان

هەوڵدان بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان کە پیشاندەری ناسنامە و مێژووی ئەم نیشتمانەن. (لەم پەیوەندییەشدا پێویستمان بە ڕێکخراوەی خەڵکی و پشتیوانیی ماڵیی سەرمایەدارە نیشتمانپەروەرە کوردەکانە).

نۆژەنکردنەوەی شوێنە ئایینی و فەرهەنگییەکانی کوردستان کە بەهۆی سیاسەتی هەڵاواردن و ئاسمیلاسیۆنی داگیرکەرانەوە وێران کراون یان پەراوێز خراون، هەروەک شوێنەوارە مێژووییەکان، پێویستە.

### ئەنجام:

پێویستە ئەم چالاکییانە بە شێوەی بەردەوام و شێلگیرانە، لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی کوردستان (ڕووناکبیران، هونەرمەندان، چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی و تەنانەت خەڵکی ئاساییش) جێبەجێ بکرێن، تاکوو کاریگەریی پۆزەتیڤ لەسەر هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانییان دابنێن و ڕزگاربوونمان لە داگیرکاری مسۆگەرتر بێت.

١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## نەورۆز و خەبات بۆ ناسنامە



نەورۆز وەک گرنگترین جێژنی نەتەوەیی و فەرهەنگی لەنێو کوردستانییاندا، هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەرخۆدانی کولتووری، پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و لەکولۆنیدەرهێنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. ئەم جێژنە نەک هەر وەک ڕێوڕەسمێکی نەریتی، بەڵکوو وەک هێمایەک لە بەرخۆدان لەهەمبەر سیاسەتەکانی ئاسمیلەکردنی کولتووری و نکۆڵیکردن لە ناسنامە چاوی لێ کراوە و بەکردەوەش بەڕێوە چووە.

### نەورۆز وەک هێمای ناسنامەی کولتووری و نەتەوەیی کوردستانییان

نەورۆز یەکێکە لە کۆنترین جێژنە کوردییەکان کە لە کۆنەوە لە کوردستاندا بەرز ڕادەگیرێت. ئەم جێژنە بۆ کوردستانییان سەرترە لە جێژنێکی کۆن و نەریتی، واتە هێمایەکە لە بەرخۆدان لەهەمبەر سیاسەتەکانی سڕینەوە و نکۆڵیکردنی فەرهەنگی. بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێران هەوڵی سنووردارکردن یان کۆنترۆڵکردنی جێژنی نەورۆزی کوردستانیان داوە، بەڵام خەڵکی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ئەم بۆنەیە، لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی و سەربەخۆیی کولتووریی خۆیان جەختیان کردووەتەوە.

## نەورۆز و خەباتی کوردستانییان دژی داگیرکەر و داگیرکاری

لە زۆر حاڵەتدا (وەک نەورۆزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو) نەورۆز بووەتە ڕێوڕەسمێکی سیاسی و وەک دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی گەلی کورد بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوتی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی بەکار هێنراوە. هەروەها لە مێژووی خەباتی کورددا، نەورۆز هەمیشە دەرفەتێک بووە بۆ نیشاندانی یەکیەتیی نەتەوەیی و زیندووکردنەوەی بەها نەتەوەییەکان. هەر لە ڕێوڕەسمەکانی پێشوازی لە نەورۆزی ئەمساڵ، دروشمگەلی نەتەوەیی و نیشتمانیی زۆر گوترانەوە؛ بۆ نموونە لە چیای "جاقل"ی سەقز، خاکیپۆشان ئەم دروشمەیان گوتەوە: "ژینی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم دەوێ." ئەمە بۆ خۆی لووتکەی وشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانییانە.

## نەورۆز، زمانی کوردی و بەرخۆدان لەهەمبەر کۆلۆنیالیزمی فەرهەنگی

زمانی کوردی یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی ناسنامەی کوردستانییان کە لە سەردەمی حکوومەتە جۆراوجۆرەکاندا لەژێر گوشار و سەرکوتدا بووە و تەنانەت قەدەغەش کراوە. لە کاتی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا شێعر، پەخشان، چیرۆک، سروود و گۆرانیی ڕەسەن و نیشتمانیی کوردی پێشکەش دەکرێن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیندووکردنەوە، پاراستن و گەشەی زمانی کوردی. زۆرێک لە نووسەران و شاعیرانی کوردستان، نەورۆز وەک هێمایەک بۆ بوژاندنەوەی ناسنامەی کولتووری و دژایەتیی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم دەزانن.

## نەورۆز وەک هێمای یەکانگیری و یەکگرتوویی نەتەوەیی

جێژنی نەورۆز هەمیشە بە شێوەیەکی گشتی و بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچێت و دەرفەتێک بۆ هاودەنگی و یەکدەنگی و یەکگرتوویی لەنێوان خەڵکی کوردستان دەڕەخسێنێت. ئەم هاوپشتییە ڕۆحی بەرخۆدان لە دژی سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکان بەهێز دەکات و خەڵک هان دەدات نەریت و بەها و ناسنامەی خۆیان بپارێزن و خەباتی بۆ بکەن.

## نەورۆز و شەڕی هێماکان

ئەوەی لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ دەیبینین و تەنانەت ساڵی ڕابردووش بینیمان، شەڕی هێماکانی کوردستانە دژی هێماکانی داگیرکەران. شەڕی هێماکان بۆ نەتەوەی کورد کە دەوڵەتی نییە، گرنگییەکی زۆری هەیە. دەتوانم بڵێم هێماکان بۆ نەتەوەیەک کە دەوڵەتی نییە، تەنانەت گرنگتر لەو نەتەوانەیە کە دەوڵەتیان هەیە. هێماکان دەتوانن هەستی هۆگری

و یەکانگیری لەنێوان کوردەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و تەنانەت دەرەوەی کوردستان، بەهێز بکەن. ئەمە بە واتای پێکهێنانی ناسنامەی بەکۆمەڵ و هەستی هاوبەشە. هێماکان دەتوانن وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی هێز و بەرخۆدانمان بن. دەتوانن پیشاندەری ویستی نەتەوەیی و ناسنامەخوازیمان بن و هیوا و وەرەمان بۆ خەبات لەپێناو وەدیهێنانی ئامانج و مافەکانمان بەهێز بکەن. بۆیە، شەڕی هێماکان بۆ نەتەوەی کورد (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، نەتەنیا خەباتێکی فەرهەنگییە، بەڵکوو خەباتێکی سیاسییە و خەباتێکە بۆ "بوون"مان.

هەروەک بە کورتی باس کرا، نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرتر لە جێژنێکی نەریتییە و بووەتە هێمای لەکولۆنیدەرهێنانی فەرهەنگی و ناسنامەیی. ئەم جێژنە یارمەتیی داوین تا لەهەمبەر سیاسەتەکانی سەپاندنی ناسنامە و زمانی داگیرکەر خۆڕاگری بکەین و پەیوەندییەکانی خۆمان بە ڕابردوو و کولتووری خۆمانەوە بپارێزین. لە زۆر حاڵەتدا، وەک ئێستا کە دەیبینین، نەورۆز بەستێنێک بووە بۆ نارەزایەتیی سیاسی و دەربڕینی داخوازییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

## کورد و بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی کوردستان



نەورۆزی ئەمساڵ، یەکێک لە جیاوازترین و تایبەتترین نەورۆزەکانی مێژووی کورد و کوردستان بوو. ئەوە زیاتر لە مانگێکە لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێوڕەسمی نەورۆزی بە شێوەیەکی پڕشکۆ و کوردانە بەڕێوە دەچێت. گۆڕەپانەکانی کردنەوەی ئاگری نەورۆز، بوونە بە گۆڕەپانی ناسنامەخوازی و شەڕی هێمای کوردستانییان دژ بە داگیرکەر و داگیرکاری. خەڵک بە ڕەنگی خاک، لەسەر کوردستانیبوونی ئەم ئاو و خاکە جەخت دەکەنەوە و دروشمی "ژینی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم دەوێ" دەڵێنەوە. لە ئیلام و کرماشانەوە خاوەندارێتیی خۆیان بۆ ورمێی دڵی کوردستان ڕادەگەیەنن و لە ماکۆ و سەڵماسەوە پەیامی "سمکۆی شکاک" دەگەیەننە باشووریترین خاڵی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

بە پێچەوانەی نەریتی ساڵانی ڕابردوو کە تەنیا لە دوایین ڕۆژی زستان و ڕەشەمە ئاگری نەورۆز دەکرایەوە، دوای شۆڕشی ژینا و ئەوە دوو ساڵە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان مانگێک درێژەیان کێشاوە و وا پێشبینی دەکرێت کە لە ساڵانی داهاتووشدا هەر بەم شێوەیە بێت. بەڵام لێرەدا نابێ خاڵێکی زۆر گرنگمان لەبیر بچێت، ئەویش بوونی دوو ڕێکەوتی تاڵ و ناخۆشە لە مێژووی گەلەکەماندا کە ڕێک دەکەونە نێو ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێکیان ١٦ی مارس (٢٥ی ڕەشەمە) ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەویتریان ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی لەسێدارەدانی یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیەتی لەلایەن ڕێژیمی ڕووخاوی پەهلەوییەوە.

ئێمەی کورد نەتەوەیەکی شادین و فەرهەنگ و کولتوورمان وەک سروشتەکەمان ڕەنگاوڕەنگە. ئەمەش کاریگەری لەسەر شێوەکانی هەڵپەڕکێ لەنێو کورددا داناوە، واتە هەڵپەڕکێی ئێمە تەنیا بۆ دەربڕینی شادی و خۆشی نیە، بەڵکوو هەڵپەڕکێی تایبەت بە ڕەزم و شینگێڕانیشمان هەیە. کاتی خۆی و بە درێژایی مێژوو، کاتێک ئەژدادەکانمان لە شەڕدا دوژمنانیان شکست دەدا، هەڵدەپەڕین، هەڵپەڕکێیەکی تایبەت بە ڕەزم. هەروەها لە کاتی شینگێڕانیشدا هەڵپەڕکێی تایبەتی خۆمان هەبووە، کە ڕەنگە ئێستا تەنیا لە هەندێک ناوچەدا وەک نەریت مابێتەوە. بەڵام بەگشتی فەرهەنگی کوردی دوور بووە لە فەرهەنگی شینگێڕانی بەردەوام و ڕێورەسمگەلێکی هاوشێوەی شینگێڕانی نەتەوەکانی دەوروبەرمان. ئێمە نەتەوەیەک بووین کە هەمیشە ئەخلاق و ڕێزگرتنمان لەبەرچاو بووە و باوەڕمان وا بووە هەر شتێک لە کات و ساتی خۆیدا جێی بایەخە. بۆ نموونە گوندەکانی کوردستان بگرینە بەرچاو؛ ماڵی وا بوو زەماوەندیان لەڕێ بووە، بەڵام چونکە جیرانەکەیان یان هاوگوندییەکەیان پرسەیان هەبووە، لەبەر ڕێزی ئەو بنەماڵەیە و لەبەر ئەخلاق و جوانمێریی کوردانە، زەماوەندەکەیان وەدوا خستوە و دواتر لەسەر داوا و ئیزنی خاوەن پرسەکە ئاهەنگی خۆیان گێڕاوە.

بەڵام نەورۆز لە هەموو ئەم بابەتانە جیاوازترە. نەورۆز جێژنێکی نەتەوەیی و کۆن و مێژوویی کورد و کوردستانە و هێمای نوێبوونەوە و ناسنامەی ئێمەیە. کورد لە ناخۆشترین کاتەکانی مێژوودا، هەر ئاگری نەورۆزی کردووەتەوە تاکوو بیسەلمێنێت ئەم گەلە قەت چۆک دانادات و هەتا کوردێک مابێت، نەتەنیا کوردستان دەمێنێت، بەڵکوو ئاگری نەورۆزی کوردەواریش هەر دەکاتەوە. وەک چۆن نەورۆز جیاوازە، ڕۆژانێکی وەک ١٦ی مارس و ١٠ی خاکەلێوەش جیاوازن، چونکە ڕۆژانێکی تاڵن لە مێژوو و بیرەوەریی مێژوویی کورددا و نابێ لەبەر نەورۆز لەبیر بکرێن یان نەورۆزیش لەبەر ئەوان لەبەرچاو نەگیرێت، بەڵام ئەوەش ڕێگەچارەی خۆی هەیە.

بۆ نموونە کاتێک لە ١٦ی مارسدا لە باشووری نیشتمانمان یادی شەهیدانی هەڵەبجە دەکرێتەوە، نە جوانە و نە لەگەڵ ئەخلاقی کوردانەی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دەگونجێت کە بۆ پێشوازی لە نەورۆز هەڵپەڕین و شادی بگێڕین. هەروەها بڕیار نییە شینیش بگێڕین. ئێمەش وەک خەڵکی باشوور خاوەن شەهیدانی هەڵەبجەین (نەتەنیا خاوەنی شەهیدانی هەڵەبجەین، بەڵکوو خاوەنی هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستانین) کەوایە باشتر وایە یان ڕێورەسمی نەورۆزی بەڕێوە نەبەین یان کە بەڕێوەمان برد، هەڵنەپەڕین و تەنها ئاگری نەورۆز بکەینەوە و لەجێی گۆرانیی شاد، سروودی نیشتمانی بڵێینەوە و بە هەڵکردنی مۆم و هەڵگرتنی وێنەی شەهیدانی هەڵەبجە، یاد و ناویان بەرز ڕابگرین و پەیامی یەکیەتیی و هاوخەمی و هاوخوێنیی خۆمان بگەیەنینە خوشک و براکانمان لە باشووری کوردستان. ئەمەش بۆ خۆی پەیامێکە بۆ داگیرکەران کە سنوورە دەستکردەکانیان قەت ناتوانێت ئێمە لێک دابڕێت.

١٠ی خاکەلێوەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە. ئەم ڕۆژە ساڵیادی لەسێدارەدانی

پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیەتی (سەیفی قازی و سەدری قازی) لەلایەن ڕێژیمی ڕووخاوی پەهلەوییەوە. ڕۆژ نییە لە ڕۆژژمێری کوردستاندا کە ئێمە تێیدا شەهیدمان نەدابێت، بەڵام ئەم ڕۆژە جیاوازترە لە ڕۆژەکانی تر، ئەوەش چەند هۆکاری هەیە. یەکەم ئەوەیکە پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی حیزبی یان ناوچەیی نییە، بەڵکوو سەرتر لە هەر چوارچێوەیەکی حیزبی و فیکری و ئیدئۆلۆژییەکە. پێشەوا کەسایەتییەکی نیشتمانی و نەتەوەییە، دامەزرێنەری یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی و یەکەم سەرۆککۆماری کوردستانە و ئێستاش بە سەدان هەزار کەس لەسەر ڕێبازی ئەو بە شێوازی جۆراوجۆر چالاکی و خەبات دەکەن. دووەم ئەوەیکە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کراوە، وەک چۆن لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ڕۆژێک بۆ کوژراوانی وڵاتەکانیان دیاری کراوە و لەو ڕۆژەدا بە شێوازی جۆراوجۆر یاد و ناویان بەرز ڕادەگرن، ئێمەش لەم ڕۆژەدا یاد و ناوی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕادەگرین و پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە.

ئەمساڵ، وێڕای بەردەوامیی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان، بەڵام خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا هیچ ڕێورەسمێکی نەورۆزییان بەڕێوە نەبرد. ئەمەش ئاستی بەرزی وشیاریی نەتەوەییی خەڵکەکەمان پیشان دەدات. خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژەدا سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد و گوڵی سووریان -کە هێمای شەهیدانی کوردستانە- پێشکەش کردن. خەڵکی نیشتمانپەروەر سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانیان کرد و دەستەگوڵی ڕێز و وەفایان پێشکەش کردن و بەڵێنیان پێ دان تاکوو گەیشتن بە ئاواتە بەرزەکانی نەتەوەکەمان، درێژەدەری ڕێگە و ڕێبازی شەهیدان بن. هەروەها تێکۆشەران بۆ یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، لە دەیان شار و گوند ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد. کوردستانیان نە شایییان کرد و نە شینیان گێڕا، سەلماندیانەوە کە وەک چۆن خاوەنی ئاگری دوژمنبەزێنی نەورۆزن، بە هەمان شێوە خاوەنی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستانن و ناکەونە هیچ داو و پیلانێکی داگیرکەران بۆ بێڕێزیکردن بە شەهیدانی خۆیان.

١١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

## کەلکوەرگرتن لە "بلاگەر"ەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی داگیرکاری لە کوردستان



ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (هەروەها لە هەرێمەکانی دیکەی وەک بەلووچستان) بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی داگیرکاری (کۆلۆنیالیزم)، چەندین شێوازی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت. یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکان کە لەم ساڵانەی دواییدا بەکاری هێناوە، بلاگەرە بەڕواڵەت سەربەخۆکانە. "بلاگەر" واتە ئەو کەسانەی بەگشتی ڤیدیۆ بەرهەم دەهێنن و لە سۆشیال میدیا بڵاوی دەکەنەوە، دیارە پێشتر بلاگرەکان بەو کەسانە دەگوتران کە وێبلاگیان هەبوو و بابەتیان دەنووسی.

لەم وتارەدا دەپەرژێینە سەر شێوەی کاری ئەم بلاگەرانە، نموونەی ڕاستەقینە و مۆدێلە دیاریکراوەکانی ئاساییکردنەوەی داگیرکاری لە ڕێگەی بلاگەرەکانەوە لە کوردستان و هەروەها تۆڕەکانی دروستکردنی بلاگەرە حکوومەتییەکان لە کوردستان.

### شێوەی کاری "بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆمەڵێک لەم بلاگەرانە بەڕواڵەت سەرنجیان لەسەر بابەتگەلی وەک "خواردن"، "گەشتیاری"، "کولتوور" یان "مێژوو"ە، بەڵام لە پراکتیکدا گێڕانەوەی فەرمیی دەسەڵات بەبێ ڕەخنەگرتن، بەرهەم دەهێننەوە. بۆ نموونە وێنەی کوردستان جۆرێک



سەرچاوە Serchawe

دەخەنە ڕوو کە هیچ نیشانەیەکی چەوساندنەوە و هەژاری پێکهاتەیی یان هەڵاواردنی پێوە دیار نیە؛ بەڵکوو ژیانێکی ئاسایی و ڕەنگاوڕەنگ و بێ گرژی نیشان دەدەن.

- بەشێک لەو بلاگەرانە لەلایەن ناوەندە ئیتلاعاتی و فەرهەنگییەکانەوە (وەک سپای پاسداران، ئیرشاد یان وەزارەتی ئیتلاعات) ڕێنمایی و تەنانەت پاڵپشتیی دارایی دەکرێن، ئەویش بە مەبەستی دروستکردنی نێوەڕۆک و بەرهەمگەلێک کە گێڕانەوەی داگیرکاری بشارێتەوە. ڕەنگە ئەم هاوکارییە ئاشکرا و دیار نەبێت؛ دەکرێت لە شێوەی هەقدەست، یارمەتیی سەفەر، مۆڵەتی تایبەت یان تەنانەت "پاراستن لە لێپێچینەوە" بێت.

- هەر ئەو بلاگەرانە لەبری پەرژانە سەر بابەتگەلی وەک "سەرکوتی سیاسی"، "هەڵاواردنی زمانی"، هەژاریی ئابووری" یان "میلیتاریزەکردنی بەربڵاو لە کوردستان"، تیشک دەخەنە سەر پرسە لاوەکی یان ناگرنگەکان، وەک ناساندنی چێشتخانەیەکی نوێ یان فێستیڤاڵێکی خۆماڵی، وەک ئەوەی کوردستان لە خۆشگوزەرانییەکی تەواودا بێت.

- هەندێکی دیکە لە بلاگەرەکان بە پشتگوێخستن یان بچووکنیشاندانی خەباتی گەلی کورد بۆ مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی، وا لە بینەری نێوخۆیی و تەنانەت بیانی دەکەن هەست بەوە بکەن کوردستان هیچ کێشەیەکی تایبەتی نیە و کێشەکانی "خۆجێی" و "بچووکن". ئەوان لە ڕاستیدا وەک دەڵاڵی ڕەواییدان کار دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەوان بە زمانی کوردی قسە دەکەن و جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن و وا دەردەکەون کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە دەکەن، بینەر وا گریمانە دەکات کە ئەم گێڕانەوەیانە خۆڕسک و جەماوەری بن نەک دەستکاریکراو.

## نموونەی ڕاستەقینە و مۆدێلە دیاریکراوەکانی ئاساییکردنەوەی داگیرکاری لە ڕێگەی بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکانەوە لە کوردستان

- دوای "شۆڕشی ژینا" و چڕبوونەوەی سەرکوتکردن، ڕێژیم پرۆژەیەکی بە ناوی "بوژانەوەی گەشتیاری لە کوردستان" دەست پێ کرد. ئەو بلاگەرانەی پێشتر تەنها وێنەی سروشت یان خواردنیان بڵاو دەکردەوە، لەژێر ناوی "ئاسایشی تەواو لە کوردستان"، "میوانداریی بێهاوتا" و "خەڵکی میهرەبانی کورد" دەستیان کرد بە بانگەشەکردنی گەشتە نێوخۆییەکان بۆ کوردستان. ئامانج لێی ئەوە بوو کە وێنەی توندوتیژانە و ڕاستەقینەی سەرکوت، هەژاری و بوونی قورسی هێزی سەربازی کاڵ بێتەوە یان نەمێنێت. بۆ نموونە، گەشتی بلاگەرە بەناوبانگەکانی تاران بۆ کوردستان بە شێوەیەکی تەواو نائاسایی و پلانبۆداڕێژراو دەستی پێ کرد و لە گرتە ڤیدیۆییەکانیاندا بەردەوام باسیان لەوە دەکرد کە هیچ نیشانەیەک لە خاڵەکانی پشکنینی هێزەکانی حکوومەت و هیچ خەبەرێک لە هەژاریی بەرفراوان نی؛ واتە کوردستان ئەمن و دوور لە هەر دیاردەیەکی

وەک هەژاری و پەرەنەسەندنە.

- لەلایەکی دیکەوە هەندێک لە بلاگەرە کوردەکان - هەندێک لەوانەی کە کار لەسەر پرسە فەرهەنگییەکان دەکەن- دەستیان کردوە بە سانسۆری چالاکانەی قەیران و هەڵاواردنەکان و بە ئاشکرا خۆیان لە باسکردنی قەدەغەکردنی وانەگوتنەوە بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان، دەرکردنی مامۆستایانی کورد، یان سەرکوتکردنی ئاهەنگەکانی نەورۆز و دەستبەسەرکرانی سەدان کەس لە مانگدا بەدوور دەگرن. بۆ نموونە پۆستیان لەسەر ئاهەنگی نەورۆز دەکرد، بەڵام لای ئەوان هیچ باسێک لە دەسبەسەرکردنی بەکۆمەڵی بەشداربووانی نەورۆز لەئارادا نەبوو.

- لەلایەکی دیکەوە ڕێژیم بە پشتیوانیکردنی هەندێک کەس هەوڵ دەدات ڕووخسارگەلێک دروست بکات کە بڵێن: "سەیرکەن! کوردێک دەتوانێت لە ئێرانیشدا سەرکەوتوو بێت". ئەم ڕووخسارانە بە کردەوە نکۆڵی لە هەڵاواردنی پێکهاتەیی دەکەن. بۆ نموونە: ئەو بلاگەرانەی کە چیرۆکی بازرگانێکی سەرکەوتووی شاری بانە یان خاوەن چێشتخانەیەک لە سنە گەورە دەکەنەوە و ئەم سەرکەوتنە تاکەکەسییانە دەخەنە جێی داواکارییە بەکۆمەڵەکانی وەک "دادپەروەریی ئابووری."

- یەکێکی تر لە هەوڵەکانی بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکان، بەبراندکردنی ئێتنیکییە بە دوور لە سیاسەت. ئەوان جلوبەرگی کوردی، مۆسیقای کوردی و خواردنی کوردی و هتد، وەک "بەرهەمی فەرهەنگیی سەرنجڕاکێش" بەبێ کۆنتێکستی سیاسی پێشکەش دەکەن. لە کاتێکدا ناسنامەی کولتووریی کورد ساڵانێکە سەرکوت کراوە و سیاسییە. ئەم بلاگەرانە وای لێ دەکەن کە بێ مەترسی و وەک "دیکۆرات" بۆ گەشتیاران دەربکەوێت.

- هەروەها هەندێک لە بلاگەرە کوردەکان، بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە "کورد بەشێکی ڕەسەنی شارستانییەتی ئێرانە و پێویستە بە یەکیەتیی نەتەوەیی و سەرزەمینیی ئێران وەفادار بمێنێتەوە". ئەم زمانە بەئەنقەست بۆ سڕینەوەی "مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد" بەکار دێت.

## تەکنیکە وردەکانی ئەم پرۆژەیە

– **ئاڕاستەکردنی هاشتاگەکان**: بۆ نموونە لە کاتی ناڕەزایەتییەکاندا، لەبری هاشتاگی وەک؛ "ژن - ژیان - ئازادی"، هاشتاگی وەک؛ "کوردستانی - جوان یان کوردستانی - میواندار"یان ترێند دەکرد.

– **هەڕەشەکردن یان ڕاکێشانی بلاگەرەکان**: ئەگەر بلاگەرێک لەبارەی سەرکوتکردنەوە قسە بکات، ئەوا هەڕەشەی لێ

دەکرێت یان لاپەڕەکەی دادەخرێت. لە بەرامبەریشدا ئەگەر هاوکاری بکات، پشتیوانیی دارایی و ڕیکلام وەردەگرێت.

**– هاوکاریی ئۆرگانیک لەگەڵ میدیای دەوڵەتی:** زۆرێک لەو بلاگەرانەی کە بەڕواڵەت سەربەخۆن، ناوەڕۆکەکانیان لەلایەن دەزگا دەوڵەتییەکانی وەک "فارس، تەسنیم، یان ئیرنا" بڵاو دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕەواییی زیاتر بەدەست بهێنن.

## ڕۆڵگێڕە سەرەکییەکانی تۆڕی "بلاگەرسازیی حکوومەتی" لە کوردستان

لە پشت پەردەی ئاڕاستەکردنی بلاگەرە بەڕواڵەت سەربەخۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تۆڕێکی ڕێکخراو و فرەچین هەیە کە گرێدراوی ناوەندە ئەمنییەتی، تەبلیغی و فەرهەنگییەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانە.

**وەک:**

- سازمانی ئیتلاعاتی سپا (ساس) کە ناوەندی سەرەکیی ناسین، ڕاکێشان و ئاڕاستەکردنی بلاگەرەکانە. ئەوان بلاگەرە کوردەکان کە پۆتانسییەلیان هەیە، هەڕەشەیان لێ دەکات یان ڕایاندەکێشێت. هەڕەشەکان بریتین لە: "بەندکران، داخستنی پەیج و قەدەغەکردنی دەرچوون لە وڵات". ڕاکێشانیشیان بەم شێوەیەیە: "مۆڵەتی فەرمی بۆ چالاکی، بودجەی ڕیکلام و ئاسایشی کار". هەندێک جاریش "ڕێنماییی ناوەڕۆک" بە بلاگەرەکان دەدرێت (بۆ نموونە دەبێ پۆستێک لەسەر ئاسایش یان یەکێتیی نیشتمانی بکەن).

- یەکێکی تر لە ناوەندەکانی ئاڕاستەکردنی بلاگرەکان لە کوردستان، "ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی کوردستان"ە. ئەم ناوەندە ڕۆڵی فەرمی و ڕواڵەتیی هەیە لە پشتیوانیکردن لە "چالاکانی فەرهەنگی و میدیا خۆجێیییەکان". ئەم ناوەندە کۆمەڵێک ڕێکخراوی بەناو خەڵکی و ساختەی دروست کردووە تا بلاگەرەکان بخەنە ژێر پەڕوباڵی خۆیانەوە. هەروەها یەکێکی تر لە کارەکانی ئەم ناوەندە بریتییە لە پێدانی قەرز و مۆڵەتدان بە چالاکییە میدیاییەکان و ڕێکخستنی فێستیڤاڵی جۆراوجۆر، ئەمەش دەبێتە هۆی نزیککردنەوەی بلاگەرەکان لە ڕێژیم.

- ناوەندێکی دیکەی دەسەڵات لە کوردستان کە کار لەسەر بلاگەرەکان دەکات، "دەنگ و ڕەنگ"ی ڕێژیمە لە کوردستان. ئەوان بە بانگهێشتکردنی بلاگەرە کوردەکان بۆ بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، دەیانەوێت دەریانخەن و نیشانیان بدەن و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەکۆیەک بۆ وێناکردنی "ژیانێکی ئاسایی و بەختەوەر" لە کوردستان دەرەخسێنن.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ لە کوردستان کۆمەڵێک بلاگری دیکەش چالاکن و ئامانجیان تەنیا خزمەتکردنی کورد و کوردستانە و بەتەواوەتی سەربەخۆن. بەپێی ئەو شتانەی کە لێرەدا باس کران، جیاکردنەوەی بلاگری سەربەخۆ و ئاڕاستەکراو، زۆر ئەستەم نین و پێویستە خەڵکی کوردستان بە پشتیوانیکردنی بلاگرە سەربەخۆکان و پشتگوێخستنی بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکان، پیلانەکانی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی لە کوردستان پووچەڵ بکەنەوە.

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# شرۆڤەی دەروونناسیی کەسایەتیی د. قاسملوو



## بە جەختکردنەوە لەسەر تیۆرییەکانی کەسایەتی و ڕێبەرایەتی

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەسایەتییەکی دیاری سیاسی، فیکری و ڕۆشنبیریی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا بوو کە هزر و بیری بوو بە مەکتەبێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێستاکەش بە سەدان هەزار کەس لەو مەکتەبەدا، بە شێوەی جۆراوجۆر خەبات و تێکۆشان دەکەن. ناوبراو وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆڵێکی گرنگی لە سیاسەتی ئاشتیيانە و دیپلۆماسی بۆ گەیشتن بە مافەکانی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینی و تیرۆرکردنی لە "ڤییەن" لە ساڵی ١٩٨٩دا، کۆتاییی بە هزر و بیری ئەو و تێکۆشانی قوتابییانی نەهێنا.

کەسایەتیی د. قاسملوو، تەنها لە مەیدانی سیاسەتدا گرنگ نیە، بەڵکوو لە ڕوانگەی دەروونناسیشەوە دەکرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت؛ چونکە ناوبراو مۆدێلێکی سەرکردایەتیی تێکەڵاو لە "کاریزما، عەقڵانییەت، ئەخلاقتەوەری و دیالۆگ"ی پێشکەش کرد. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین، بەکورتی و بە بەکارهێنانی تیۆرییە دەروونناسییەکانی کەسایەتی و ڕێبەرایەتی (وەک تیۆریی پێنج فاکتەریی کەسایەتی، تیۆریی ڕێبەرایەتیی گۆڕانخواز و تیۆریی ئاوەزی سۆزداری)، باس لە ڕەهەندەکانی کەسایەتی و شێوازی ڕێبەرایەتیی د. قاسملوو بکەین.

## ژیان و چالاکییەکانی د. قاسملوو

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی لە یەکێک لە گوندەکانی شاری ورمێ لەدایک بوو. قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری ورمێ و پاشان لە تاران کۆتایی پێ هێنا. ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە زانستگەی "پراگ" بڕوانامەی دوکتۆڕای بواری زانستی ئابووریی وەرگرت و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لەو زانستگەیەدا وانەکانی "ئابووریی سەرمایە و ئابووریی سوسیالیستی و بیردۆزیی گەشەی ئابووری"ی دەگوتەوە.

د. قاسملوو شارەزاییی تەواوی لەسەر زمانەکانی "کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەڕەنسی، ئینگلیزی، چێکی و ڕووسی" هەبووە و هەتا ڕادەیەک ئاشناییی لەگەڵ زمانەکانی "ئاڵمانی و سلاو" هەبووە. ئەو بۆ هەژدە ساڵ وەکوو ڕێبەرێکی لێهاتوو و کارامە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕێبەری کرد و پێی لەسەر "وتوویژ، دێموکراسی و ڕێگەچارەی ئاشتییانە" لەهەمبەر دەوڵەتی ئێرانی، دادەگرت و لە کاتێکدا کە لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێرانی بوو، تیرۆر کرا.

## چوارچێوەی تیۆریکی وتار

**– تیۆریی پێنج فاکتەریی کەسایەتی(Big Five)** ؛ ئەم تیۆرییە، کەسایەتی دابەش دەکاتە سەر پێنج ڕەهەندی سەرەکیی "دەرەوەخوازی، ڕەزامەندیینیشاندان، ئەرکناسی، سەقامگیریی سۆزداری و کراوەیی بەرانبەر بە ئەزموون."

**– تیۆریی سەرکردایەتی گۆڕانخواز؛** ئەم تیۆرییە لەسەر چوار تایبەتمەندیی ڕێبەرانی گۆڕانخواز جەخت دەکاتەوە کە بریتین لە "کاریزما و کاریگەریی ئایدیالیستی، پاڵنەری ئیلهامبەخش، هاندانی فیکری و ڕەچاوکردنی کەسی."

**– ئاوەزی سۆزداری (هوش هیجانی)؛** ئاوەزی سۆزداری ڕۆڵێکی گرنگی لە بڕیاردان، بەڕێوەبردنی گوشارەکان و پەیوەندیی مرۆیی، هەیە. پێکهاتەکانی بریتین لە "خۆئاگایی، خۆکۆنترۆڵکردن، پاڵنەر، هاوسۆزی و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی."

## تایبەتمەندیی کەسایەتیی د. قاسملوو لەسەر بنەمای مۆدێلی پێنج فاکتەری

**– دەرەوەخوازی:** د. قاسملوو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، وزەبەخش و ڕاشکاوانەی هەبوو. بەشداریکردنی بەردەوامی لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ میدیا و ڕۆژنامە و ڕادیۆکان، بەڵگەی ئەم



سەرچاوە Serchawe

تایبەتمەندییەیە.

**- ڕەزامەندیی‌نیشاندان:** د. قاسملوو بڕوای قووڵی بە دیالۆگ و ڕێککەوتن هەبوو. تەنانەت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنیشدا، بەردەوام لەسەر چارەسەری دیپلۆماتیک جەختی دەکردەوە.

**- ئەرکناسی:** پلاندانانی ورد، دیسیپلینی سیاسی و بەدواداچوونی ئامانجداری د. قاسملوو بۆ داواکارییەکانی گەلی کورد، بەڵگەی ئەم ڕەهەندەی کەسایەتیی ناوبراون.

**- سەقامگیریی سۆزداری:** توانای د. قاسملوو لە کۆنترۆڵکردنی هەستەکان، تەنانەت لە بارودۆخە مەترسیدارەکاندا (وەک دانوستانی نهێنی و هەڕەشەی کوشتن)، جێگەی سەرنجە.

**- کراوەیی بەرانبەر بە ئەزموون:** د. قاسملوو، بەهۆی ئەوەی لە وڵاتە جیاوازەکاندا ژیابوو و خوێندنی ئەکادیمیی هەبووە، خاوەنی هزرێکی کراوە و شیکەرەوە بوو. بیرۆکەکانی تێکەڵەیەک لە بیرکردنەوەی ڕەسەن (بە سەرنجدان بە کۆمەڵگەی کوردستان) و مۆدێرن (بە سەرنجدان بە کۆمەڵگەی ڕۆژاوایی) بوون.

## شێوازی ڕێبەرایەتیی قاسملوو وەک ڕێبەرێکی گۆڕانخواز

**- کاریزما:** وتاردانی کاریگەر، توانای هاندان و وزەبەخشین بە خەباتکاران و وێنەی ئەرێنیی گشتی لە قاسملوو، کاریزمای بەرزی ئەو دەردەخەن. هەروەها زیندووکردنەوە و هەستانەوەی حیزبی دێموکرات، بەڵگەن بۆ کەسایەتیی کاریزمای د. قاسملوو.

**- پاڵنەری ئیلهامبەخش:** د. قاسملوو خاوەنی ئایدیالیزمی واقیعی بوو و کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ داهاتوویەکی باشتر، ئومێدوار دەکرد. وتار و نووسینەکانی د. قاسملوو لەسەر "سوسیالیزمی دێموکراتیک"، واقعییەتی ئەم بابەتە دەسەلمێنن.

**- هاندانی فیکری:** بیرمەند و توێژکار بوو. شیکارییە ئابووری- سیاسییەکانی هێشتاش متمانەپێکراون و دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

**- ڕەچاوکردنی کەسی:** هاوکار و هاوخەبات و نزیکەکانی، د. قاسملوو بە کەسێکی دڵسۆز و هاوسۆز وەسف دەکەن.

## ئاوەزی سۆزداریی د. قاسملوو

– **خۆئاگایی:** د. قاسملوو، تێگەیشتنێکی وردی لە تواناکان، سنووردارێتییەکان و ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبوو.

– **هاوسۆزی:** لە دیالۆگەکانی لەگەڵ نەیارانیشدا، ڕوانگەیەکی مرۆییی هەبووە، نەک تەنها دیدێکی ئایدیۆلۆژی.

– **خۆکۆنترۆڵکردن:** سەرەڕای هەڕەشە بەردەوامەکان، هاوسەنگیی ڕەفتاری خۆی دەپاراست.

– **لێهاتوویی کۆمەڵایەتی:** توانایی لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی سیاسی و ڕاکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی (بەتایبەت دۆستایەتیی نزیکی لەگەڵ فەڕانسە)، لێهاتوویی بەرزی کۆمەڵایەتیی د. قاسملوو نیشان دەدات.

## ئەنجام

قاسملوو لە ڕیزبەندی سەرکردەکانی وەک "نێلسۆن ماندێلا" و "تۆماس ماساریک"دایە (چیکۆسلۆڤاکی) کە بە تێکەڵکردنی "ئەندێشە، میانڕەوی و پراگماتیزم"، چارەسەری ئاشتییانەیان بۆ ململانێ نەتەوەیی و سیاسییەکان پێشنیار کرد.

کەسایەتیی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، دەکرێت بە نموونەیەکی ناوازەی ڕێبەرایەتیی گۆڕانخواز هەژمار بکرێت. ناوبراو بە کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندییە دەروونناسییە ئەرێنییەکانی وەک "سەقامگیریی سۆزداری، ئاوەزی سۆزداریی بەرز و کراوەیی بەرانبەر بە ئەزموون"، توانی مۆدێلێکی مرۆیی و ئەخلاقی لە دڵی بزووتنەوەیەکی سیاسیدا بخاتەڕوو.

شیکاریی دەروونناسی بۆ کەسایەتیی د. قاسملوو، نەک هەر بۆ باشتر تێگەیشتن لە مێژووی کوردستان یارمەتیدەرە، بەڵکوو بۆ دەروونناسیی ڕێبەرایەتی لە جیهانی هاوچەرخیشدا، جێی لێفێربوونە.

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

---

## ژینگەپارێزی لە کوردستان، جۆرێکە لە بەرخۆدانی نەتەوەیی و دژەداگیرکاری




ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢ی گەلاوێژ، نەیارانی ژینگە و نیشتمانەکەمان، ئاگریان لە جەستەی کێوی "ئاویەر"ی سنە بەردا و ڕووبەرێکی بەرفراوان لە لەوەڕگەکانی ئەم کێوە گەشتیارییە سووتا، هەروەها حەوت چالاکی ژینگەییی خەڵکی سنە سووتان کە لە ڕۆژانی دواتردا، بەداخەوە سێ کەس لەو چالاکانە، بە ناوەکانی "حەمید مورادی"، "چیاکۆ یووسفینژاد" و "خەبات ئەمینی"، گیانی ئازیزیان پێشکەشی ژینگە و نیشتمانەکەیان کوردستان کرد و شەهید بوون.

ئەمە یەکەمجار نیە کە ڕۆڵەکانی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە ژینگە و نیشتمانەکەیان گیانفیدایی دەکەن و دەبنە قوربانی. بەڵام بەداخەوە دەبێ بڵێم کە ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت و قوربانیی زیاترمان دەبێت، چونکە هەتا کوردستان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەری ئێرانیدا بێت، بەشی نەتەوەکەمان هەر ئەمە دەبێت. بۆیە لەم وتارەدا، دەمەوێت لەم سۆنگەوە چاو لەم دۆخە بکەم، واتە سۆنگەی داگیرکەری و داگیرکراوییەوە.

دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی بە هۆکاری سیاسی، ئەمنییەتی، ئایدیۆلۆژی و پێکهاتەیی، بەرپرسی یەکەمە لە ئاگربەردان لە ژینگەی کوردستان و گیانلەدەستدانی چالاکانی ژینگەییی کورد. ئەم پرسە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕوانگەیەکی کۆلۆنیالیستیی بۆ کوردستان هەیە، کە دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی وەک "خاکی پەراوێز"، "نائەمن" و "ناخۆیی" لە چوارچێوەی نیشتمانیی

خۆیدا سەیری دەکات،

**کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵی گرنگ دەکەم:**

- دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی، کوردستان وەک "ناوچەی سنووری"، "پۆتانسێلدار بۆ جیابوونەوە" و "متمانەپێنەکراو" دەبینێت. ئەم تێڕوانینە هاوشێوەی شێوازی تێڕوانینی کۆلۆنیالیستەکانە بۆ کۆلۆنیکراوەکان: "خاکێک کە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێت، نەک گەشەی پێ بدرێت. سیاسەتەکانی گەشەنەکردن، لەنێوبردنی سامانە سروشتییەکان و سەرکوتی فەرهەنگی، بەشێکن لە "سەرووەری کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی" کە لە تیۆرییەکانی زانستی سیاسیشدا ناسراون.

- ئاگربەردانە بەربڵاوەکان لە ژینگە، دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان، هاوکات لەگەڵ وەرزی هاوین، بەبێ بەرپەرچدانەوەی خێرا لەلایەن دامودەزگا پێوەندیدارەکانی دەسەڵاتەوە، نیشانەیەکە لە سیاسەتی "زەویی سووتاو". سەرچاوە نێوخۆییەکان و شایەتحاڵەکان چەندین جار باسیان لەوە کردوە کە بەشێک لەو ئاگرکەوتنەوانە لەلایەن هێزە سەربازییەکان یان بەهۆی مانۆڕی سەربازییەوە دەستیان پێ کردوە. نەکوژاندنەوەی ئاگرەکان و تەنانەت ڕێگریکردن لە بەشداریی چالاکانی خەڵکی و ژینگەپارێزی لە کوژاندنەوەی ئاگرەکاندا، نەک هەر کەمتەرخەمی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە سیاسەتی سەرکوتکردنی نەرم.

- کەیسەکانی وەک شەهیدانی ژینگە لە سنە (حەمید موڕادی، چیاکۆ یووسفینژاد و خەبات ئەمینی) شەهیدانی ژینگە لە مەریوان (شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی) و شەهیدانی ژینگە لە پاوە (موختار خەندانی، یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی) و...، کە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی ئاگر یان پاراستنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان گیانیان بەخت کرد یان بە شێوەیەکی گوماناوی کوژراون! بەڵگەن لەسەر ئەم سەرکوتکردنە سیستەماتیکە. زۆرجار دەزگا ئەمنییەکانی ئێران، وەک هێزی "نائەمنکردن" یان تەنانەت "هاوکار لەگەڵ گرووپە نەیارەکانی ئێران" سەیری چالاکانی ژینگەپارێزیی کورد دەکەن و هەڕەشەیان لێ دەکەن یان دەسبەسەریان دەکەن. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە لەگەڵ چالاکانی ژینگەپارێزی لە ناوچە فارسنشینەکان یان ناوەندییەکانی ئێراندا باو نیە و ئەم هەڵاواردنە سیستەماتیکەش جارێکی دیکە ئاماژەیە بۆ سروشتی کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی.

- "کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی" ئاماژەیە بۆ چەوساندنەوە و لێکێشینەوە لە ناوچە ئەتنیکی یان پەراوێزخراوەکان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، بەبێ ئەوەی بۆ هاووڵاتیبوون، گەشەپێدان یان بەشداریکردنی واقیعی لە سیاسەتدا، مافی یەکسان بۆ ئەو ناوچانە دابین بکات. لە کوردستان، داگیرکەر بە لەنێوبردنی ژینگە (داربڕینی لەڕادەبەدەر، دروستکردنی بەنداوی

نازانستی، دەرهێنان و تاڵانکردنی کانزاکان، سووتاندن و لەنێوبردنی لەوەڕگە و ڕووەک و دروستکردنی ناوچەی سەربازی) و سەرکوتکردنی چالاکانی ژینگەیی، ئەم پاڕادایمی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە جێبەجێ دەکات. ئەم شێوەیە دەبێتە هۆی تاڵانکردنی سامانی سروشتیی ناوچە کوردستانییەکان بۆ قازانجی ناوچە ناوەندییەکان یان کۆمپانیاکانی سەر بە دامەزراوە ئەمنییەکانی داگیرکەر.

- تێکدانی ژینگە لە کوردستان، تەنیا خەسارێکی ئابووری نیە، بەڵکوو هێرشکردنە سەر یادەوەریی بەکۆمەڵ، ژیانی ڕۆژانە و فەرهەنگی خەڵکی کوردستانە. لە فەرهەنگی کوردیدا، شاخ، دارستان و سروشت بەشێکن لە ناسنامەی نەتەوەیی. لەنێوبردنیان، لە ڕاستیدا هێرشکردنە سەر "ڕۆحی بەکۆمەڵ"ی نەتەوەی کوردە.

**بۆیە: دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی، لە ڕووی پێکهاتەیی، سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە بەرپرسیارە لە وێرانکردنی ژینگەی کوردستان و گیانلەدەستدانی چالاکانی ژینگەییی کورد. بۆیە بەرگریکردن لە ژینگە لە کوردستان، تەنیا کردەیەکی ئیکۆلۆژی نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە بەرخۆدانی نەتەوەیی و دژەکۆلۆنیالیزم.**

**٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

---

# حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و پرسی ژینگە



## پێشەکی

لە ئەمڕۆدا، ژینگە لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، تەنیا پرسێکی سروشتی نیە، بەڵکوو پرسێکی ژیوارییە بۆ ژیان، ئابووری و ئاسایشی خەڵکی ناوچەکە. پشتگوێخستنی ژینگە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی سەرچاوەکان و توندتربوونی قەیرانی بژێویی ژیان. پاراستنی ژینگە لە کوردستان واتە پاراستنی داهاتووی خەڵک و پاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی.

لەم پەیوەندییەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە گرنگیی بە پرسی ژینگە، بەتایبەتی پرسی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە. حیزبی دێموکرات، لە ڕێگەی ڕاگەیەندراو، بەرنامە و لێدوانی میدیایی، پشتیوانیکردن لە تێکۆشەرانی ژینگەپارێزی لە نێوخۆ و گرێدانی ئەخلاقیی ژینگە بە ماف و ناسنامەی کوردەوە و...، لە ڕاستای زەقکردنەوەی گرنگیی ژینگە، هەنگاوی جیدیی هەڵگرتوە.

لەم وتارەدا، بە ئاوڕدانەوە لە "ژینگە، گرنگیی ژینگە لەم سەردەمەدا، ژینگە و سیاسەت و پرسی ژینگە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، دەپەرژێینە سەر بابەتی گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە پرسی ژینگە.

## ژینگە

"ژینگە" ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک لە توخمە سروشتی و مرۆییەکان کە کاریگەرییان لەسەر کوالیتی و بەردەوامیی ژیانی گیانلەبەران و مرۆڤ هەیە. ئەم کۆمەڵەیە بریتییە لە "هەوا، ئاو، خاک، ڕووەکەکان، ئاژەڵان، سەرچاوە سروشتییەکان و تەنانەت وزەکانی سەر زەوی." بە دەربڕینێکی سادەتر، هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرمانە و دەرەتانی ژیان دابین دەکەن، بە بەشێک لە ژینگە دادەنرێن. مرۆڤیش نەتەنیا بەشێکە لە ژینگە، بەڵکوو کاریگەریی زۆریشی لەسەرە.

### گرنگیی ژینگە لەم سەردەمەدا

**لەم سەردەمەدا، زیاتر لە جاران هەست بە گرنگیی ژینگە دەکرێت. هۆکارەکانی ئەم گرنگییە بریتین لە:**

- دابینکردنی ژیان و سەرچاوە پێویستەکان؛ ژینگە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی خواردنەوە، هەوای پاک، خاکی بەپیت و خۆراکە. بەبێ پاراستنی هاوسەنگیی ژینگە، مانەوەی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر لە مەترسیدایە.

- کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر تەندروستیی مرۆڤ؛ پیسبوونی هەوا، گۆڕانی کەشوهەوا، پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و خاک و لەنێوچوونی جۆراوجۆریی ژینگەیی، ڕاستەوخۆ مەترسی لەسەر تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی مرۆڤ دروست دەکەن. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هۆشداریی داوە، "ساڵانە ملیۆنان حاڵەتی گیانلەدەستدان، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پیسبوونی ژینگەوە هەیە".

- قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا؛ سەدەی بیستویەک لەگەڵ قەیرانێک بە ناوی "گۆڕانی کەشوهەوا" بەرەوڕووە. زیادبوونی گازە گەرمخانەییەکان لە چالاکییەکانی مرۆڤ، گەرمبوونی زەوی، توانەوەی سەرە سەهۆڵییەکانی جەمسەرەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی دەریاکان و کارەساتی سروشتیی توندتر (وەک لافاو و زریان) بەشێکن لە نیشانەکانی ئەم قەیرانە. ئەم پرسە تەنیا پرسێکی ژینگەیی نیە، بەڵکوو مەترسییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەمنیشە.

- ڕەهەندە ئابووری و سیاسییەکانی ژینگە؛ تێکچوونی ژینگە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سامانە سروشتییەکان و قەیرانی ئابووری. ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی ئاو یان خاکی خۆیان لەدەست دەدەن، ڕووبەڕووی شەپۆلی کۆچ و کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و بەرزبوونەوەی نایەکسانی دەبنەوە. بۆیە پرسی ژینگە چیتر تەنیا مشتومڕێکی زانستی یان ئەخلاقی



سەرچاوە
Serchawe

نییە، بەڵکوو بووەتە پرسێکی ستراتیژیکی جیهانی.

## ژینگە و سیاسەت

پەیوەندیی نێوان ژینگە و سیاسەت، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئاڵۆزە، چونکە بڕیارە سیاسییەکان، لە پاراستن یان لەنێوبردنی ژینگەدا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن. دەوڵەتەکان لە ڕێگەی سیاسەتەکانیان لە بوارەکانی "وزە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، گواستنەوە و گەشەپێدانی شارەکان"، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر کوالێتیی هەوا، ئاو، خاک و پاراستنی سامانە سروشتییەکان هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ژینگە تەنیا پرسێکی زانستی یان ئەخلاقی نییە، بەڵکوو پرسێکی سیاسی و ستراتیژیشە.

لەسەر ئاستی نیشتمانی، دەوڵەتەکان لە پەرەپێدانی یاساکان بۆ پاراستنی سامانە سروشتییەکان، کۆنترۆڵکردنی پیسبوون و بەرەنگاربوونەوەی لەنێوبردنی دارستان و لەوەڕگەکان بەرپرسیارن. زۆرجار نەبوون یان لاوازبوونی یاسا ژینگەییەکان، دەبنە هۆی کەمبوونەوەی سەرچاوەکان، پیسبوونی بەربڵاو و قەیرانی کۆمەڵایەتیی وەک کۆچی زۆرەملێ و هەژاری. لە لایەکی دیکەوە، گرنگیدانی سیاسی بە ژینگە دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەسەندنی بەردەوام، ئابوورییەکی سەوز و زیادبوونی خۆشگوزەرانیی گشتی.

لەسەر ئاستی جیهانییش، ژینگە بووەتە پرسێکی ژێئۆپۆلەتیکی. ئەو وڵاتانەی زۆرترین گازی گەرمخانەیی بەرهەم دەهێنن، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا هەیە و ئەمەش ناکۆکیی نێودەوڵەتی و فشاری دیپلۆماتیکی لێ کەوتووەتەوە. پەیماننامەکانی وەک "پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ و ڕێککەوتنی پاریس" نموونەی هەوڵە سیاسییەکانن بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی جیهانیی ژینگە. لە ئەنجامدا دەتوانرێت بگوترێت کە ئەمڕۆ ژینگە و سیاسەت پێکەوە گرێ دراون و هەرچەشنە پشتگوێخستنێک لە یەکێکیان، قەیرانی جیددی لە ئەوی تردا دروست دەکات.

## پرسی ژینگە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**پرسی ژینگە لە ئێران و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووەتە یەکێک لە گرینگترین پرسە کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەنانەت ئەمنییەکانی ئەمڕۆ. چەند هۆکاری سەرەکی، گرنگیی ئەم پرسە نیشان دەدەن:**

– **لەنێوبردنی بەرفراوانی سامانە سروشتییەکان؛** ئێران بەهۆی کەشوهەوای وشک و نیمچەوشکەوە، هەمیشە ڕووبەڕووی

سەرچاوەی ئاوی سنووردار بووەتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، زیادەڕەوی لە دروستکردنی بەنداو و دەرهێنانی ئاوی ژێرزەوی و لادانی ڕووبارەکان، بووەتە هۆی وشکبوونی تاڵاوەکان و لەنێوچوونی لەوەڕگە و دارستانەکان. لە کوردستان ئاگرکەوتنەوەی ساڵانەی دارستانەکان (کە زۆرینەیان بەئەنقەستن و دەستی داگیرکەریان لە پشتە)، بڕینی دارەکان و لەنێوچوونی لەوەڕگە شاخاوییەکان، مەترسییەکی زۆری لەسەر هاوسەنگیی ئیکۆلۆژیی ناوچەکە دروست کردووە. جگە لە لەنێوبردنی سامانەکان، ئەم وێرانکارییانە پەرە بە ڕۆچوونی خاک و زیادبوونی مەترسیی لافاو دەدەن.

**- قەیرانی ئاو و هەڕەشەی سەر بژێویی خەڵک؛** شارە ناوەندییەکانی ئێران بەگشتی بەرەوڕووی قەیرانی ئاون. لەلایەکی دیکەوە لە کوردستان، کەمبوونەوەی بارانبارین، گۆڕانی کەشوهەوا، دروستکردنی بەنداوی نازانستی، سیاسەتی هەڵە لە بەڕێوەبردنی ئاو و لە هەمووی گرنگتر، دزینی ئاوی کوردستان بۆ ناوەند، سەرچاوەی ئاوی کوردستانی سنووردار کردوە. وشکبوونی ڕووبار و کانیاوەکان بووەتە هۆی کۆچی گوندنشینەکان و دابەزینی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئەمەش مەترسیی لەسەر ئاسایشی خۆراک و ئابووریی کوردستان دروست کردوە.

**- ئاگربەردانی بەئەنقەست لە ژینگەی کوردستان؛** لەم ساڵانەی ڕابردوودا، کوردستان شاهیدی ئاگربەردانی بەئەنقەست لە دارستان و لەوەڕگەکانی بووە. ئاگربەردانە بەربڵاوەکان لە ژینگە، دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان، بەبێ بەرپەرچدانەوەی خێرا لەلایەن دامودەزگا پێوەندیدارەکانی دەسەڵاتەوە، نیشانەیەکە لە سیاسەتی "زەویی سووتاو". سەرچاوە نێوخۆییەکان و شایەتحاڵەکان چەندین جار باسیان لەوە کردووە کە بەشێک لەو ئاگرکەوتنەوانە لەلایەن هێزە سەربازییەکان یان بەهۆی مانۆڕی سەربازییەوە دەستیان پێ کردوە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسی ژینگە

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات، هەمیشە گرنگیی بە پرسی ژینگە و سروشتی کوردستانیش داوە و ئەم بابەتە لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی ئەم حیزبەشدا ڕەنگی داوەتەوە. وێڕای ئەمانە، حیزب هەمیشە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، پرسی ژینگەی زەق کردووەتەوە و خاوەندارێتیی لە ژینگە و ژینگەپارێزانی کوردستان کردووە.

**کە لە درێژەدا ئاماژە بە چەند خاڵی گرنگ دەکەم:**

**- ڕەنگدانەوەی پرسی ژینگە لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتدا؛** بەپێی ماددەی نۆزدەیەم لە بەرنامە و

پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات،

پەسەندکراوی دوایین کۆنگرەی ئەم حیزبە (کۆنگرەی ١٧): "

١- پارێزگاری لە سروشتی کوردستان، وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی، لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە (مەبەست، حکوومەتی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوویە).

٢- پارێزگاریی ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان، لێڕەوارەکان، دەریاچەکان و پارێزگاریی ئاژەڵان، بەتایبەتی ئاژەڵانی ڕاوی: باڵندە، پێڕۆ و ماسی، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەرەی ئاژەڵان پێشگیری بکرێت و لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگەی پیشەیی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا، پێویستە ژینگە لەبەرچاو بگیردرێت و دیمەنی سروشت تێک نەدرێت.

٣- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی تەواو بە پەرەپێدانی پیشەی گەشتوگوزار دەدات و بینا و شوێنەوارە کۆنەکان دەپارێزێت.

٤- حکوومەتی کوردستان لە هەموو پرۆژەیەکدا کە کاریگەریی لەسەر ژینگە هەبێت، بەتایبەتی لە بواری گەشەکردن و وەبەرهێناندا، لایەنی ژینگەپارێزی وەک پارامێترێکی بنەڕەتی، لەبەرچاو دەگرێت".

**تێبینی: لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبدا، باس لە پرسی ژینگە کراوە و لە بەرنامە و پێڕەوەکاندا ئاماژەی پێ کراوە.**

- گرنگیدان بە ژینگە لە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبدا؛ حیزبی دێموکرات هەمیشە لە ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تیڤی و سۆشیال میدیای خۆیەوە، بابەت و بەرنامەی تایبەتی لەسەر ژینگە و ژینگەپارێزی بڵاو کردووەتەوە و لەم ئەرکەش بەردەوامە. بۆ نموونە لە ڕابردوودا لە بەرنامەگەلی وەک "هەسارەی ژیان" و "ژیناک"، تایبەت پەرژاوەتە سەر پرسی ژینگە لە کوردستان.

-بانگەوازی گشتی بۆ بەرپرسیاریەتی لەهەمبەر ژینگەدا؛ حیزبی دێموکرات هەمیشە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوی گشتی لە کات و ساتە تایبەتەکاندا، داوای لە خەڵکی کوردستان و ئەندامەکانی کردوە کە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە لەهەمبەر ژینگە هەڵسوکەوت بکەن، هەروەها سەرپێچیکاران و تێکدەرانی ژینگە لەقاو بدەن و بەکۆمەڵ هەوڵ بۆ پێشگرتن لە لەنێوچوونی سروشت بدەن. لە ڕاگەیەندراوەکاندا هەمیشە جەخت لەوە کراوەتەوە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ئاگربەردانی بەئەنقەست لە دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان، چالاکانی ژینگەپارێز دەکاتە ئامانج و دەبێتە هۆی



سەرچاوە Serchawe

گیانلەدەستدانیان و لەنێوبردنی سروشتی جوانی کوردستان.

**– پشتگیریکردنی ژینگەپارێزانی نێوخۆ؛** ئەمساڵ و هەروەها لە ساڵانی ڕابردوودا، چەندین ژینگەپارێزی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کاتی کۆنترۆڵکردنی ئاگری دارستانەکانی کوردستان سووتان و گیانیان پێشکەشی نیشتمانەکەیان کرد. لەم پەیوەندییەدا حیزبی دێموکرات بە ئاشکرا هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردووان و ژینگەپارێزان دەربڕیوە. ئەم جۆرە هەڵوێستە جەخت لەسەر پابەندبوونی حیزب بە کۆمەڵگەی خۆی دەکاتەوە. شایانی باسە کە چەند کەس لەو ژینگەپارێزانەش کە گیانیان بەخت کردووە، بەفەرمی ئەندامی حیزب بوون و حیزبیش ئەمەی بۆ ڕای گشتی ڕوون کردووەتەوە. هەروەها هەمیشە حیزب دژی سەرکوت و گوشاری دەسەڵات و هەڕەشەی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم بۆ سەر ژینگەپارێزان، بە شێوەی جۆراوجۆر هەڵوێستی هەبووە.

**– گرێدراویی پرسی ژینگە بە ناسیۆنالیزمی کوردی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە؛** حیزبی دێموکرات، وەک حزبێکی خاوەن ئاڕاستەیەکی ناسیۆنالیستی و دێموکراتیک، پاراستنی ژینگەی کوردستان بە بەشێک لە مافەکانی کۆمەڵگە و سروشت بە بەشێک لە شوناسی بەکۆمەڵی کوردستانییان دەزانێت. لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبدا، کەڵکوەرگرتنی بەرپرسیارانە لە سامانە سروشتییەکان، پاراستنی لەوەڕگە، دارستان و ئاوەکان وەک بەشێک لە "ئابووریی کۆمەڵایەتی" و "دادپەروەریی سروشتی"، بابەتێکی گرنگە.

## ئاکام


حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە گرنگیی بە پرسی ژینگە، بەتایبەتی پرسی ژینگە و چالاکیی ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و ئەمەی بە ئەرکی خۆی زانیوە. لەم بوارەدا حیزبی دێموکرات نەتەنیا کار لەسەر بەفەرهەنگکردنی پرسی ژینگەپارێزی لە کوردستان دەکات (لە ڕێگەی میدیاکانییەوە)، بەڵکوو ئەم پرسەی لە بەرنامەی پەروەردەیی خۆیشیدا گونجاندوە و کاری لەسەر دەکات. خەباتی حیزب بۆ کوردستان، تەنیا نەتەوەی کورد ناگرێتەوە، بەڵکوو ژینگە و سروشتیش بەشێکە لەو پرۆسەیە.

٢٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پێشمەرگە و ناسنامە



ناسنامەی نەتەوەیی، یەکێکە لە ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر نەتەوەیەک. ئەم ناسنامەیە، تۆڕێکە لە بیروباوەڕەکان، هەستەکان و بەهاکان کە تاکەکان بە کۆمەڵگەیەکی گەورەترەوە دەبەستنەوە و مانا و ئاراستە بە ژیانیان دەبەخشن. لەنێو نەتەوەی کورددا، چەمکی "پێشمەرگە" تەنیا ڕۆڵێکی سەربازی یان سیاسیی نیە، بەڵکوو هێمایەکی قووڵی دەروونییە لە بەرخۆدان، قوربانیدان و کۆڵنەدان. پێشمەرگە وەک وێناکردنی عەینیی خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی و مافی چارەی خۆنووسین، لە بنیاتنانەوە و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەییی کورددا، پێگەیەکی ناوازەی هەیە.

لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دراوە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە پێگەی پێشمەرگە لە پێکهاتن و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوەییی کورددا، شی بکەمەوە.

### "ناسنامەی نەتەوەیی" لە چوارچێوەی دەروونناسیدا

لە ڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە، ناسنامەی نەتەوەیی بەشێکە لە "ناسنامەی کۆمەڵایەتی" کە تاک لە ئینتیما بە نەتەوەیەک یان گرووپێکی ئەتنیکی- سیاسییەوە وەری دەگرێت. بەپێی تیۆریی "ناسنامەی کۆمەڵایەتی"ی "هێنری تاجفێل"،

ئینتیما بە گرووپە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان (وەک نەتەوە)، هەستێکی شانازی، ئەمنییەت و مانا بە تاک دەبەخشێت.

لە دۆخی مێژوویی کورددا کە هەمیشە لەلایەن داگیرکەرانەوە بەرەوڕووی هەڵاواردن و سەرکوتی سیاسی و نەتەوەیی بووە، بایەخی ناسنامەی نەتەوەیی چەند هێندەیە. لەو چوارچێوەیەشدا، پێشمەرگە وەک ڕەمزی خەبات، ڕۆڵی "سیمبۆلێکی یەکگرتوو" دەگێڕێت کە یەکگرتوویی دەروونی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی پتەوتر دەکات.

## پێشمەرگە وەک هێمایەکی دەروونی

لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا، پێشمەرگە تەنیا جەنگاوەر نیە، بەڵکوو "کەسایەتییەکی سیمبۆلیکە". لە ڕوانگەی دەروونناسیی سیمبۆلیکەوە، پێشمەرگە خویابوونی "خۆی بەکۆمەڵ"ی کوردە. کەسێکە لە پێناو مانەوەی نەتەوە و بۆ بەهاکانی ئازادیخوازی و دادپەروەریخوازی گیانی خۆی بەخت دەکات. ئەمەش پێشمەرگە لە زەینی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەکاتە "قارەمانی فەرهەنگی."

"کارڵ یۆنگ" لە چەمکی "ئارکیتایپ"دا (archetype) ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵگەکان بۆ مانەوە و مانا، پێویستیان بە مۆدێلی ئوستوورەیی هەیە؛ پێشمەرگە لە ئەستی (نائاگایی) بەکۆمەڵی کورددا، ڕێک وەها پێگەیەکی هەیە.

لە ڕوانگەی دەروونناسیی سیاسییەوە، بوونی پێشمەرگە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، وڵامێکی دەروونییە بۆ هەلومەرجی "چەوساندنەوەی سیستماتیک". لە هەلومەرجێکدا کە نەتەوەی کورد لە وڵاتە ساختەکانی ناوچەکەدا لە مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی بێبەری کراوە، پێشمەرگە لە ڕێگەی خەباتی چەکداری و خۆڕاگرییەوە، توانای کردەوە و گۆڕانی بە کۆمەڵگە بەخشیوە.

## پێشمەرگە و ناسنامەی تاکی

پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، تەنیا هەڵبژاردنێکی سیاسی نیە، بەڵکوو ئەزموونێکی دەروونییشە کە ناسنامەی تاکیش دەگۆڕێت. کەسێک کە ببێتە پێشمەرگە، ئیتر خۆی وەک کەسێکی ئاسایی نابینێت، بەڵکوو خۆی وەک هەڵگری بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و بەکۆمەڵ دەبینێت. ئەم گۆڕانکارییە لە ناسنامەی کەسیدا دەبێتە هۆی "ناسنامەیەکی قارەمانانە"، کە تێیدا بەها کەسییەکان لەگەڵ بەها بەکۆمەڵەکانی نەتەوەدا یەک دەگرنەوە. لە دەروونناسیدا،

گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە، نموونەی "هاوشێوەسازی لەگەڵ گرووپە"، کە دەبێتە هۆی بەرزترین ئاستی گیانفیدایی و قوربانیدان.

## پێشمەرگە و یادەوەریی بەکۆمەڵی کورد

ناسنامەی نەتەوەیی هەمیشە لەسەر بنەمای "یادەوەریی بەکۆمەڵ" دامەزراوە؛ یادەوەرییەک کە گێڕانەوە، هێما و بیرەوەرییە هاوبەشەکان لەخۆ دەگرێت. لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا، چیرۆک و گێڕانەوەی پەیوەندیدار بە پێشمەرگە، پێگەیەکی بەرچاوی هەیە. ئەم گێڕانەوەیانە لە ڕێگەی ئەدەب، مۆسیقا و ڕێوڕەسمی یادکردنەوە، بۆ نەوە نوێیەکان دەگوازرێنەوە و بەم شێوەیە ناسنامەی نەتەوەیی بەرهەم دەهێنرێتەوە. "مۆریس هالبواکس"، تیۆریسییەنی یادەوەریی بەکۆمەڵ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەکان بە بیرهێنانەوەی ڕابردوویەکی هاوبەش، یەکگرتوویی خۆیان دەپارێزن. لە کوردستاندا یادکردنەوەی پێشمەرگە قارەمانەکانی ڕابردوو، ڕێک ئەم ئەرکە دەروونی- کۆمەڵایەتییەی هەیە.

## دەروونناسیی قوربانیدان و مردنی قارەمانانە

لە ڕوانگەی دەروونناسیی بوونگەرێتییەوە، مردن هەمیشە هەڕەشەیە بۆ سەر مانا و ئەمنییەتی دەروونیی مرۆڤ. بەڵام شەهیدبوونی پێشمەرگە لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا نەک وەک کۆتایی، بەڵکوو وەک درێژەدان بە ژیانی نەتەوە لێک دەدرێتەوە. ئەمەش، شێوە بە دیاردەی "مەرگی قارەمانانە" دەدات کە کارکردێکی دەروونیی بۆ کۆمەڵگە هەیە: "ترس لە لەنێوچوون دەگۆڕێت بۆ هیوا بۆ داهاتوو." بەم شێوەیە، شەهیدبوونی پێشمەرگە وەک لاوازی نابینرێت، بەڵکوو وەک هێز و ئیلهام دەبینرێت.

## پێشمەرگە و یەکگرتوویی نیشتمانی

پێشمەرگە، وەک دیاردەیەکی دەروونی- کۆمەڵایەتی، یەکگرتوویی نیشتمانیی کوردی بەهێزتر کردووە. لە هەلومەرجێکدا کە نەتەوەی کورد بەسەر چوار جوگرافیای ساختەدا دابەش کراوە، هێمای پێشمەرگە توانیویەتی سنووره سیاسی و جوگرافییەکان تێپەڕێنێت و هەستی "نەتەوەیەکی یەکگرتوو" بەرهەم بهێنێتەوە. ئەم یەکگرتوویی دەروونییە بۆ مانەوەی هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی زۆر گرنگە. دەروونناسیی کۆمەڵایەتی نیشانی داوە کە بوونی هێمای هاوبەش و پاڵەوانە نەتەوەیییەکان، ناسنامەی گرووپی بەهێز دەکەن و پاڵنەر بۆ بەرخۆدان زیاد دەکەن.

## ئەنجام

پێشمەرگە، تەنیا جەنگاوەر و هێزێکی سەربازی نیە؛ هێمایەکی دەروونی و فەرهەنگییە کە بە درێژایی دەیان ساڵ، شێوەی بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد داوە و بەهێزتری کردوە و بەرهەمی هێناوەتەوە. پێشمەرگە وەک پاڵەوانێکی بەکۆمەڵ، هێمای قوربانیدان و خۆڕاگرییە و توانیویەتی هەستێکی یەکگرتوویی و هیوا لە نەتەوەی کورددا زیندوو بهێڵێتەوە. لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، پێشمەرگە نەتەنیا پارێزەری ناسنامەی نەتەوەیی بووە، بەڵکوو پارێزەری تەندروستیی دەروونی-کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەش بووە. تەنیا بە تێکەڵکردنی هێمای پێشمەرگە وەک ئیلهامبەخشێک بۆ ناسنامە و بە بەرنامە دەروونی- کۆمەڵایەتییەکان بۆ سارێژکردنی برینەکان، ناسنامەی نەتەوەییی کورد دەتوانێت لەسەر ڕێگای گەشەسەندنی بەردەوامدا، هەنگاو بنێت.

١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٥

## سەرنجێک لەسەر وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پارلمانی ئورووپادا




حوزووری سکرتێری گشتی و نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارلمانی ئورووپا، نابێ تەنیا وەک دانیشتنێکی سیاسیی ئاسایی سەیر بکرێت؛ ئەم بابەتە لە ناوەرۆکی خۆیدا، هەوڵێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە لە ئێراندا.

پارلمانی ئورووپا یەکێکە لەو دەگمەن شوێنانەی کە دەنگی نافەرمی و دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتەکان دەتوانن تێیدا ببیسترێن. ئەوەی کە نوێنەرانی بزووتنەوەیەکی کوردی لە ئاستێکی وەها وتار پێشکەش دەکەن، بەو مانایەیە کە پرسی کوردستان چووەتە نێو مەیدانی سیاسەتی فەرمیی جیهانییەوە. ئەمە ڕێک ئەو ئامانجەیە کە ساڵانێکی دوورودرێژە خەباتی سیاسیی بۆ دەکرێت: گۆڕانی پرسەکە لە "پرسێکی ناوخۆیی"یەوە بۆ "دۆسیەیەکی نێودەوڵەتی."

لەو چوارچێوەیەدا، وتەکانی کاک "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نابێ تەنیا وەک هەڵوێستێکی کاتی ببینرێت، بەڵکوو بەشێکە لە پرۆژەیەکی فکری و سیاسی. ناوبراو هەوڵ دەدات لە بناغەی ئەو گێڕانەوە باوەی لەسەر ئێران هەیە بدات؛ گێڕانەوەیەک کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بێت یان لەلایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنەوە، کە لەسەر بنەمای "یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ناسنامە" دامەزراوە. بەڵام کاک مستەفا ئەم بنەمایە دەخاتە ژێر پرسیارەوە

و ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە دەناسێنێت. ئەم گۆڕانکارییە لە دەستەواژەکاندا، لە ڕواڵەتدا سادەیە، بەڵام لە کردەوەدا لێکەوتەی قووڵی هەیە: کاتێک باس لە نەتەوەکان دەکرێت، چیتر باسەکە تەنیا مافی کولتووری و زمانی نییە، بەڵکوو پرسەکە دەچێتە ئاستی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" و بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

خاڵی گرینگ لە قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتدا ئەوەیە کە لە قۆناغی تەنیا ڕەخنەگرتن تێپەڕ دەبێت و دەست دەکات بە پێشکەشکردنی بەدیل. جەختکردنەوە لەسەر فیدراڵیزم وەک مۆدێلێک، نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردی لە ئێراندا تەنیا خەریکی نارەزایەتی دەربڕین نییە، بەڵکوو خەریکی دارشتنی نەزمێکی سیاسیی جێگرەوەیە. لێرەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ زۆرێک لە ڕەوتەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن دەردەکەوێت؛ ئەوانەی هێشتا لە ئاستی ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامیدا ماونەتەوە، بێ ئەوەی وێنەیەکی روونیان بۆ پاشەڕۆژ هەبێت. لە کاتێکدا لە گوتاری حیزبی دێموکراتدا، داهاتوو پێناسە کراوە: ئێرانێکی فرەنەتەوە، فیدراڵ و لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینەی دەسەڵات.

لەلایەکی دیکەوە، کاک مستەفا هیجری بەدروستی پەنجە دەخاتە سەر خاڵێکی هەستیار: مەترسیی دووبارەبوونەوەی پاوانخوازی. ئەزموونی مێژوویی کوردەکان، چ لە ئێران و چ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، دەریخستووە کە گۆڕانی دەسەڵات مەرج نییە ببێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی دەسەڵات. ئەگەر عەقڵییەتی ناوەندگرا و تاک - ناسنامەیی بمێنێتەوە، تەنانەت سیستەمێکی بە ڕواڵەت دێموکراتیکیش دەتوانێت هەمان چەوسانەوە بە شێوازێکی نوێ بەرهەم بهێنێتەوە. ئەمە هەمان ئەو ئاگادارکردنەوەیەیە کە لە قسەکانی جەنابیاندا بە ڕوونی دەبینرێت؛ هۆشدارییەک کە ڕەگی لە ئەزموونە تاڵە مێژووییەکاندا هەیە، نەک تەنیا شیکردنەوەیەکی تیۆری بێت.


بەڵام ڕەنگە قووڵترین بەشی وتاری کاک مستەفا، جەختکردنەوە لەسەر ئەوە بێت کە مافی هاووڵاتیبوون بە تەنیا بەس نییە. ئەم ڕستەیە لە ڕاستیدا هێڵێکی جیاکەرەوەی جیددییە لەگەڵ گوتاری لیبرالیزمی کلاسیک کە هەوڵ دەدات هەموو کێشەکان بۆ ئاستی تاک دابەزێت. لە ڕوانگەی کوردەوە، کێشەکە تەنیا تاک نییە؛ کێشەکە ناسنامەی بەکۆمەڵە، کێشەکە مێژوویەکە لە نکۆڵیکردن و سڕینەوە. کەواتە بەبێ بەفەرمیناسینی ئەم ناسنامانە، هەر جۆرە دێموکراسییەک لە ئێراندا کەموکوڕیی دەبێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا، حوزووری هاوکاتی نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکە وەک بەلووچ و عەرەبەکانی ئەهواز، نیشان دەدات کە جۆرێک لە لێکتێگەیشتن و هاوپەیمانی لە حاڵی شکڵگرتندایە. ئەم هاوکارییە ئەگەرچی هێشتا ساوا دیارە، بەڵام لەڕووی ستراتیژییەوە زۆر گرنگە. چونکە بۆ یەکەمجار وێنەیەکی بەکۆمەڵ لە ئێرانی ناناوەندی پێشکەشی جیهان دەکرێت. ئەم وێنەیە ئەگەر جێگیر بێت، دەتوانێت هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتووی ئێران بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت.

لە کۆتاییدا، دەبێ بوترێت ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا ڕوویدا، تەنیا وتارخوێندنەوە یان چالاکییەکی دیپلۆماتیک نەبوو؛ بەڵکوو بەشێک بوو لە جەنگی گێڕانەوەکان. ململانێیەک لەنێوان دوو وێنە بۆ ئێران: ئێرانێکی تاقە – دەنگ و ناوەندگرا، لە بەرانبەر ئێرانێکی فرەڕەنگ و فرەنەتەوە. لەم نێوەندەدا، دەنگی کورد، بەهۆی ئەزموونی مێژوویی، یەکگرتوویی سیاسی و بەردەوامیی خەبات، یەکێکە لە دەنگە هەرە بەهێزەکان. ئەگەر ئەم دەنگە بتوانێت پێگەی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا جێگیر بکات، نەک تەنیا بۆ کوردستان، بەڵکوو بۆ داهاتووی تەواوی ئێرانیش چارەنووسساز دەبێت.

٢٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

## بڕینی ئینتەرنێت لە ئێران؛ قەیرانێکی فرەڕەهەند و پاشهاتە قووڵەکانی




بڕینی بەرفراوان و درێژخایەنی ئینتەرنێت لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کە خەریکە لە دوو مانگ تێدەپەڕێت، بووەتە یەکێک لە گەورەترین قەیرانە فرەڕەهەندەکانی وڵات؛ قەیرانێک کە ڕەنگدانەوەی بڕیارە سیاسییەکانە و لێکەوتەی قووڵی لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی و مافەکانی مرۆڤدا لێ کەوتووەتەوە.

لە ئێران، بڕینی ئینتەرنێت وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی زانیاری و سنووردارکردنی پەیوەندییە گشتییەکان بەکار دێت. لە بارودۆخێکدا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەکۆیەک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی، ڕێکخستنی مەدەنی و گواستنەوەی خێرای هەواڵەکان، سنووردارکردنی دەستپێڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت لە کردەوەدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی شەفافییەت و زیادبوونی قۆرخی زانیاری. ئەم دۆخە نەک هەر توانای چاودێریی گشتی بەسەر دامودەزگاکانی دەسەڵاتەوە کەم دەکاتەوە، بەڵکوو درزی نێوان حکوومەت و کۆمەڵگە قووڵتر دەکات. لە کەشێکی ئاوادا، هەوڵ دەدرێت گێڕانەوە فەرمییەکان بەهێز بکرێن و گێڕانەوە سەربەخۆکان لاواز بکرێن.

لەلایەکی دیکەوە، لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێکی گەورەی کار و کاسبیيە بچووک و مامناوەندەکان لە ئێران بەستراونەتەوە بە ژینگەی ئۆنلاین؛ لە فرۆشگە ئینتەرنێتییەکانەوە بگرە تا فریلانسەرەکان، بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆک و ستارتئەپەکان.

بڕینی ئینتەرنێت بە واتای ڕاوەستانی لەناکاوی سەرچاوەی بژێویی ملیۆنان کەس دێت. دابەزینی فرۆش، لەدەستدانی کڕیار، شڵەژانی زنجیرەی دابینکردن و بێ متمانەیی بازاڕ، تەنیا بەشێکن لە پاشهاتەکانی ئەم دۆخە. هەروەها وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و دەرەکی لە بارودۆخێکی وەهادا ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵاتنی سەرمایە و سستیی ئابووری.

لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، ئینتەرنێت تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکوو بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. بڕینی ئینتەرنێت بە واتای پچڕانی پەیوەندییە مرۆییەکانە لە ئاستێکی بەرفراواندا. ئەو خێزانانەی لە شار یان وڵاتە جیاوازەکاندا دەژین، لە پەیوەندیی ڕۆژانە بێبەش دەبن. خوێندکاران و قوتابییان دەستپێڕاگەیشتنیان بە سەرچاوە فێرکارییەکان نامێنێت و زۆربەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە بە شێوەی ئۆنلاین پێشکەش دەکرێن، تووشی پەککەوتن دەبن. ئەم دۆخە جۆرێک لە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتیی سەپێنراو دروست دەکات کە لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی لاوازبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی.

یەکێک لە ڕەهەندە شاراوەکانی ئەم قەیرانە، کاریگەرییە دەروونییەکانییەتی. مرۆڤی ئەمڕۆ ڕاهاتووە بە پەیوەندیی بەردەوام و دەستپێڕاگەیشتنی خێرا بە زانیاری. پچڕانی ئەم دەستپێڕاگەیشتنە، بەتایبەت کاتێک لەناکاو و زۆرەملێ بێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ، هەستی ناسەقامگیری و بێدەسەڵاتی. خەڵک لە بارودۆخێکدا دەمێننەوە کە نازانن لە وڵاتدا چی دەگوزەرێت، لە هەواڵی ئازیزانیان بێئاگا دەبن و دەرفەتی دەربڕینی هەستەکان یان وەرگرتنی پشتیوانیی کۆمەڵایەتییان لەدەست دەچێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی گوشاری دەروونیی گشتی، خەمۆکی و تەنانەت تووڕەییەکی پەنگخواردوو لەنێو کۆمەڵگەدا.

هەروەها لەم سەردەمەدا، دەستپێڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت وەک یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەناسرێت؛ مافێک کە گرێدراوی ئازادیی ڕادەربڕین، دەستڕەسی بە زانیاری و مافی پەیوەندیگرتنە. بڕینی بەرفراوانی ئینتەرنێت، ڕاستەوخۆ ئەم مافانە پێشێل دەکات. هاووڵاتییان لە دەرفەتی دەربڕینی ڕوانگەکانی خۆیان و دەستڕەسی بە میدیا ئازادەکان بێبەش دەبن. سەرەڕای ئەوەش، لە کاتێکدا کە چاودێریی نێودەوڵەتی گرێدراوە بە ئینتەرنێتەوە، ئەم سنووردارکردنانە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەدۆکۆمێنتکردن و گەیاندنی هەواڵی ڕووداوە نێوخۆییەکان.

## بە کورتی؛

بڕینی ئینتەرنێت لە ئێران تەنیا وەک کارێکی تەکنیکی یان ئەمنی نابینرێت؛ بەڵکوو قەیرانێکی چەندین چینە کە

پاشهاتی درێژخایەنی هەیە. ئەم قەیرانە نەک هەر ئابووری لاواز دەکات، بەڵکوو زیان بە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، تەندروستیی دەروونیی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە و مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان پێشێل دەکات.

٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

---

## قەیرانی "ناسنامەی نیشتمانی" لە دەورانی تازەلاوی و لاوێتیدا لەنێوان گەلانی داگیرکراودا



قەیرانی "ناسنامەی نیشتمانی" یەکێکە لە پرسە ئاڵۆز و قووڵەکان لە کۆمەڵگە داگیرکراوەکاندا (وەک کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، بەتایبەتی لەنێو لاواندا کە خەریکی بنیاتنانی کەسایەتیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خۆیانن. "کۆلۆنیالیزم"، وەک دیاردەیەکی فرەڕەهەند، نەک هەر کاریگەریی لەسەر پێکهاتە ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵگە داگیرکراوەکان داناوە، بەڵکوو بووەتە هۆی پچڕانی قووڵی کەلتووری و دەروونیشیان. لەم نێوەندەدا تازەلاوان و لاوان بەهۆی باری هەستیاری گەشەیانەوە، لە چاو گرووپەکانی تر، زیاتر بەرەوڕووی قەیرانی ناسنامە دەبنەوە.

لەم بابەتەدا بەکورتی دەپەرژێینە سەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی لەنێو گەلانی داگیرکراودا، هەروەها بە پشتبەستن بە تیۆرییەکانی "پۆستکۆلۆنیالیزم"، بەتایبەت بۆچوونەکانی "فرانتس فانۆن"، لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی شی دەکەینەوە.

### ناسنامەی نیشتمانی

لە سادەترین پێناسەدا، ناسنامەی نیشتمانی هەستی گرێدراویی تاکە بە نەتەوەیەک و هەستی هاوبەشی لە توخمە کەلتووری، مێژوویی، زمانی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو نەتەوەیەیە. ئەم ناسنامەیە بەشێکە لە پێکهاتەی گەورەتری ناسنامەی کۆمەڵایەتی و دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە ڕەفتارە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکاندا بگێڕێت. لە هەلومەرجی ئاساییدا ناسنامەی نیشتمانی لە ڕێگەی بنەماڵە، دامەزراوە پەروەردەییەکان، میدیاکان و ئەزموونە مێژووییییە

بەکۆمەڵەکانەوە بەهێزتر دەبێت. بەڵام لە کۆمەڵگە داگیرکراوەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەژێر داگیرکاریی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانیدایە، ئەم پرۆسەیە بەتوندی پەک دەخرێت.

## داگیرکەر و لاوازکردنی ناسنامەی نیشتمانی

بە درێژاییی مێژوو، هێزە کۆلۆنیالیستییەکان بۆ وەدەستهێنانی کۆنترۆڵی تەواو بەسەر خاکە داگیرکراوەکاندا، نەک هەر دەستیان بەسەر ژێرخانی ئابووری و سامانە سروشتییەکانیاندا گرت، بەڵکوو لە ڕێگەی پلانی وردەوە، ناسنامەی کولتووری و مێژوویی گەلانی داگیرکراویان لاواز کرد. بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داگیرکەری ئێرانی لە ڕێگەی سەپاندنی زمانی فارسی، دووبارە نووسینەوەی مێژوو (چەواشەکردنی مێژووی کورد و کوردستان و ئێران)، سووکایەتیکردن بە کەلتووری کوردی و بە جێگرەوەی هێما و بەهاکانی خۆیان، بەستێنیان بۆ لاوازکردنی ناسنامەی کوردستانی و سەرلێشێواویی کۆمەڵایەتی خۆش کرد. ئەم سیاسەتانە نەک هەر بۆشاییی نێوان نەوەکانیان زیاتر کرد، بەڵکوو بووە هۆی ئەوەی نەوەی لاو هەتا ڕادەیەکی زۆر هەست بە نەبوونی گرێدراویی خۆیان بە ناسنامە و ڕەگ و ڕیشەی کەلتووریی خۆیانەوە بکەن.

## قەیرانی ناسنامە لەنێو تازەلاوان و لاوانی کۆمەڵگە داگیرکراوەکاندا

تازەلاوی و لاویتی قۆناغێکی هەستیاری گەشەسەندنی ناسنامەیە کە تێیدا تاک هەوڵ دەدات شوێنی خۆی لە کۆمەڵگە و جیهاندا دیاری بکات. لە گەلانی داگیرکراودا، لاوان ڕووبەڕووی دووفاقێتیی کەلتووریی توند دەبنەوە: لەلایەکەوە لە ڕێگەی پەروەردە، میدیا و دامەزراوە فەرمییەکانەوە بەرکەوتەی کەلتووری کۆلۆنیالیزم دەبنەوە؛ لەلایەکی ترەوە لەلایەن خێزانەکەیان یان کۆمەڵگەکەیانەوە کەلتووری ڕەسەنی خۆیان بۆ دەگوازرێتەوە. ئەم دژبەیەکییە دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە "قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی"، کە ڕەنگە لە شێوەی "لەخۆ نامۆبوون"، یان نکۆڵیکردن لە ڕابردوو، یان هەوڵدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەلتووری، خۆی دەربخات. کە بەداخەوە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەم بابەتە دەستەویەخەیە.

## لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانی ناسنامە

هەستکردن بە بێ بەهایی و سەرلێشێواوی؛ لاوان هەست بە نەبوونی گرێدراوی، گۆشەگیری و بێ ناسنامەیی دەکەن.

ئارەزووی هاوشێوەسازی لەگەڵ کەلتووری کۆلۆنیالیزم؛ بە هیوای سەرکەوتن یان قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی، هەندێک لاو

هەوڵ دەدەن خۆیان لەگەڵ کەلتووری کۆلۆنیالیزمدا ڕێک بخەن.

توندڕەویی کەلتووری یان سیاسی؛ لە هەندێک حاڵەتدا وڵامدانەوە بۆ قەیرانی ناسنامە، خۆی لە شێوەی بەرخۆدانی چڕوپڕی کەلتووری، بناژۆخوازی یان ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ دەردەخات.

## هێنانەوەی چەند نموونەیەکی مێژوویی

داگیرکردنی ئەلجەزایەر لەلایەن فەڕانسەوە؛ "فرانتس فانۆن" لە کتێبی"The Wretched of the Earth" دا، بەباشی باس لە سەرلێشێواویی دەروونیی لاوانی ئەلجەزائیر دەکات کاتێک ڕووبەڕووی کەلتووری فەڕەنسی دەبنەوە. ئەوان لە قوتابخانە بە زمانی فەڕەنسی پەروەردە دەکران و لە ماڵەوە بە زمانی عەرەبی یان ئەمازیغ دەژیان. ئەم دۆخە دابەشبووە، بووە هۆی قەیرانێکی دەروونی و ناسنامەییی بەرفراوان لەنێوانیاندا.

داگیرکردنی هیند لەلایەن بەریتانیاوە؛ سیستەمی پەروەردەی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا، زمانی هیندیی لاواز کرد و زمان و کەلتووری ئینگلیزیی بەرەوپێش برد. زۆرێک لە لاوانی هیندی لەنێوان وەفا بۆ نەریتە کەلتوورییەکانیان و خواستی سەرکەوتن لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمدا، تووشی سەرلێشێواوی ببوون.

ئەفریقای باشوور لە سەردەمی ئاپارتایدا؛ لاوانی ڕەشپێست جگە لە گوشارە سیاسییەکان و هەڵاواردنی ڕەگەزی، لەلایەن سیستەمی پەروەردەیی و میدیاوە گوشاریان خرایەسەر بۆ ئەوەی کەلتووری ڕۆژاوا قبووڵ بکەن و نکۆڵی لە فەرهەنگی خۆیان بکەن. ئەم پرۆسەیە بووە هۆی فراوانبوونی بزووتنەوەکانی بەرخۆدانی کەلتووری و خوێندکاری.

## ئاکام

قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی لەنێو گەلانی داگیرکراودا (بەتایبەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، دیاردەیەکی قووڵ و فرەچینە کە ڕەگ و ڕیشەی لە سیاسەتە کەلتوورییە ستەمکارەکانی کۆلۆنیالیزمدا هەیە. تێگەیشتنێکی ورد لەم قەیرانە، بەتایبەتی لەنێو نەوەی لاودا، دەتوانێت ببێتە هۆی چارەسەر بۆ بووژاندنەوەی ناسنامەی ڕەسەن و بەهێزکردنی پەروەردەی کەلتووری و دروستکردنی کەشی گفتوگۆ لەنێوان نەوەکاندا. دووبارە خوێندنەوەی ئەزموونە مێژووییەکان و کەڵکوەرگرتن لە تیۆرییە ڕەخنەییەکان، هەنگاوێکی گرنگ دەبێت بەرەو چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە ناسنامەییە.



سەرچاوە Serchawe

**سەرچاوەکان: (فارسی)**

**- دوزخیان روی زمین/ فرانتس فانون**

**- چهره استعمارگر، چهره استعمارزده/ آلبرت ممی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی لاوان - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## بەرەی نوێی پێشمەرگەکانی کوردستان



پێشمەرگە لە مێژووی سیاسیی کوردستان، تەنها هێزێکی چەکدار نەبووە، بەڵکوو هێمای ناسنامە، بەرخۆدان، خۆڕاگری و خەبات بووە. سەرەڕای ئەمە، بەو جۆرەی کە کۆمەڵگەی کوردستان گۆڕدراوە، نەسڵەکانی پێشمەرگەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەمڕۆ لە سەنگەری پێشمەرگە دێرینەکاندا، کە ئەزموونی دەیان ساڵ خەباتیان هەیە، هاوسەنگەرانێک لە بەرەی نوێ هەن کە پاڵنەر، گۆشەنیگا و ڕوانگەی جیاوازی خۆیان هەیە و شێوەی خەباتیان لەگەڵ بەرەکانی پێش خۆیان جیاوازە. ناسینی ئەم جیاوازییانە بۆ تێگەیشتن لە داهاتووی خەباتی کوردستانییان، بەتایبەتی لە ڕێکخراوەگەلێکی ڕیشەداری وەک حیزبی دێموکرات، پێویستە.

نەسڵی ڕابردووی پێشمەرگە، لە سەردەمانێکدا خەباتیان دەکرد کە بوونی خەڵکی کوردستان لەژێر گوشاری توندی ئەمنی و سیاسیدا بوو. بۆ ئەوان، خەبات پێویستییەکی خێرا بوو بۆ مانەوە و پارێزگاری لە ناسنامەی کوردی. ژیان لە شاخەکان، کەمیی ئامراز و خزمەتگوزارییەکان و دەرگیریی قورس، شێوەی بە وێنەی گشتیی پێشمەرگە دێرینەکان دابوو.

بەڵام بەرەی نوێ لە سەردەمێکدا پەیوەستی خەبات بووە کە جیهان گۆڕدراوە: پەیوەندییە جیهانییەکان بەرفراوانتر بوون، خەبات تەنها بە چەک ناکرێت، تەکنۆلۆژیا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و خەڵک خوازیاری سیاسەتدارێژیی بەرۆژترن. کەوایە بەرەی نوێ لە کاتێکدا هاتوونەتە نێو خەباتی ڕاستەوخۆی پێشمەرگانەوە کە ئامانج تەنها مانەوە نییە، بەڵکوو داهاتووسازی و ڕۆڵگێڕانی سیاسیشە.

پاڵنەری سەرەکیی نەسڵی ڕابردوو، پاراستنی ناسنامە، پارێزگاری لە خەڵک و وڵامدانەوە بە سەرکوتی ڕاستەوخۆ بوو، بەڵام بەرەی نوێی پێشمەرگە پاڵنەری چەندتوێژیی هەیە: ئەوانیش ناسنامەخوازن، بەڵام ئەم ناسنامەخوازییە زیاتر شرۆڤەتەوەر، فەرهەنگی و سیاسییە و بگرە ڕادیکاڵتریشە. ئەوان ناسنامەی نیشتمانی گرێ دەدەنەوە بە زمانی دایکی، یەکسانیی ماف، بەشداریی سیاسی، مێژووی کۆن و هاوچەرخی کوردستان و نواندنەوەی بەرەی نوێی کوردستان.

بەرەی ئێستا زیاتر لە بەرەی پێشوو، سەرنجیان لەسەر سیاسەتدارێژیی مەدەنی، کاری میدیایی، پەیوەندییەکانی دیاسپۆرا، دیپلۆماسی و ڕۆڵی تەکنۆلۆژیایە. ئەوان دەزانن کە خەباتی ئێستا تێکەڵەیەکە لە هێزی سەربازی، هێزی میدیایی، ڕای گشتی و تۆڕسازیی جیهانی.

نەسڵی پێشوویی پێشمەرگەکان، زیاتر لەژێر کاریگەریی ئەزموونە بینراوەکانی شەڕ، ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت، خۆڕاگریی فیزیکی و پەیوەندی لەگەڵ شاخ و چیا بوون. جیهانی ئەوان جیهانێک بوو کە تێیدا بڕیارەکان خێرا و پراکتیکی دەدران و هەڵسەنگاندنەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی ڕاستەوخۆ بوون. بەڵام بەرەی نوێی پێشمەرگە لە سەردەمێکدا دەژین و خەبات دەکەن کە سەردەمی شرۆڤە، زانیاری، میدیا، سۆشیال میدیا و زیرەکی دەستکردە و هەموو ئەمانە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە. واتە جیهانبینیی ئێستا، شیکارانەتر، سیاسیتر، میدیاتەوەر، داهاتووبینتر و جیهانیتر بووە. بۆ پێشمەرگەی ئێستا، خەبات تەنها گۆڕەپانی جەنگ نییە، بەڵکوو گۆڕەپانی میدیا، ڕای گشتی، زانکۆ و گۆڕەپانی فەرهەنگیش بەشێک لە گۆڕەپانەکانی خەباتن.

لە ڕابردوودا، پێشمەرگە تەنها بە چەک و تاکتیکی کلاسیک خەباتی دەکرد. بەڵام بەرەی نوێی پێشمەرگە، شارەزایی دیکەشی هەیە یان پێویستی بەو شارەزاییانە هەیە: کار لەگەڵ تەکنۆلۆژیای پەیوەندیگرتن، شرۆڤەی زانیاری، ئاشنایی لەگەڵ درۆن و شەڕی ناموتەقارن، بەرهەمهێنانی ناوەرۆک، کاری میدیایی و ئەمنییەتی دیجیتاڵی. ئەم گۆڕانکارییانە شێوەی خەباتی حیزبی دێموکراتیشی گۆڕیوە و کردوویەتی بە هێزێکی تێکەڵاوی مەیدانی - میدیایی - سیاسی.

هەرچەندە جیاوازیگەلێک هەن، بەڵام ڕاستییەکانی مەیدانی خەبات ئەمەیە کە نەسڵی ڕابردوو و ئێستا لە تەنیشت یەک، پێکهاتەیەکی تەواو دروست دەکەن: نەسڵی ڕابردوو ئەزموون، سەبر و ڕاوەستاویی هەیە، بەرەی ئێستاش، وزە، شرۆڤە و شارەزایی نوێی پێیە. بۆیە داهاتووی خەباتی حیزبی دێموکرات کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە ئەم دوو نەسڵە، نە جێگرەوەی یەک، بەڵکوو تەواوکەری یەک بن. ئامانجیش کە هەمان ئامانجی ڕابردووە: ڕزگاریی کوردستان و کوردستانییان و پارێزگاری لە کەرامەتی مرۆیی تاکی کوردستانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لاوان - ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٥

# کەڵکوەرگرتن لە "بلاگەر"ەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی داگیرکاری لە کوردستان



**قەندیل پرێس**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (هەروەها لە هەرێمەکانی دیکەی وەک بەلووچستان) بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی داگیرکاری (کۆلۆنیالیزم)، چەندین شێوازی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت. یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکان کە لەم ساڵانەی دواییدا بەکاری هێناوە، بلاگەرە بەرواڵەت سەربەخۆکانە. "بلاگەر" واتە ئەو کەسانەی بەگشتی ڤیدیۆ بەرهەم دەهێنن و لە سۆشیال میدیا بڵاوی دەکەنەوە، دیارە پێشتر بلاگرەکان بەو کەسانە دەگوتران کە وێبلاگیان هەبوو و بابەتیان دەنووسی.

لەم وتارەدا دەپەرژێینە سەر شێوەی کاری ئەم بلاگەرانە، نموونەی ڕاستەقینە و مۆدێلە دیاریکراوەکانی ئاساییکردنەوەی داگیرکاری لە ڕێگەی بلاگەرەکانەوە لە کوردستان و هەروەها تۆڕەکانی دروستکردنی بلاگەرە حکوومەتییەکان لە کوردستان.

## شێوەی کاری "بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆمەڵێک لەم بلاگەرانە بەرواڵەت سەرنجیان لەسەر بابەتگەلی وەک "خواردن"، "گەشتیاری"، "کولتوور" یان "مێژوو"ە، بەڵام لە پراکتیکدا گێڕانەوەی فەرمیی دەسەڵات بەبێ ڕەخنەگرتن، بەرهەم دەهێننەوە. بۆ نموونە وێنەی کوردستان جۆرێک دەخەنە ڕوو کە هیچ نیشانەیەکی چەوساندنەوە و هەژاریی پێکهاتەیی یان هەڵاواردنی پێوە دیار نیە؛ بەڵکوو ژیانێکی ئاسایی و ڕەنگاوڕەنگ و بێ گرژی نیشان دەدەن.

- بەشێک لەو بلاگەرانە لەلایەن ناوەندە ئیتلاعاتی و فەرهەنگییەکانەوە (وەک سپای پاسداران، ئیرشاد یان وەزارەتی ئیتلاعات) ڕێنمایی و تەنانەت پاڵپشتیی دارایی دەکرێن، ئەویش بە مەبەستی دروستکردنی نێوەڕۆک و بەرهەمگەلێک کە گێڕانەوەی داگیرکاری بشارێتەوە. ڕەنگە ئەم هاوکارییە ئاشکرا و دیار نەبێت؛ دەکرێت لە شێوەی هەقدەست، یارمەتیی سەفەر، مۆڵەتی تایبەت یان تەنانەت "پاراستن لە لێپێچینەوە" بێت.

- هەر ئەو بلاگەرانە لەبری پەرژانە سەر بابەتگەلی وەک "سەرکوتی سیاسی"، "هەڵاواردنی زمانی"، هەژاریی ئابووری" یان "میلیتاریزەکردنی بەربڵاو لە کوردستان"، تیشک دەخەنە سەر پرسە لاوەکی یان ناگرنگەکان، وەک ناساندنی چێشتخانەیەکی نوێ یان فێستیڤاڵێکی خۆماڵی، وەک ئەوەی کوردستان لە خۆشگوزەرانییەکی تەواودا بێت.

- هەندێکی دیکە لە بلاگەرەکان بە پشتگوێخستن یان بچووکنیشاندانی خەباتی گەلی کورد بۆ مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی، وا لە بینەری نێوخۆیی و تەنانەت بیانی دەکەن هەست بەوە بکەن کوردستان هیچ کێشەیەکی تایبەتی نیە و کێشەکانی "خۆجێی" و "بچووکن". ئەوان لە ڕاستیدا وەک دەلاڵی ڕەواییدان کار دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەوان بە زمانی کوردی قسە دەکەن و جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن و وا دەردەکەون کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە دەکەن، بینەر وا گریمانە دەکات کە ئەم گێڕانەوەیانە خۆڕسک و جەماوەری بن نەک دەستکاریکراو.

## نموونەی ڕاستەقینە و مۆدێلە دیاریکراوەکانی ئاساییکردنەوەی داگیرکاری لە ڕێگەی بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکانەوە لە کوردستان

- دوای "شۆڕشی ژینا" و چڕبوونەوەی سەرکوتکردن، ڕێژیم پرۆژەیەکی بە ناوی "بوژانەوەی گەشتیاری لە کوردستان" دەست پێ کرد. ئەو بلاگەرانەی پێشتر تەنها وێنەی سروشت یان خواردنیان بڵاو دەکردەوە، لەژێر ناوی "ئاسایشی تەواو لە کوردستان"، "میوانداریی بێهاوتا" و "خەڵکی میهرەبانی کورد" دەستیان کرد بە بانگەشەکردنی گەشتە نێوخۆییەکان بۆ کوردستان. ئامانج لێی ئەوە بوو کە وێنەی توندوتیژانە و ڕاستەقینەی سەرکوت، هەژاری و بوونی قورسی هێزی سەربازی کاڵ بێتەوە یان نەمێنێت. بۆ نموونە، گەشتی بلاگەرە بەناوبانگەکانی تاران بۆ کوردستان بە شێوەیەکی تەواو نائاسایی و پلانبۆداڕێژراو دەستی پێ کرد و لە گرتە ڤیدیۆییەکانیاندا بەردەوام باسیان لەوە دەکرد کە هیچ نیشانەیەک لە خاڵەکانی پشکنینی هێزەکانی حکوومەت و هیچ خەبەرێک لە هەژاریی بەرفراوان نی؛ واتە کوردستان ئەمن و دوور لە هەر دیاردەیەکی وەک هەژاری و پەرەنەسەندنە.

- لەلایەکی دیکەوە هەندێک لە بلاگەرە کوردەکان - هەندێک لەوانەی کە کار لەسەر پرسە فەرهەنگییەکان دەکەن -

دەستیان کردوە بە سانسۆری چالاکانەی قەیران و هەڵاواردنەکان و بە ئاشکرا خۆیان لە باسکردنی قەدەغەکردنی وانەگوتنەوە بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان، دەرکردنی مامۆستایانی کورد، یان سەرکوتکردنی ئاهەنگەکانی نەورۆز و دەستبەسەرکرانی سەدان کەس لە مانگدا بەدوور دەگرن. بۆ نموونە پۆستیان لەسەر ئاهەنگی نەورۆز دەکرد، بەڵام لای ئەوان هیچ باسێک لە دەسبەسەرکردنی بەکۆمەڵی بەشداربووانی نەورۆز لەئارادا نەبوو.

- لەلایەکی دیکەوە ڕێژیم بە پشتیوانیکردنی هەندێک کەس هەوڵ دەدات ڕووخسارگەلێک دروست بکات کە بڵێن: "سەیرکەن! کوردێک دەتوانێت لە ئێرانیشدا سەرکەوتوو بێت". ئەم ڕووخسارانە بە کردەوە نکۆڵی لە هەڵاواردنی پێکهاتەیی دەکەن.

**بۆ نموونە: ئەو بلاگەرانەی کە چیرۆکی بازرگانێکی سەرکەوتووی شاری بانە یان خاوەن چێشتخانەیەک لە سنە گەورە دەکەنەوە و ئەم سەرکەوتنە تاکەکەسییانە دەخەنە جێی داواکارییە بەکۆمەڵەکانی وەک "دادپەروەریی ئابووری."**

- یەکێکی تر لە هەوڵەکانی بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکان، بەبراندکردنی ئێتنیکییە بە دوور لە سیاسەت. ئەوان جلوبەرگی کوردی، مۆسیقای کوردی و خواردنی کوردی و هتد، وەک "بەرهەمی فەرهەنگیی سەرنجڕاکێش" بەبێ کۆنتێکستی سیاسی پێشکەش دەکەن. لە کاتێکدا ناسنامەی کولتووریی کورد ساڵانێکە سەرکوت کراوە و سیاسییە. ئەم بلاگەرانە وای لێ دەکەن کە بێ مەترسی و وەک "دیکۆرات" بۆ گەشتیاران دەربکەوێت.

- هەروەها هەندێک لە بلاگەرە کوردەکان، بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە "کورد بەشێکی ڕەسەنی شارستانییەتی ئێرانە و پێویستە بە یەکیەتیی نەتەوەیی و سەرزەمینیی ئێران وەفادار بمێنێتەوە". ئەم زمانە بەئەنقەست بۆ سڕینەوەی "مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد" بەکار دێت.

**تەکنیکە وردەکانی ئەم پرۆژەیە**

- ئاڕاستەکردنی هاشتاگەکان: بۆ نموونە لە کاتی نارەزایەتییەکاندا، لەبری هاشتاگی وەک " ژن - ژیان - ئازادی"، هاشتاگی وەک "کوردستانی جوان یان کوردستانی میواندار"یان ترێند دەکرد.

- هەڕەشەکردن یان ڕاکێشانی بلاگەرەکان: ئەگەر بلاگەرێک لەبارەی سەرکوتکردنەوە قسە بکات، ئەوا هەڕەشەی لێ دەکرێت یان لاپەڕەکەی دادەخرێت. لە بەرامبەریشدا ئەگەر هاوکاری بکات، پشتیوانیی دارایی و ڕیکلام وەردەگرێت.

- هاوکاریی ئۆرگانیک لەگەڵ میدیای دەوڵەتی: زۆرێک لەو بلاگەرانەی کە بەڕواڵەت سەربەخۆن، ناوەڕۆکەکانیان لەلایەن دەزگا دەوڵەتییەکانی وەک "فارس، تەسنیم، یان ئیرنا" بڵاو دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕەوایی زیاتر بەدەست بهێنن.

## ڕۆڵگێڕە سەرەکییەکانی تۆڕی "بلاگەرسازیی حکوومەتی" لە کوردستان

**لە پشت پەردەی ئاڕاستەکردنی بلاگەرە بەڕواڵەت سەربەخۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تۆڕێکی ڕێکخراو و فرەچین هەیە کە گرێدراوی ناوەندە ئەمنییەتی، تەبلیغی و فەرهەنگییەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانە. وەک:**

- سازمانی ئیتلاعاتی سپا (ساس) کە ناوەندی سەرەکیی ناسین، ڕاکێشان و ئاڕاستەکردنی بلاگەرەکانە. ئەوان بلاگەرە کوردەکان کە پۆتانسییەلیان هەیە، هەڕەشەیان لێ دەکات یان ڕایاندەکێشێت. هەڕەشەکان بریتین لە: "بەندکران، داخستنی پەیج و قەدەغەکردنی دەرچوون لە وڵات". ڕاکێشانیشیان بەم شێوەیەیە: "مۆڵەتی فەرمی بۆ چالاکی، بودجەی ڕیکلام و ئاسایشی کار". هەندێک جاریش "ڕێنماییی ناوەڕۆک" بە بلاگەرەکان دەدرێت (بۆ نموونە دەبێ پۆستێک لەسەر ئاسایش یان یەکێتیی نیشتمانی بکەن).

- یەکێکی تر لە ناوەندەکانی ئاڕاستەکردنی بلاگرەکان لە کوردستان، "ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی کوردستان"ە. ئەم ناوەندە ڕۆڵی فەرمی و ڕواڵەتیی هەیە لە پشتیوانیکردن لە "چالاکانی فەرهەنگی و میدیا خۆجێیییەکان". ئەم ناوەندە کۆمەڵێک ڕێکخراوی بەناو خەڵکی و ساختەی دروست کردووە تا بلاگەرەکان بخەنە ژێر پەروباڵی خۆیانەوە. هەروەها یەکێکی تر لە کارەکانی ئەم ناوەندە بریتییە لە پێدانی قەرز و مۆڵەتدان بە چالاکییە میدیاییەکان و ڕێکخستنی فێستیڤاڵی جۆراوجۆر، ئەمەش دەبێتە هۆی نزیککردنەوەی بلاگەرەکان لە ڕێژیم.

- ناوەندێکی دیکەی دەسەڵات لە کوردستان کە کار لەسەر بلاگەرەکان دەکات، "دەنگ و ڕەنگ"ی ڕێژیمە لە کوردستان. ئەوان بە بانگهێشتکردنی بلاگەرە کوردەکان بۆ بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، دەیانەوێت دەریانخەن و نیشانیان بدەن و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەکۆیەک بۆ وێناکردنی "ژیانێکی ئاسایی و بەختەوەر" لە کوردستان دەڕەخسێنن.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ لە کوردستان کۆمەڵێک بلاگری دیکەش چالاکن و ئامانجیان تەنیا خزمەتکردنی کورد و کوردستانە و بەتەواوەتی سەربەخۆن. بەپێی ئەو شتانەی کە لێرەدا باس کران، جیاکردنەوەی بلاگری سەربەخۆ و

ئاڕاستەکراو، زۆر ئەستەم نین و پێویستە خەڵکی کوردستان بە پشتیوانیکردنی بلاگرە سەربەخۆکان و پشتگوێخستنی بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکان، پیلانەکانی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی لە کوردستان پووچەڵ بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس - ڕێکەوتی: ١١ی مای ٢٠٢٥



سەرچاوە Serchawe

# لە شەقامەوە بۆ ڕێکخستن



دوای خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکان لە هەرێمی کوردستان و چەند شارێکی باکووری کوردستان و کۆبوونەوە جەماوەرییە فراوانەکان لە وڵاتانی ڕۆژاوایی، شایەتی ڕووداوێکی مێژوویی بووین: شەپۆلێکی نوێ لە یەکگرتوویی و تەبایی لەنێوان کورداندا.

ئەم یەکگرتووییە تەنیا هەستێکی کاتی یان کاردانەوەیەکی سۆزداری نەبوو؛ بەڵکوو سەلماندی کە کورد لە هەر شوێنێک بێت - لە هەولێر، سلێمانی، مەهاباد، قامیشلۆ، ئامەد، یان لە بەرلین و ستۆکهۆڵم و پاریس - کاتێک باسی چارەنووسی نەتەوەیی بێت، دەتوانێت وەک یەک نەتەوە و خاوەن یەک دەنگ بێت.

**بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە ئەمەیە: چۆن دەکرێت ئەم یەکگرتووییە نوێیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان بەکار بهێنرێت؟**

خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکان هێزێکی گەورەن؛ بەڵام ئەگەر ئەم وزەیە تەنیا لە شەقامدا بمێنێتەوە، دوای ماوەیەک دەمرکێتەوە. کورد دەبێ ئەم یەکگرتووییە بگۆڕێت بۆ تۆڕی ڕاستەقینە و بەردەوام: تۆڕی مەدەنی، کولتووری، میدیایی، خوێندکاری و مافی مرۆڤ. ئەگەر ئەمڕۆ هەزاران کەس لە ئەورووپا ڕژانە سەر شەقامەکان، سبەی دەبێ هەمان ئەو کەسانە لە چوارچێوەی لێژنە، کۆمەڵە، گرووپی فشار و تیمە میدیاییەکاندا بە چالاکی بمێننەوە؛ نەک هەموو شتێک کۆتایی بێت و تەنیا یادەوەرییەکی لێ بمێنێتەوە. یەکیەتیی نەتەوەیی کاتێک بەهای هەیە کە توانای دووبارەبوونەوە و پاراستنی هەبێت.

لەو شەپۆلە نوێیەدا ڕاستییەک ڕوون بووەوە: لاوان دڵی لێدەری یەکیەتیی کوردن. هەر ئەوان بوون ڤیدیۆیان دروست کرد، ناوەڕۆکیان بەرهەم هێنا، هەواڵەکانیان بە چەند زمان بڵاو کردەوە، گردبوونەوەیان ڕێک خست و سەرنجی ڕای گشتیی جیهانیان ڕاکێشا. لاوانی ئەمڕۆ تەنیا دروشم نادەن، بەڵکوو بەرپۆەبەرن. بۆیە پێویستە ئەم ئامادەییە بەرچاوەی لاوان بە هەند وەربگیرێت و بپارێزرێت. ئەم یەکگرتووییە ئەگەر بڕیار بێت بگاتە ئامانج، دەبێ لەسەر شانی لاوان بنیاد بنرێت، نەک تەنیا وەک هێزی شەقام، بەڵکوو وەک: هێزی فکری، هێزی میدیایی، هێزی دیپلۆماسیی نیشتمانی و هێزی ڕێکخستن و پلاندانان.

یەکێک لە مەترسییەکانی یەکیەتییە کاتییەکان ئەوەیە کە دوای ماوەیەک دووبارە ناکۆکییەکان سەرهەڵدەدەنەوە. بۆ ڕێگریکردن لەمە،

دەبێ گوتارێکی هاوبەش بێتە ئاراوە؛ واتە هەموو بەشەکانی کوردستان و هەموو لایەنەکان، لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی ڕێکبکەون:

- بەرگری لە مافی نەتەوەی کورد لە هەر چوار بەشەکە.
- پشتیوانی لە ڕۆژاوای کوردستان لە بەرانبەر هەڕەشەکاندا.
- پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قوربانییانی سەرکوت.
- ڕێزگرتن لە فرەیی سیاسی، بەڵام لەپێشینەدانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان.
- لە هەمووشی گرنگتر: دوورکەوتنەوە لە ناکۆکیی ناوخۆیی. یەکگرتوویی بەو مانایە نییە کە جیاوازییەکان نەمێنن، بەڵکوو بەو مانایەیە کە جیاوازییەکان نەبنە دوژمنایەتی.

هەروەها کوردی دیاسپۆرا تەنیا کۆچبەر نین؛ ئەوان ئەمڕۆ سەرمایەیەکی سیاسیی گەورەن. لە دیاسپۆرا دەکرێت: لۆبی بکرێت، فشاری مافی مرۆڤ دروست بکرێت، دۆسیەی تاوانەکان بەدۆکۆمێنت بکرێت، میدیا جیهانییەکان چالاک بکرێن و حکومەتەکان ناچار بە هەڵوێست وەرگرتن بکرێن. دیاسپۆرا دەبێ ببێتە دەنگی فەرمیی نەتەوەی کورد لە ئاستی جیهانیدا، ئەمەش تەنیا بە کۆبوونەوە نابێت، بەڵکوو بە پلاندانانی سیاسی و میدیایی دەبێت.

لە کۆتاییدا، یەکگرتوویی ئەگەر ئامانجی نەبێت، کەمکەم تووشی داخوران دەبێت. دەبێ ڕوونی بکەینەوە ئەم یەکگرتووییە بۆ چییە؟ بۆ ئازادی؟ بۆ مافە نەتەوەییەکان؟ بۆ بەرگری لە بوونی کورد؟ بۆ داهاتوویەکی سیاسیی گەش؟ کاتێک ئامانج ڕوون بوو، ئەو کات یەکگرتوویی دەبێتە نەخشەی ڕێگا، نەک تەنیا شەپۆلێکی تێپەڕ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لاوان - ڕێکەوتی: ٢ی فێبریوێری ٢٠٢٦

# لە یادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا؛ ڕۆڵی نەوەی نوێ لە پێناسەکردنەوەی سیاسیی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا



لە ٢٢ی ئەپریلی ١٨٩٨، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی "کوردستان" لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر، لەلایەن "میقداد مەدحەت بەدرخان"ەوە بڵاوکرایەوە. ئەم هەنگاوە بە خاڵی وەرچەرخان و بەردی بناغەی ڕۆشنبیری و میدیای کوردی دادەنرێت و بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەناسرێت.

١٢٨ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە و لەدایکبوونی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تێدەپەڕێت، ڕێڕەوێک کە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە خەباتی سیاسیی نەتەوەی کورد. لە یەکەمین بڵاوکراوەکانەوە کە لەنێو جەرگەی سەرکوتدا دەردەچوون، تا دەگاتە ئەمڕۆ کە سۆشیال میدیا بوونەتە گۆڕەپانی نوێی جەنگی گێڕانەوەکان، ڕۆژنامەگەریی کوردی هەمیشە لە چەقی ململانێی نێوان "دەسەڵات" و "ڕاستی"دا بووە. ئێستا ئەم ئەرکە مێژووییە کەوتووەتە سەر شانی نەوەیەک کە لە جیهانێکی ئاڵۆزتردا، بەڵام بە ئامرازی بەهێزترەوە، سەرقاڵی پێناسەکردنەوەی ئەم ڕێگەیەیە.

ڕۆژنامەگەریی کوردی جگە لەوەی ئامرازێک بۆ گواستنەوەی زانیاری بوو، کارەکتەرێکی سیاسی بوو دژی سڕینەوەی ناسنامە، زمان و بوونی نەتەوەی کورد. لەو کەشەی کە داگیرکەرانی کوردستان هەوڵیان دەدا دەنگی کورد کپ بکەن، پێنووس بوو بە چەکێک بۆ مانەوە و خەبات. ئەم نەریتە ئەگەرچی لە شێوەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هێشتا بەردەوامە.

ئەمڕۆ لەم سەردەمەی دیجیتاڵدا، گۆڕەپانی ئەم ململانێیە فراوانتر بووە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چیتر تەنیا ئامرازی پەیوەندی نین، بەڵکوو بوونەتە بەرەیەکی گرنگی جەنگی گێڕانەوەکان. لەم مەیدانەدا لاوانی کورد ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. ئەوان بە مۆبایلەکانیان، ئەو چیرۆک و گێڕانەوانە بڵاو دەکەنەوە کە زۆرجار لە میدیا فەرمییەکاندا سانسۆر دەکرێن یان ڕێگرییان لێ دەکرێت؛ چیرۆکەکانی سەرکوت، نادادپەروەری و خۆڕاگری. ئەم گۆڕانکارییە هاوسەنگیی هێزی میدیایی تا ڕادەیەک بە قازانجی دەنگە پەراوێزخراوەکان گۆڕیوە.

ئەم کەشە، چەندە هەلە، هێندەش هەڕەشەیە. حکومەتەکان و ئەکتەرە سیاسییەکانیش بە باشی لە گرنگیی ئەم مەیدانە تێگەیشتوون و بە بەکارهێنانی ئامرازی مۆدێرن، هەوڵ دەدەن گێڕانەوەکانی خۆیان بسەپێنن. جەنگی میدیایی، بڵاوکردنەوەی بەئەنقەستی هەواڵی چەواشە و دەستکاریکردنی ڕای گشتی، بەشێکن لە واقیعی ئەمڕۆ. لە بارودۆخێکی وەهادا، نەوەی لاوی کورد لە هێڵی پێشەوەی ئەم جەنگەدایە؛ جەنگێک کە تێیدا هەر پۆستێک و هەر هەواڵێک، دەکرێت بەشێک بێت لە هاوکێشەیەکی سیاسیی گەورەتر.

پرسی سەربەخۆیی میدیاییش بووەتە یەکێک لە چالنجە بنەڕەتییەکان. زۆرێک لە میدیا کوردییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی حزب و لایەنە سیاسییەکاندان. ئەم پاشکۆیەتییە، ئەگەرچی لە هەندێک شوێندا بە ناچاری دەبینرێت، بەڵام دەبێتە هۆی سنووردارکردنی فرەڕەنگیی ڕوانگەکان و لاوازکردنی متمانەی گشتی. لەم ناوەندەدا، لاوان بە چوونە نێو کەشی میدیایی سەربەخۆ و ناناوەندی، هەوڵ دەدەن ئەم بازنەیە بشکێنن و دەنگێکی جیاواز بخوڵقێنن.

ئەمڕۆ لاوێکی کورد لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەتوانێت لە یەک کاتدا پەیامنێر، شرۆڤەکار و چالاکوانی سیاسی بێت. ئەم ئاوێتەبوونی ڕۆڵانە، ئەگەرچی توانای کاریگەریدانان زیاد دەکات، بەڵام مەترسیی لەنێوچوونی سنووری نێوان هەواڵ و هەڵوێستی سیاسیشی لەگەڵدایە. لە کاتێکدا کۆمەڵگەی کوردستان ڕووبەڕووی چالێنجی سیاسیی ئاڵۆز بووەتەوە، پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان "دەروەستیی سیاسی" و "پرەنسیپە پیشەییەکانی ڕۆژنامەگەری"، بووەتە یەکێک لە سەختترین ئەرکەکانی نەوەی نوێ.

ئەوەی نابێ لەبیری بکەین ئەوەیە، زمانی کوردیش وەک ڕەهەندێکی سیاسی-فەرهەنگی لە چەقی ئەم گۆڕانکارییانەدایە. بەکارهێنان یان بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لە میدیاکاندا، چیتر تەنیا هەڵبژاردنێکی زمانەوانی نییە، بەڵکوو هەڵوێستێکی سیاسییە. لە جیهانێکدا کە گوشار بۆ یەکدەستکردنی فەرهەنگی هەیە، هەر دەقێکی کوردی دەکرێت وەک کردەیەکی بەرگری سەیر بکرێت. لەم بوارەدا ڕۆڵی لاوان یەکلاکەرەوەیە: ئەوان دەتوانن یان ببنە هۆی لاوازکردنی زمانەکە،

یان بیکەنە ئامرازێکی مۆدێڕن و زیندوو بۆ دەربڕینی داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

١٢٨ ساڵ دوای دەستپێکردنی ئەم کاروانە، ڕۆژنامەگەریی کوردی هێشتا گیرۆدەی هەمان پرسیارە بنەڕەتییەکەیە: چۆن دەکرێت لە بارودۆخێکی نایەکساندا، ڕاستی بگێڕدرێتەوە؟ وڵامی ئەم پرسیارە زیاتر لە هەر کاتێک بە نەوەی لاوەوە بەستراوەتەوە. نەوەیەک کە لەنێوان گوشارە سیاسییەکان، جەنگی گێڕانەوەکان و گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیادا، دەبێ ڕێگەیەک بۆ پاراستنی ڕاستگۆیی، سەربەخۆیی و ناسنامە بدۆزێتەوە.

ئەمڕۆ هەر لاوێکی کورد کە دەنووسێت، تەنیا دەقێک بڵاو ناکاتەوە، بەڵکوو بەشداری لە خەباتێکی مێژووییدا دەکات. خەباتێک کە لە لاپەڕە کاغەزییەکانەوە دەستی پێ کرد و ئێستا لە لاپەڕە دیجیتاڵییەکاندا بەردەوامە. داهاتووی ئەم خەباتە نەک لە دەستی دامەزراوەکان، بەڵکوو لەدەستی لاوانی هۆشیار و بەهەڵوێستە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لاوان - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢٦

---

## پەیامی "بێهزاد قادری" سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان، بە بۆنەی ۸۳یەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراو



لە هەشتا و سێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، جەخت لە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر دەکەینەوە: ئەم ڕێکخراوە لە ناخی پێویستییەکی مێژوویی و وەک وڵامێک بۆ تێکۆشان لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد سەری هەڵدا و تا ئەمڕۆش لەسەر هەمان ڕێبازی خۆی بەردەوامە. لە درێژەی ئەم چەند دەیەی ڕابردوودا، سیاسەتە سەرکوتکەر و داگیرکەرەکان لە ئێراندا نەیانتوانیوە خواست بۆ ئازادی، دادپەروەری و مافی دیاریکردنی چارەنووس لەناو ببەن. یەکیەتیی لاوان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردستان، هەمیشە ڕۆڵێکی کارای لە ڕێکخستن، هۆشیارکردنەوە و بەهێزکردنی گوتاری سیاسیی نەوەی نوێدا گێڕاوە.

ئەمڕۆ، لە کاتێکدا ناوچەکە تووشی جەنگێک بووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگیرسێنەریەتی، پرسی کورد وەک پرسێکی چارەسەرنەکراو ماوەتەوە. ئێمە لەو بڕوایەداین کە بەبێ دانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا، هیچ سەقامگیرییەکی بەردەوام لە ئێران و ناوچەکەدا نایەتە ئاراوە. لاوانی کورد وەک هێزێکی پێشەنگ، ئەرکیانە بە پشتبەستن بە ئەزموونی مێژوویی و بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی سیاسی و مەدەنی، درێژە بە خەبات لە پێناو دێموکراسی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و یەکسانیدا بدەن و لە بەرانبەر هەر چەشنە پرۆژەیەکی نکۆڵیکردن و سەرکوتدا ڕاوەستن.

لەم ساڵیادەدا، وێڕای پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەری، ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان، لەسەر بەردەوامیی خەباتی ڕێکخراوەیی و ئامانجدارمان جەخت دەکەینەوە. پاشەڕۆژی کوردستان گرێدراوە بە ئیرادە و هۆشیاریی نەوەی لاوەوە؛ ئەو نەوەیەی کە دەبێ بە یەکگرتوویی، بەرپرسیارێتی و تێگەیشتنێکی قووڵ لە بارودۆخی سیاسی، ڕێگەی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکان خۆش بکات. یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک هەمیشە خۆی بە پابەندی ئەم ڕێبازە دەزانێت و پێداگری لەسەر ڕۆڵی مێژوویی لاوان لە بنیاتنانی داهاتوویەکی ئازاد و دێموکراتیکدا دەکاتەوە.

بێهزاد قادری

سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦ی کوردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی لاوان - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠٢٦

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

---






سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ بێهزاد قادری بۆ ئامادەکردنی دیمانە، وتارو لێداونەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

